# دەربارەی
# ڕەخنەی مێژوویی

## چەند ووتارێکی ڕەخنەی مێژوویی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
شێرکۆ عادل دەباغ

٢٠٢٣

ناوی کتێب:
# دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی،
## چەند ووتارێکی ڕەخنەی مێژوویی

بابەت: وتاری ڕەخنەی مێژوویی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : شێرکۆ عادل دەباغ
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ هەزار دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٧٠٢ ) ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

# دەربارەی
# ڕەخنەی مێژوویی

## چەند ووتارێکی ڕەخنەی مێژوویی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
شێرکۆ عادل دەباغ

٢٠٢٣

# پێڕست

پێشەکی............جووتیار ئەحمەد.......................................٧

کورتە ڕەخنەیەک لە کتێبی: کورد کێیە-ی سۆران حەمەڕەش، نووسینی: دکتۆر زەکەریا ( هێرش ) قادری لە ڕۆژهەڵات ، لە سایتی ؛ ئاسۆی ڕۆژهەڵات لە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠١٦ یە ..............................٣٣

دەربارەی کتێبی کورد کێیە، مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد ، نووسینی شێرکۆ عادل دەباغ لە ١/ ٢٠٢٣ لە واڵی تایبەتی...........................٥١

نامەیەک بە زمانی سۆمەری و نوسینی چیلکەیی(مێخی):
چ نووسەرێکە ئەوکەسەی سۆمەری نەزانێ و بەناوی سۆمەریەکانەوە قسەبکات.............................................٧١

مێژووی کورد بە نەشارەزایی و چاوێکی نوقاوەوەی نانووسرێتەوە!
چەند تێبینی و سەرنجێک دەربارەی پێشەکی کتێبی (کورد کێیە؟/ مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد)، نووسینی: پ.ی.د. دڵشاد زاموا، دکتۆر زامووا ٢٠٢٣.............................................٨١

وەڵام دانەوەی زانستی بێ هەڵچون جوانە ، دکتۆر زاموا ٢٠٢٣ ، لەگەڵ
کۆمێنتی شاسوار هەرشەمێیی بۆ دکتۆر زاموا دەربارەی ڕەخنەکانی ،
هەروەها کورتەی هەندێ ناونیشانی لێکۆڵەنەوەکانی دکتۆر زاموا دەربارەی
سەرەتاکانی نووسین ............................................... ١٢٣

مێژووی بزری کورد، یاخود بزرکردنی مێژووی کورد،
نووسینی دەشتی مەحمود ٢٠٢٣- لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی
ژمارە ٢٠١٥......................................................... ١٦٧

سەرنجە کوورتەکانی نووسەران........................................... ١٩٥



**پێشەکی بە پێنووسی :**
**جووتیار ئەحمەد**

# ناسیۆنالیزم لە سەر بنەمای جیۆگرافی یا بنەمای زمان

جوتیار ئەحمەد

**ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە قوڵایی بڕوانێت دواجار قوڵایی لەو دەڕوانێت. ئاگاداربە کاتێک شەڕی دڕندە دەکەیت، خۆت نەگۆڕێیت بۆ دڕندە!**

نیتچە

مێژوو زۆربەی جار درۆمان لەگەڵ دەکات و لەسەر درۆ بنیاد دەنرێت، بەهێزەکان دایدەڕێژن بە تایبەتی مێژووی کۆن، بەڵام شوێنەوار-ئارکۆلۆژیا لەسەر فاکت بنیاد دەنرێت. هەر لەبەر ئەو مەبەستە من لێرەدا تەنها لە ڕێگەی ئارکۆلۆژییە قسە دەکەم.

کۆکردنەوەی ئەم وتارە ڕەخنەییانە لەم کتێبەدا هەوڵێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شەپۆلە پۆپۆلیزمیەی کە لەم سەردەمەدا بەهۆی کاریگەری سۆشیال میدیا و ئینتەرنێتەوە، هەندێک نووسەر وەک مۆدێل دروستیان کردووە، ئەو نووسەرانە دەیانەوێت لە ڕێگەی خۆ دەرخستنیان لە سکرینەکانی سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە ختوکەی هەستی خەڵک بدەن، چونکە ئەوان دەزانن چۆن هەستی خەڵک بجولێنن، هەربۆیە دێن بە زمانێکی حەماسی و کاریگەر باسی بابەتێک دەکەن کە خەڵک حەزی لێیەتی شارەزایی تێدا نیە، بەڵام ئەو باتە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، واتا نووسەرەکە هیچ زانستێک پێشکەش ناکات، بەڵکو تەنها زانیاری دەدات، زانیاریش مەرج نییە ڕاست بێت!. گرنگترین کارێک نووسەرەکانی ئەم وتارە ڕەخنەییانە کردبێتیان ئەوەیە کە شوێن مێگەڵ نەکەوتوون و جورئەتیان هەبووە بڵێن کتێبی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد (نووسینی سۆران حەمەڕەش) نووسینێکە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، کتێبەکە خۆی کارەساتێکە کە دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت. نووسەرانی ئەم وتارە ڕەخنەییانە

ئەوەندە جورئەت و زانستەیان هەیە وەک ئەفەندی و چاکەتوپانتۆڵ لەبەرەکانیتری زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان نەچنە ناو هۆڵی ئەو سیمینارانەوە کە بۆ نووسەری کتێبی ناوبراو ئامادە کراوە، تاوەکو بە چەپڵە لێدان بەهای ئەم کتتێبە بێبنەمایە بەرز بنرخێنن.

لە دنیای نووسیندا دوو جۆر نووسین گفتوگۆ-دیبەت debate دروست دەکات، یەکێکیان نووسینی باشە ڕوانینی نوێ دێنێتە کایەوە، ئەویتریشیان نووسینی خراپە کە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان و بەهەمان شێوە دیبەت دروست دەکات. خۆش حاڵم کە ئەم کتێبەی کاک سۆران توانیتی ئەم وتارە ڕەخنەیانە دروست بکات، لە هەمان کاتیشدا پێمناخۆشە کتێبەکە ئەوندە خراپە. ئەگەرچی زمانی نووسەرەکان زۆرجار زبرە، بەڵام هەمیشە باسی باتەکانی ناو کتێبەکە کراوە نەک کەسایەتی نووسەری کتێبەکە، لە ڕێگەی ئەم وتارە ڕەخنەییانەوە خوێنەر دەتوانێت سەبارەت بە باتەکانی ناو کتێبەکە بەرچاو ڕوونییەکی هەبێت.

ئەو نووسەرانەی لەم کتێبەدا بەشدارن بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی: کاک سۆران ئاگای لە بواری ئارکۆلۆژیا نییە. دکتۆر هێرش قادر زۆر بە ڕوونی باسی ئەوەی کردووە کە لێکچوونی وشە و دەربڕین لە نێوان زمانەکاندا بە مانای نزیکی و پەیوەندی قوڵی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە نایات. هەروەها زۆر بەوردی باسی کێشەکانی پەیوەست بە مێژووی مادەکان و هاخامەنشینیەکانی کردووە، کە کاک سۆران لە کتێبەکەدا باسی کردوون.

کاک شێرکۆ عادل زۆر باش لە بارەی ئەوەوە دواوە کە کاک سۆران ئاگای لە زمانی سۆمەری نییە، هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە نابێت کۆمەڵە بچووکەکانی سەردەمی نیۆلیسیک پەیوەست بکەین بە سۆمەرییەکانەوە. لە هەمان کاتدا کاک شێرکۆ،

دکتۆر دڵشاد زاموا و کاک دەشتی مەحمود زۆر باش توانیویانە باسی ئەو زمانە پچڕپچڕ و بێسەوربەرەیە بکەن کە کاک سۆران پێینووسیوە، زمانێک کە توانای ڕوونکردنەوەی نییە، چونکە هەمیشە لە زانیاریدا کورت دەهێنێت، ئەم سێ نووسەرە کورت و پوخت وەک زمانەکەی خودی کاک سۆران خۆی جوابیانداوەتە.

کاک شاسوار هەرشەمی بە چەند پەرەگرافێکی کورت ئەوە دەخاتە ڕوو کە ناکرێت هەموو ئەو گروپ و کۆمەڵانەی ناوچەکە کە پێش چەند هەزارساڵێک پێش ئەکەدییەکانیش لە ناوچەی میسۆپۆتامیادا ژیاون بیانکەینەوە کورد، ناکرێت تەنها لە ڕێگەی لێکچوونی ژمارەیەکی کەم لە وشە و دەربڕین هەموو ئەو گروپ و کۆمەڵانە بکوردێنین.

بە بۆچوونی من و نووسەرانی خاوەنی ئەم وتارە ڕەخنەییانە کاک سۆران هیچ لە بواری ئارکۆلۆژیا نازانێت و لێیتێنەگەیشتووە، کاک سۆران باسی ئەوە دەکات کە بۆچوونە کۆنەکانی لە بارەی مێژووی کوردەوە هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام کاتێک لە بارەی سۆمەرییەکانەوە دەنووسێت، جگە لە دەنیز شماندت بێسەرات نابینم سەرچاوەیتری لێکۆڵەرەوە گرنگەکان بەکار بهێنێت کە لە ناوچەکەدا ئیشیان کردووە و لەبارەی سەردەمی ئورک و خەڵکی سۆمەرەوە نووسیویانە، تۆ کاتێک بۆچوونە کۆنەکان هەڵدەوەشێنیتەوە دەبێت بزانی بە چ ئامراز وکەرەسەیەک هەڵیدەوەشنیتەوە، دەبێت بزانی کێ و کێ لەو بوارەدا خەریکی ئیشن، ناکرێت ئەوەندە خۆ پەرست بیت بڵێی ئەوە تەنها منم بۆ یەکەم جار ئەم بابەتانە دەدۆزمەوە و دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەر.

کاک شاسوار هەرشەمی بە ڕستەیەک باسی گرنگی لایەنی جیۆگرافی کردووە، بەڵام نەهاتووە باشتر ڕوونی بکاتەوە، چونکە

ئەوەی من درکی پێدەکەم کاک سۆران لەبەر ئەوەی ئاگای لە زانستی ئارکۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆژی نییە هەربۆیە لە گرنگی جیۆگرافی، کۆچکردن و زانستی DNA تێناگات کە چەند گرنگن بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کۆن.

لە خوارەوە دەستدەکەین بە ڕوونکردنەوەی هەڵە سەرەکییەکەی کتێبی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، کە کردوویەتی بە قورسایی ناوەڕۆکی کتێبەکەی و بنەماغەکەی لەسەر بنیاد ناوە ئەوەیش کورداندنی سۆمەرییەکانە.

سەردەمی کالکۆلیسیک -Chalcolothic (سەردەمی مسین، هەروەها Eneolithic یشی پێدەوترێت) ٥٣٠٠ ساڵ پێش زایین تا قۆناغی کۆتایی سەردەمی ئورک ٣١٠٠ پێش زایین، ئەو سەردەمەیە لە میسۆپۆتامیادا یەکەمین دەرکەوتنی شارستانییەت گەشە دەکات و خۆی مەنیفێست دەکات، واتا شار، بیرۆکراتی و نووسین. ئەم گەشەکردنەش لە تەنها قۆناغێکدا ڕووی نەداوە، بەڵکو بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لە لایەن تەنها نەژادێک و کۆمەڵە خەڵکێکیشەوە ڕوویـنـەداوە، بەڵکو چەند نـەژادێک و چەند گروپ وکۆمەڵە خەڵکێک دەستیان هەبووە لە بنیادنانی ئەم شارستانییەتەدا. گەشەکردنەکان لە باشووری میسۆپۆتامیا ئاشکران، چونکە بۆ ماوەی زیاد لە سەد ساڵە لە باشووردا کاری کنەوپشکنینی زانستی ئەنجامدەدرێت، واتا کلتوور و ماتەریاڵی هەر دوو سەردەمی عوبەید و ئورک زۆر باش خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە (عوبەید سەرەتای سەردەمی کالکۆلیسکە و ئورک کۆتایی سـەردەمـی کالکۆلیسیکە). ئـەوەی لە بـارەی شـارەوە دەیزانین لە سەردەمی ئورکەوە بۆ مان دەرکەوتووە بە تایبەتیش شاری-نشینگەی ئورک، هەروەها نشینگەی ئەریدۆ، هەر دووکیان

زەوییەکانی ناوچەی سۆمەرن لە باشووری میسۆپۆتامیا. بنەمای پێکهاتە کلتوورییەکانی ئورکیش بە تەلارسازی و ماتەریاڵیشەوە بناغەکەیان لە سەردەمی عوبەیدایە، واتا بەبێ گەڕانەوە بۆ کلتووری عوبەید ناتوانین لە ئورک و شارستانییەتەکەی تێبگەین، بە دڵنیاییەوە عوبەیدیش هەر لە باشوور دەرکەوتووە. لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستدا تا ڕادەیەک کلتووری شارنشینی و شارستانییەت بەهۆی کنەوپشکنینە زۆرەکانەوە لە بەشەکانیتری میسۆپۆتامیا کە دەکەونە دەوڵەتانی مۆدێرنی سوریا و تورکیاوە ڕوون بۆتەوە، بەڵام لە کوردستانی عێراق کە بەشێکی گرنگی باکوری میسۆپۆتامیایە، هەروەها خاوەنی کلتووری چیاکانی زاگرۆسە کە پەیوەندییەکی قوڵی بە میسۆپۆتامیاوە هەیە، هێشتا بەتەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە، چونکە ئەم ناوچەیە بەردوام مەیدانی جەنگ و شەڕ بووە، هەربۆیە لە بار نەبووە بۆ کاری کنەوپشکنین لە لایەن تیمە بیانییەکانەوە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕێژمی بەعس بە دیاریکراویش دوای ٢٠٠٦ دۆخێکی لەبار هاتە کایەوە بۆ کاری کنەوپشکنین لە لایەن تیمە بیانییەکانەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەنجامی کاری کنەوپشکنینەکانی کوردستانی عێراق لە داهاتوودا ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە گۆڕینی مێژوو و تێگەیشتنمان بۆ پێش مێژووی ناوچەکە، هەرچەندە لە ئێستاوە دەست کراوە بە خستنە ڕووی لێکۆڵینەوەکان لە لایەن شارەزایانی تیمە بیانی و ناوخۆییەکانەوە.

کاتێک لە پێش مێژووی ناوچەی میسۆپۆتامیا و ئەو وڵاتە مۆدێرنانەی کە لە ئێستادا کەوتوونەتە سنورەکەیەوە ورد دەبینەوە، چەند ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێت، یەکەم: لە پێش مێژوودا هیچ سنوورێک نەبووە لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا،

هەر بۆیە ناوچەکان لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدا بوون لەگەڵ یەکتردا. دووەم: لە پێش مێژوودا شتێک نەبووە بە ناوی خەڵک یا نەتەوەی کورد،عەرەب و فارس یا هەر نەتەوەیەکی تری ناوچەکە، یا نەژادێکی دیاریکراو. سێیەم: دەوڵەتانی مۆدێرنی ناو سنووری میسیۆپۆتامیا هەمیشە هەوڵیانداوە خۆیان بکەنە خاوەنی شارستانییەکانی ناو سنوورەکە، ئەمەیان لە ناوخۆی وڵاتدا بۆ کراوە و میللەتی خۆیان بەو خەیاڵەوە پەروەردەکردووە، بەڵام لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی وڵاتانی خۆرئاوادا (ئەوروپا و ئەمەریکا) نەیانتوانیوە هەمان بەرنامە جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە سۆمەرییەکان بە ڕەچەڵەک تورک بوون لە ناوچەکانی تورکیاوە کۆچیان کردووە بۆ باشووری عێراق، ئەمە جگە لەوەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا چەندین وڵات هەن کە هەمان بانگەشە دەکەن، بەڵام هیچیان وەک ئەوەی تورکیا کۆمیدی نییە، چونکە تورکەکان خۆیان لە شوێنێکیترەرەوە هاتوون و خاکی تورکیای ئێستایان داگیر کردووە. زۆر وڵات و نەتەوەیتری ناوچەکەش دەیانەوێت لە ڕێگەی لێکچوونی وشە و ڕستەوە خۆیان بکەنە خاوەنی سۆمەرییەکان، واتا لە زمانی ئێستایاندا هەندێک وشە و ڕستە هەیە بەهەمان شێوە لە سۆمەریشدا هەیە، دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە لێکچوون بدۆزنەوە.

ئەم نووسینەی من تەنها لەسەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی کاک سۆران حەمە ڕەشە لە بارەی سۆمەرییەکانەوە. نووسەر لەم کتێبەدا زۆر بە ئاسانی و بێ گرێوگۆڵ ئەو کێشە و پرسیارانە چارە سەر دەکات کە سەدەیەکە لێکۆڵەرەوانی بواری زمانە کۆنەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئەویش کێشە و پرسیاری سۆمەرییەکانە Sumerian question، تەنها بەڵگەش لێکچوونی

هەندێک وشە و دەربڕینە، کە زۆربەیانی بە زۆر کورداندووە.

تەنها قسەی سۆران حەمە ڕەش ئەوەیە کە ڕەخنەگرەکانی کەسانێکی بەغیلین وەک ئەویان پێناکرێت. هەر بۆ ئەو مەبەستە من تەنها شرۆڤە کردنێکی کورت بۆ پێش مێژووی میسۆمپۆتامیا دەکەم, تاوەکو ئەو خوێنەرەی کە کتێبەکەی خوێندۆتەوە خۆی تێبگات و ببێتە ڕەخنەگر، نووسینەکەی من بە گوێرەی تازەترین سەرچاوەکان نووسراوە کە لە کنەوپشکنینە ئارکۆلۆژییەکانەوە بەرهەم هاتوون.

پێویستە ئەوەش بڵێم بۆ پاراستی شکۆی نووسینی کوردی لەبارەی مێژوویی خۆیەوە نە دەبوو ئەو کتێبە بە ئینگلیزی بڵاو بکرێتەوە، من وەک خۆم بەغیلی پێدەبەم کە چۆن جورئەتی هەیە وەها کتێبێکی ناوەڕۆک خراپ بڵاو بکاتەوە، لە چەند سەد لاپەڕەیەکدا (٣٥١ لاپەڕە) مێژووی زیاد لە دە هەزار سالی کورد بنووسێت، بە دڵنیاییەوە من تەنها قسەم لەسەر بەشی پێش مێژووی هەیە کە تەواو نووسینێکی خراپە. لە دنیای خۆرئاوا و هەروەها خۆرهەڵاتی ناوینیشدا نووسەرانێک هەن باسی بواری ئارکۆلۆژیا-شوێنەوار و پێش مێژوو دەکەن، کە هەرگیز وەرزێک یا بۆ ماوەیەکی کورت بە پراکتیکی کاری کنەوپشکنینیان نە کردووە تاوەکو لەم بوارەوە تێبگەین، ئەو جۆرە نووسەرانە دەوترێت ئارکۆلۆژیست-شوێنەوارناسی سەرکورسی Armchair Archaeologist.

کتێبەکەی کاک سۆران نووسینێکی خراپە لەبەر ئەوە نا کە دەڵێت سۆمەرییەکان کورد بوون، ئەم بانگەشەیە مافی خۆیەتی، بەڵکو کێتێبێکی خراپە لەبەر بێسەروبەرەیی و کەمی توانای شرۆڤەکردنە، لەبەر ئەوەی بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژی،

زانستی دیئێنئەی و ئارکۆلۆژی دەڵێت سۆمەرییەکان کوردبوون، ئەو هاتووە بە زمانێکی حەماسی و پڕ گلەیی دەنووسێت، هەر ئەو زمانەشە سەرنجی خوێنەری بێ ئاگای ڕاکێشاوە. نووسینێکی زۆر نازانستی و پچڕ پچڕە بەزۆر پەیوەندی لە نێوان پەرەگرافەکاندا دروستکردوو، پێشەکیەکەی وەک ئاکارێکی کوردانە کە بەردەوام خۆی بە بەشخوراو دەزانێت پڕە لە بۆڵە بۆڵ گوایە بێگانەکان بەشی کوردیان خواردووە و مێژووەکەیان شێواندووە. تەنها هێڵێکی گشتی لە کتێبەکەدا کە خوێنەر تێیبگات ئەوەیە نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێت بڵێت کورد بنەمای شارستانییەتی پێش شارەکانی سۆمەر دارشتووە، سۆمەرییەکانیش بە بنەچە کوردن، چونکە چەند وشەیەکی کوردی لە ناو زمانی سۆمەریدا هەیە، هەروەها دەیەوێت بڵێت ئەوەی تا ئێستا لە بارەی کوردەوە نووسراوە و وتراوە هەمووی هەڵە و غەدرە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کاتێک دەڵێت سۆمەرییەکان کورد بوون، نابێت هەر وا لەگەڵ وشە و دەربڕینی لێکچووی نێوان سۆمەری کورد بە سادەیی تێپەڕێت، بەڵکو بەڵگە و ئەرگومێنتی زانستی دەوێت، کە من لە خوارەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی دەدەم.

کاتێک باسی پێش مێژوو و سۆمەرییەکان دەکەین، ناتوانین باسی نەتەوە بکەین تەنها دەتوانین باسی جیۆگرافی بکەین، واتا دەتوانین بڵێین لەو سەردەمانەدا خەڵکانێک لەم ناوچەیدا ژیاون، هەروەها ناشتوانین باسی زمانی مۆدێرن بکەین، چونکە لە نێوان زمانەکانی دنیادا هەمشە پەیوەندی و لێکچوون هەبووە و هەیە (لە خوارەوە پەیوەندی نێوان گروپ کۆمەڵگەکان ڕوونکراوەتەوە). کاک سۆران نەیتوانیوە پێناسە و شرۆڤەی دوا قۆناغی چاخی بەردین یا چاخی بەردینی نوێ Neolithic بکات کە لەو چاخەدا

جێگیربوونی مرۆڤەکان بە هۆی دەستەمۆکردنی ئاژەڵ و ڕووەکەوە ڕوودەدات و گوند دروست دەبێت، کە لە ١٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە دەست پێدەکات، ئەمەش بنەمایەکە بۆ دروستبوونی شار لە چەند هەزار ساڵێک دواتردا. هەروەها نەیتوانیوە شرۆڤەی سەردەمی ئورک بکات کە لەو سەردەمەدا شار دێتە کایەوەو بیرۆکراتی و نووسین دەردەکەون، بەبێ تێگەیشتن لە سەردەمی ئورک و ببیرۆکراتییەکەی زۆر زەحمەتە لە سۆمەرییەکان و بیرۆکراتی و سیسیتەمی نووسینەکەیان تێبگەین.

لە ڕووی زانستییەوە هەموو نەتەوە و دەوڵەتەکانی ئێستای ناوچەکانی میسۆپۆتامیا کاتێک باسی پێش مێژوو یا مێژووی کۆن دەکەن تەنها دەتوانن باسی جیۆگرافی بکەن، عەرەبی عێراق ناتوانن بڵێن سۆمەرییەکان عەرەب بوون، تورکەکان ناتوانن بڵێن خەڵکانی گۆبەکلی تەپە تورک بوون، سورییەکان ناتوانن بڵێن خەڵکی تل براک عرەبی سوریا بوون، بۆ نموونە ئێمە وەک کورد دەتوانین بڵێین شوێنەواری چەرموو و بەردە بەلکە و هەر دوو ئەشکەوتی شانیدەر و هەزار مێرد دەکەونە ناو سنوری ئەو جیۆگرافیایەی کە ئێستا ناوی کوردستانە، هیچ کات ناتوانین بڵێین ئەو گروپ و خەڵکانەی لەو کاتەدا لەو ناوچانە ژیاون دیئێنئەیەکەیان لە سەدا هەشتاش کورد بووە نەک لە سەدا سەد، لە تازەترین کاری کنەوپشکین و لێکۆڵینەوەی ئەشکەوتی شانیدەر کە ئێسکەپەیکەری تێدا دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢،٥٠٠ هەزار ساڵ، ڕێژەی کورد بوونەکەیان ناگاتە لە سەدا شەست.

مرۆڤی ئاقڵ Homo Sapiens لە دەوروبەری پێش ٣٠٠،٠٠٠ ساڵەوە هەوڵیداوە ئەفەریقا جێبهێڵێت و بە ناوچەکەدا بڵاو بۆتەوە، نیاندەرتاڵەکان لە دەوروبەری ٤٠،٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا وەک

گروپ لە ناوچوون، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ئاسیا ڕەچەڵەکیان ماوە، واتا بە تەواوەتی لە ناونەچوون، هەندێکیان دەربازیان بووە و توانیویان لەگەڵ هۆمۆساپینسدا بژین، هەر بۆیە نیادەرتاڵەکان لە ناو هۆمۆساپینسدا ون بوون یا ئەسمیلە بووە.

ئاشکرایە کە DNA یەکەمین مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەفەریقا، ئەمەش بە Eve hypothesis ناسراوە، کاتێک گروپەکانی مرۆڤ لە ئەفەریقا دەردەچن بەشوێن ناوچەی باشتردا دەگەڕێن، کە دەگەنە خۆرهەڵاتی ناوین، یەکەمین شوێن کە دەیکەنە خانەخوێی خۆیان Shuwayhitiyah یەیە لە باکوری سعودییە.

لە خۆرهەڵاتی ناوین گروپەکانی مرۆڤ سەرەتا لە چاخی بەردینی خوارووداLower Palaeolithic ٥٠٠،٠٠٠-١٠٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین لە دەشتاییەکاندا جێگیر دەبن، پاشان لە چاخی بەردینی ناوەنداMiddle Palaeolithic ١٠٠،٠٠٠-٤٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین هەڵدەکشێن بۆ ئەشکەوت و چیاکان، دواتر لە چاخی بەردینی سەرووداUpper Palaeolithic ٤٠،٠٠٠-١٠،٠٠٠ ساڵ دادەبەزن بنارەکان، لە چاخی بەردینی کۆتاییدا واتە دواهەمین قۆناغی چاخی بەردین Neolithic کە لە ١٠،٠٠٠ پێش زایینەوە دەست پێدەکات، دێنە دەشتاییەکان واتا خوار بنارەکان، هەموو ئەم شوێن گۆڕینانەش بەهۆی گۆڕانی ژینگە و بارودۆخەوە بووە، واتا فشاریان لەسەر بووە جا یا فشاری مرۆیی یا فشاری ژینگەیی، فشاری مرۆیی واتا لە ناوچەیەکدا جێگەیان نەبۆتەوە بەهۆی کێشە و زۆربوونی خەڵکەوە، ناچار بوون شوێنیتر بدۆزنەوە.

هەر بە گوێرەی ئەوەی لە سەرەوە وتمان دواتر دابەزیون بۆ ناوچە نزمەکان و باشوور,(Matthews, R. 2000: 15)

(22-23. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کاتێک DNA ی یەکەمین مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ئەفەریقا، ئاساییە DNA سۆمەرییەکانیش خەڵکی ئەو ناوچەیە بن کە ئێستا بە کوردستان ناسراو یا خەڵکی چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس، بەڵام ناتوانین بڵێین کورد بوون بەپێی تێگەیشتنی ئەم سەردەمە. لە سەردەمی ئورکدا چەندین کۆمەڵە، گروپ و نەژاد لە بەر لەباری دۆخی ئەو کاتی باشووری میسۆپۆتامویا لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە بۆ ناو سنووری ناوچەکە.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، سوڕی بازنەیی کۆچ و جووڵەی گروپە بچووکەکانمان لە چاخەکانی پێش جێگیربوون و گونددا نیشاندەدات، دواتریش کۆمەڵگە بچووکەکان لە چاخی نیۆلیسکیدا، کەواتە مرۆڤ، گروپ و کۆمەڵگە بچووکەکان هیچ کات بۆ سەردەمێکی مێژووی درێژ لە شوێنێکدا نەماونەتەوە، بەڵکو بەپێی سەدە و هەزارەکان بەردەوام لە جوڵەدا بوون (بەهۆی فشاری مرۆیی و ژینگەییەوە) لە ئەنجامی ئەم جوڵەیەشدا نەژادەکان تێکەڵبوون و بەگوێرەی ئاوهەوا و ژینگەی ئەو ناوچەیی کۆچیان بۆکردووە ڕوخسار و خوێنیان گۆڕاوە. هەر لە ئەنجامی ئەو کۆچ و شوێن گۆڕینەوە کلتوور و شارستانییەکان گوێزراونەتەوە و کاریگەریان خستۆتە سەر یەکتر. وەک پێشتر وتمان لە ڕووی زانستییەوە مرۆڤەکان کاتێک شوێن و ژینگە دەگۆڕن، گۆڕان بە سەر جینۆم Genomes دا دێت، واتا ڕەنگی پێست، ڕوخسار، ڕەنگ و جۆری قژی مرۆڤ بەپێی ئەو ژنیگەیەی کۆچی بۆ دەکات یا تێیدا دەژی دەگۆڕێت.

بە گوێرەی زانستی DNA کە جینۆم بەشێکە لەو شتێک نییە بە ناوی نەژادێکی پاک و بێگەرد. ئێمەی مرۆڤ هەریەکەمان لە

ئەویترەوە دروست بووین. لەو کاتەوەی مرۆڤ پێش ٣٠٠،٠٠٠ ساڵ کۆچی کردووە بۆ خۆرهەڵاتی ناوین و لە دەرەوەی ئەفەریقا بڵاو بۆتەوە، تا سەردەمی سۆمەرییەکان چەندین کۆچی بە کۆمەڵی گەورە و بچووک ڕوویداوە و گروپ و نەژادەکان تێکەڵبوون، ئەمە جگە لەوەی کۆچی خێزان و بنەماڵەکان بە بەردەوامی هەبووە و تاوەکو ئێستاش هەیە، لە پێناو ژیانی باشتر و شوێنی ئارامتر. هەر بۆیە لێرەوە لە تێکەڵبوون و کۆچکردنی مرۆڤەکانەوە تێدەگەین شتێک نییە بە ناوی ڕەگەز یا نەژادێکی بێگەریدی یەک جۆر DNA.

چەند ڕەگەزێکی سەرەکی هەن وەک ئاسیایی، ئەفەریقایی، قەوقازی، هیند، ئاری، نۆرس، بەڵکان و ئیبری. بۆ نموونە ئەو ڕەگەزانەی باسمانکردن دەچنە دەستەبەندن-چینی نەژاد ethnic. ئێمە لێرەدا زانا و لێکۆڵەری بواری مرۆڤناسی-ئەنسرۆپۆلۆژیمان هەیە، بە هاوکاری شوێنەوارناس کە کنەوپشکنین دەکات و لێکڵینەوەکان ڕێکدەخات وێنەیەک لە بارەی شارستانییەتەوە نیشاندەدەن.

جینۆم تەواوی پێکهاتەی DNA (genetic material) ی زیندەوەرێکە، لە مرۆڤدا لە هەر خانەیەکی جەستەدا کۆپییەکی تەواوی جینۆم هەیە، جینۆم کیمیایەکی پاکوبێگەردە زانستێکی تەواو وردە، حاڵەتی ڕوودانی هەڵە لە لایەنی جینەتیکدا زۆر بە دەگمەنە و بەگشتی ڕاست دەردەچێت.

چەند جۆرێک تاقیکردنەوەی DNA هەیە وەک: autosomal, mitochondrial and ydn

لە ئۆتۆسۆماڵدا تاقیکردنەکە بە لیکی ناو دەم دەکرێت واتا لە لیکەوە وەردەگیرێت، لێرەدا خەمڵاندنی نەژادی لە سەر بنەمای

دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەیەک بنیادنراوە (هەروەها نموونەکان samples لە ئێسکەپەیکەری بە بەردبوو fossil، لە مردو و مرۆڤی مۆدێرنیش وەردەگیرێت). ئەو هەڵەیەی ڕوودەدات لە سەدا دوو بۆ پێنجە ٢-٥٪ واتا ڕێژەیەکی زۆر کەمە. دیئێنئەی ئۆتۆسۆمال جووتەکانی کۆرمۆسۆمی ئەو داتا خامانە شیکاری دەکات مۆدێلێکی نەژادی لەسەر بنەمای ڕێژی سەدی دروست دەکات. بە داخەوە ئەمە بەو واتایە نییە کە تەنانەت ئەگەر ڕێژەکە لە ١٠٠٪ بێت ئەوا مرۆڤەکە پاکە و هیچ تێکەڵییەکەی لەگەڵ نەژادەکانیتردا نییە، واتا ئەگەر تاقیکردنەوەکە لە نەژادی دانیشتوانی لۆکاڵ-ناوچەییەیشەوە بێت. کاتێک ڕێژەی کەسێک ئەفەریقی لە سەدا سەد بێت واتای پاکترین نەژاد نادات.

دیئێنئەی Mitochondrial جۆرێکە لە شیکاری دیئێنئەی کە تەنها لە مێیینەوە بۆ هەرد و مێینە و نێرینە دەگوێزرێتەوە، بەڵام لە قۆناغی دواتردا تەنها لە ڕێگەی منداڵەکانی دایکەوە دەگوازرێتەوە لە خێزانەکەدا، واتا باوک هیچ پەیوەنی بەو جۆرە گوێزانەیەوە نییە، هەرگیز تێکەڵ بە دیئێنئەی پیاو نابێت و لەگەڵیشیدا دژ نییە. ئەمە تەواو ئەو شتەیە کە لەو کاتەوەی یەکەمین ژن هەبووە و یەکەمین مێیینەی بەرهەم هێناوە.

Y DNA نێرانەیەوە و تەنها لە پیاوەوە دەگوزرێتەوە بۆ پیاوانیتری خێزانەکە، ئەگەر ژنێک بیەوێ Y DNA ی خۆی بزانێت دەبێت نموونە لە باوک یا برایەکیەوە وەربگرێت. ڕاست بوون و تەواوی ئەم جۆرە لە ٦٠٠،٠٠٠ پێش زایینەوە وەستاوە، باوانی پێشتری ئەم جۆرە haplogroups دیار نییە، لەبەر ئەم هۆیە و ئەوەی کە تەنها لە پیاواندا هەیە لە بارێکدا کە mtdna بە پێچەوانەوەیە، لەبەر ئەوەشە زانینی میت دیئێنئەی خەڵک زۆر گرنگە

بۆ زانینی باکگراوندی جینەتیکی. میت دیئێنئەی و وای دیئێنئەی لە گروپە هاوبەشەکاندا haplogroups (جینەتیکی گروپی ئەو خەڵکانەی کە باوانی هاوبەشیان هەیە واتا نێرینە مێینە) دەردەکەون. هەپلۆگروپەکان گروپێکن لە خانە کە بەڕێگەیەکی تایبەت لەسەر بنەمای پەرچەکرداری کیمیای پێکهاتوون (هەندێک کات پیتەکانی خۆیان ڕێکدەخەن وەک هەپلۆگروپی x یا i). ئەم هەپلۆگروپانە بە پیتی جیاواز ناونراون، هەروەها بە درێژایی هەزارە و سەدەکان کۆچکردنی خەڵک و دانیشتوانی ناوچەکان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی ناوچەی نوێ، لە ڕێگەی یەکترەوە توشی گۆڕان بوون. دەتوانن ببنە پێکهاتەیەک لە باوانی هاوبەش، هەروەها چۆن دایکوباوکی هەپلۆگروپی HV (لە میسۆپۆتامیا) کە بە تەرتیب دابەش دەبن بۆ دوو بەش، V لە نیمچە دورگەی عەرەبی، هەروەها H لە ئەرمینیا، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین هەپلۆگروپە لاوەکیەکانی وەک H1، H2 و H3 هتد مان هەبێت، کە لەسەر بنەمای ژینگەی جیاواز و گونجاو لەگەڵ ناوچەی لۆکاڵی دروستبوون. هەپلۆگروپی بچووک و گەورە هەروەها ئەو گروپەی کە لە باوانی هاوبەشەوە گەشەی کردووە، هەیە. دوای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم هەپلۆگروپانە (لە نەژادی قەوقازی)، زیاتر کۆچیان کرد بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی، باکوری ئەفەریقا و ئەوروپا. ڕاستیەکە ئەوەیە کە دەکرێت کەسێک دیئێنئەی ئۆتۆسۆماڵی باکوری ئەفەریقا، بەڵقان، ئەسکەندەناڤیا، خۆرهەڵاتی ناوینی لە ١٠٠٪ هەبێت، بەڵام ئەمە بەمانای پاکی نەژاد نایات، چونکە لە ڕێگەی جینەتیکەوە سەلمێندراو کە لە هەردوو ئێسکەپەیکەری کۆن fossil و مۆدێرندا کە جۆری میت دیئێنئەی mtdna و وای دیئێنئەی ydna هەیە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە تەنانەت ئەگەر خەڵکی ناوچەکە لەو شوێنەدا

ڕەسەن بن واتا لە بنەمادا بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچە لۆکاڵییە، ئەوا هێشتا لە دیئێنئەیدا نەژادێکی پاک نین. بۆ نموونە ئەگەر خەڵکانێک لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەیەک بن، ئەمە لە گۆشەنیگای جیۆگرافییەوە، بەڵام بنەچەی نەژادی بۆ شوێنەوی کە هەپلۆگروپەکەی لێوە دەرکەوتووە، دەگەڕێتەوە. لایەنێکیتری بەشی هەپلۆگروپ ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر کەسێک هەمان هەپلۆگروپی هاوبەشی هەبێت، بەو مانایە نیە کە هەمان جین gene هەبێت وەک یەک خێزان، بەڵکو بەو مانایە دێت کە ئەو کەسە لە بنەڕەتدا بە نەژاد و سەرزەمینێکەوە پەیوەستە کە هەپلۆگروپەکەی لێوە دەرکەوتووە. یەکێکیتر لە تاقیکردنەوە جینتیکیەکان کە زۆر ناسراو نییە، حسابکەرە ورد-دەقیقەکانی شیکاری جووت کرۆسۆمەکانی داتا خامەکانی دیئێنئەیە، ئەمە بە ڕێژەی سەدی ٪ ورد و بە دیتەڵ نیشانیدەدات کە مرۆڤ نەژادێکی هاوشێوەی جۆری ئۆتۆسۆماڵی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی ئەفریقای باکور لە شیکاری جووت کرۆمۆسۆمدا ئۆتۆسۆماڵ بێت، دەبێت نزیکی لە جوتیار و شوانی خۆرهەڵاتی ناوین، بە زاڵی نیشانبدات. ئەگەر ئەو کەسە لە باکوری ئەفریقا بۆ نموونە لە قاهیرە، باوانێکی لە کوش لە سەردەمی کۆندا هەبووبێت، ئەو خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی لۆکاڵی ناوچەکەدا تێکەڵە، دەبێت لە جووتەکانی کرۆمۆسۆمی ئەو جن gene ی باوانی وەک خۆرئاوای ئەفریقا بە ڕێژی لە سەدا سفر و پۆینت پێنج ٠،٥ ٪ لە هەندێک جووتەکانی کرۆمۆسۆمدا دەرکەوێت یا ناوەندی ئەفریقا یا خۆرهەڵاتی ئەفریقا، دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە بە تەواوەتی چی هەبووە دەردەکەوێت. بە کورتیەکەی مرۆڤ بەگوێرەی ئەو ژینگەیە لێی ژیاوە و لێیدەژی ڕەنگ، قژ، شێوەی دەگۆڕێت، لێرەشەوە DNA دەگۆڕێت.

له باشووری میسپۆتامیا که دەکاته باشووری عێراقی ئێستا، له سەردەمی ئورکی ناوەنددا شاری ئورک به ٢٥٠ هێکتار و زیاد له ٤٠ هەزار دانیشتوانەوە دروستدەبێت (خشتەی ژمارە یەک)، ئەم قەرەباڵغیە پێویستی بە سیستەمییکی پتەوی بیرۆکراتی بووە. کۆنترۆڵکردنی جوڵەی کەلوپەل و پێداویستییەکان توخمی سەرەکی بووە له ڕەهەندی ئابووری هێزی کۆمەڵایەتیدا.

| خشتەی کرۆنۆلجی سەردەمی ئورک | | |
|---|---|---|
| ساڵ- پێش زایین | کۆتایی سەردەمی کالکۆلیسیک-مسین | سەردەمی ئورک |
| ٤٢٠٠-٣٩٠٠ پێش زایین | LC 2 | ئورکی سەرەتا |
| ٣٩٠٠-٣٦٠٠ پێش زایین | LC 3 | ئورکی ناوەند |
| ٣٦٠٠-٣٣٥٠ پێش زایین | LC 4 | |
| ٣٣٥٠-٣١٠٠ پێش زایین | LC 5 | ئورکی کۆتایی |

**خشەتی ژمارە یەک: کرۆنۆلۆجی سەردەمی ئورک**

(Emberling & McDonald et al 2003: 33–37, table 5 ).

سەرەتا پێداویستیەکان بۆ ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕکردنی ئاژەڵ و بڕی دانەوێڵە سیستەمی تۆکین Tokenوەک سیتەمێکی لێکچوو هاتە کایەوە، واتا بە قوڕ بابەتێکیان لە شێوەی ئەو بابەتە دروست دەکرد کە مەبەستیان بووە ئاماژەی پێبدەن، ئاشکرایە ئەم سیستەمە لە باکور و ناوچە بەرزەکانی میسۆپۆتامیا و بنارەکانی

زاگرۆسەوە دەرکەوتووە، پاشان لە سەردەمی عوبەیددا باشوور سوودی لەم سیستەمە وەرگرتووە و گەشەی پێداوە و لە سەردەمی ئورکدا گۆڕیویێتی بۆ سیستەمێکی ژمارەیی و نووسینی ئاڵۆز (Jasim and Oates 1986).

چەند ئاکامگیرییەکی گشتی لەبارەی پەیوەندی نێوناوچەیی لە سەردەمی دروستبوونی دەولەت-شار لە باشوری میسۆپۆتامیا دەتوانرێت لە بەڵگەی گلیپتیکەوە Glyptic (مۆری هەڵکۆڵدراوە) هەڵبهێنجرێت، چونکە گلیپتیک دەبێتە شتێکی هاوبەش لە نێوان ناوچەکانی میسۆپۆتامیادا، پاشان لە باشووری میسۆپۆتامیا-سۆمەر (سەردەمی ئورک) مۆری لولەی دەردەکەوێت، کە توانای هەڵگرتنی زانیاری زیاترە و دیمەنەکانی سەری ڕوونتر و مانا بەخشترە، لە دوای مۆری لولەیی سیستەمی پێش نووسین دروست دەبێت و پاشانیش نووسین، واتا هەر سێ قۆناغەکە لە ئورک و ناوچەی سۆمەرەوە دروست بووە، مۆری لولەیی، سیستەمی پێش نووسین و سیستەمی نووسین. ئەمەش سەدان ساڵی ویستووە، ئەگەر سەیری خشتەکانی سەروە بکەین، ئورک زیاد لە هەشت سەد ساڵی ویستووە تاوەکو وەک شارستانییەتێکی خاوەن شار و بیرۆکرای و نووسین خۆی نیشان بدات، کلتووری خۆی زاڵ بکات. بە وتەی ماریۆ لیڤەرانی لە مۆری لولەییەوە تاوەکو نووسین نزیکەی هەزار ساڵی ویستووە واتە پڕۆسەیەکەی تەواو ئاڵۆز و لەسەرخۆ بووە، مۆری لولەیی لە ٣٥٠٠ پێش زاییندا دەردەکەوێت، هەوڵەکان لە پڕۆسەی پێش نووسین logographic writing یا pre-cuneiform لە ٣٠٠٠ پێش زایین دەست پێدەکات پاشان لە ٢٥٠٠ پێش زایینەوە پڕۆسەی نووسین بەتەواوەتی دەردەکەوێت (Maria liverani 2014: 26).

من لێرەدا ناچمەوە سەر ئەو باسە زانستییەکان کە پێناسەی مێژوو دەکەن و پێماندەلێن مێژوو چیە و دەبێت چۆن بنوسرێت کاک دەشتی مەحمود ئەو بابەتەی ڕوونکردۆتەوە.

بۆ کوردانندی سۆمەرییەکان کاک سۆران دێت تەنها باسی شماندت بێسەرات Denis Schmandt Besserat دەکات و دەیکاتە پاڵپشت بۆ بۆچوونەکانی خۆی، بەڵام دەبێت دڵنیا بین کە تیۆرییەکەی شماندت سەرکەتوو نەبووە، چونکە نەیتوانیوە زۆرێک لە شێوەی تۆکینەکان token لە سیستەمی ئاماژەیی پێش نووسینی سۆمەرییەکاندا بدۆزێیەوە، تەنها توانیوێتی ژمارەیەکی کەم لێکچوون بدۆزێتەوە. شماندت بێسەرات ئەدەبیاتێکی جوانی لە پەیوەندی نێوان تۆکین و سەرەتای نووسیندا دروستکردووە، بەڵام ئەوەی ئەو وەک بەڵگەی زانستوی دەیخاتە ڕوو زۆر کەمە و ناتوانرێ پشتی پێبەسترێت.

دەبێت ئەوە بزانین کە پەیوەندی نێوان تۆکین کە پێکهاتووە لە شێوە shape یا فۆرم Form ی ئەو بابەتەی مەبەستیان بووە ئاماژەی پێبدەن لەگەڵ سیستەمی پێش نووسین کە لە ئاماژە پێکهاتووە پەیوەندییەکی زۆر سنووردارە. تۆکین لە تەواوی جیۆگرافیای خۆرهەڵاتی ناویندا بەکارهاتووە، شێوەی تۆکینەکان ئاسانن و هەمیشە لەو بابەتانە چوون کە مەبەستیان بووە ناوی بێنن.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە کە سۆمەرییەکان لە قۆناغی ئورکیی چوارەمدا کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچەیە، هەربۆیە دەکرێت زمانی سۆمەری هیچ پەیوەندییەکی بەو سیستەمی نووسینەوە نەبێت، چونکە ئاشکرایە کە سۆمەرییەکان تەنها خەڵکی ناوچەی باشوور نەبوون، بەڵکو خەڵکان و کۆمەڵگەی تریشی لێبووە

پێش ئەوان و لەگەڵ ئەوانیش. ڕوبیۆ و کۆپەر پێیان وایە زمانی قسەکردن تەواو سیستەمێکی جیاوازە لە سیستەمی نووسین (Rubio 2007; Cooper 2008).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، بۆ کاک سۆران حەمە ڕەش خۆی لە بۆچوونەکانی ڕۆبێرت ئینگلوند Robert K. Englund نەداوە؟ کە بەشێوەیەکی ماتماتیکی باسی سیستەمی ژمارەیی پێش نووسین دەکات، واتا سیستەمی نووسین لە سیستەمێکی ژمارەیی و بەڕێوەبردنی ئاڵۆزەوە دروستبووە، کە تێگەیشتنی تەنانەت بۆ زانایانی بواری شوێنەواریش قورسە، زۆر بە کەمی پەیوەندی بە سیستەمی تۆکینەوە هەیە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شارستانییەت شتێکی جێگیر نییە لە ناوچەیەکدا لای کۆمەڵگەیەک، بەڵکو دیاردە و تێگەیشتنێکی جوڵاو-مۆبایلییە کە دەکەوێتە بەردەست هەر کۆمەڵگەو میللەتێک بزانێت لە کاتی خۆیدا بەکاریبهێنێت، کۆمەڵگەی گەنج و گەشەکردوو. ئەوەی ئینگلوند باسی دەکات تەواو وەک ئەوەی سەرەوەیە کە ڕۆبیو و کۆپەر دەڵێن زمانی قسەکردن جیاوازە لە سیستەمی نووسین (Englund 1998).

کاتێک باسی پێش مێژوو یا شارستانییەتی سۆمەر دەکەین، سەروکارمان لەگەڵ شارستانییەتێکادایە کە زیاد لە چوار هەزار ساڵە مردووە، واتا ناتوانین بە دڵنیاییەوە قسەی لەسەر بکەین، زانیاری زۆر تەواو بەردەست نییە، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستا لایەنی فۆنەتیکی سۆمەرییەکان نەزانراوە، لە بارەی خودی زمانەکەشەوە بەردەوام بۆچوونەکان لە گۆڕاندان،

کۆدی زمانی سۆمەری هێشتا ناڕوونە، ساڵانە بەهۆی لێکۆڵینەوەی نوێوە شتی نوێی لە بارەوە دەوترێت، زانایانی

بواری زمانە کۆنەکان لە ڕێگەی زمانی ئەکەدییەوە شیکاریان بۆ زمانی سۆمەری کردووە، هەروەها لە زمانی ئەکەدیشدا زۆر وشە هەیە کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە کە واتە عەرەبیش دەتوانن بڵێن ئەکەدییەکان عەرەب بوون!

ئەم کتێبەی کاک سۆران ئەوەندە نازانستی و بێتامە، هەرگیز ناچێتە ناو کتێبخانەی ئینگلیزییەوە یا هەر کتێبخانەیەکی زمانی بیانییەوە.

بەقسەی شارەزایانی بواری شوێنەواری عێراق، کە دەکاتە چەقی میسۆپۆتامیا تا ئێستا کەمتر لە سەدا دەی ١٠٪ شوێنەوارەکانی ناوچەکە ئیشیان تێدا کراوە، واتا دۆزینەوەی زۆر لە ڕێیە لە داهاتوودا، هیچ لێکۆڵەرێک ناتوانێت بەبێ بەڵگە بەو شێوە دڵنیاییەی کاک سۆران قسە بکات.

کورد ئەگەر بیەوێ لە ڕێگەی شوێنەوارە ناسیۆنالیزم بنیاد بنێت، وا باشە باسی جیۆگرافیا بکات نەک زمانێکی کۆن کە هەر بە هاتنی ئەکەدییەکان ئیدی بەرەو نەمان دەچێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین کوردستان لانکەی شارستانییەتە، باسی شانیدەر، هەزار مێرد، چەرموو، بێستانسور و زەرزی دەکەین، چونکە ئەو شوێنەوارانە لە ناو جیۆگرافیای کوردستاندان.

ئایا دەکرێت ئەو ئێسکە پەیکەرانەی لە چەرموو یا لە شانیدەر دەدۆزرێنەوە بە دیئێنئەی لە سەدا هەشتا نەک سەدیش کوردبن؟، زۆر زەحمەتە، چونکە بە درێژای هەزارەکانی پێش مێژوو، وەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە کۆمەڵگە بچوکەکانی مرۆڤایەتی لە هاوتووچۆ و گۆڕاندا بوون، شارەکان چۆڵکراو، واتە مرۆڤەکان بەردەوام لە شوێن گۆڕیندا بوون. کتێبەکەی کاک سۆران و ئێمەش باسی سەد یا دوو سەد سال ناکەین، بەڵکو باسی

زیاد لە هەزار و چوار سەد ساڵی پێش سۆمەرییەکان دەکەین (بەلایەنی کەمەوە) کە ئەو کات مرۆڤەکان زیاتر لە شوێن گۆڕین و کۆچکردندا بوون.

لە بارەی زمانی سۆمەرییەوە، هەرکەسێک خوێندەواربێت شوێن ئەمجۆرە نووسەرە پۆپۆلیزمیانە ناکەوێت، ئەم کاک سۆران حەمە ڕەشە ئەوەندە بە تاسەوە لە ڕقی ناسیۆنالیزمەکانی وڵاتانی سەردەست کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە خەریکی جۆرێک لە نووسینی مێژووە کە ئەگەر وریا نەبێت پێش پانتورک و پانئێرانی هەموو پانەکانیتر دەداتەوە، تەواو خۆی گۆڕیوە بۆ ئەو دڕندەیەی کە نیتچە باسی دەکات.

تا ئێستا لە یەک سەرچاوە و بەڵگەی شوێنەواریدا نەهاتووە کە سیستەمی نووسین هەمان خەڵکی بنارەکانی زاگرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا لە باشووری میسۆپۆتامیا دروستیان کردووە، تەنها وەک ئەگەر باسکراوە، چونکە یەکەم: ئەگەر هەمان خەڵکن بۆ تا ئێستا ئەو جۆرە نووسینە لە نشینگە شوێنەوارییەکانی باکور و بنارەکانی زاگرۆس نە دۆزراوەنتەوە. دووەم ئەو نووسینە پیکتۆگرافی pictographic یەی بیرۆکراتی و سیستەمی ژمارەییە کە ئورکیەکان و باشورییەکان دروستیانکرد، شەش سەد ساڵ دوای ئەوە لە نشینگەکان و کۆمەڵگەکانی باکور و سەرووی میسۆپۆتامیادا دەرکەوێت (Algaz 2001: 27-89). ئەمە بۆچوونەکانی شوێنەوارناسی بەناوبانگ گلیرمۆ ئەلگاز و چەندین کەسی شارەزایترە لەو بوارەدا کە کاک سۆران خەریکی شەنوکەوکردنێتی بە شێوەیەکی بێئاگاو پۆپۆلیزمیان..

لە سەردەمی ئورک و سۆمەردا لە باکور و ناوچەکانی سەرووی میسۆپۆتامیا تەنها کۆمەڵگە بچووکەکان هەبوون

و خاوەنی نووسین و بیرۆکراتی نەبوون. ئەوە ئورک و سۆمەرن بیرۆکراتی و سیستەمی ژمارەیی و نووسین دروست دەکەن. ئەگەر کۆمەڵگەکانی باکور و سەرووی میسۆپۆتامیا تاکە نەژاد و باوانی سۆمەرییەکانن بۆ نەیانتوانی لە شوێنی خۆیان کۆمەڵگەی خاوەن نوسین و بیرۆکراتی دابمەزرێنن؟ ئەگەر گریمانە بکەین خەڵکانی ناووچە بەرزەکان و باکوری میسۆپۆتامیا کۆچیان کردووە بۆ باشور و ناوچەی ئورک لەوێ نووسین و بیرۆکراتیان دروستکردووە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کاتێک بڵێین لە هەمان سەردەمی یەکەم کۆچ و دوای دە ساڵ یا چل ساڵ ئەو سیستەمەیان دروست کردووە، چونکە لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە کە ئورک نزیکە هەزار ساڵێکی ویستووە تاوەکوە سیستەمی نووسینی دروستکردووە، کەواتە بەپێی ئەو گریمانەی کردمان چەندین نەوە دواتر خەڵکی باکور و ناوچە بەرزەکان توانیویانە ببنە خاوەنی نووسین لە باشوور. کەواتە کاتێک لە ناوچەی سۆمەر بوون بە خاوەنی نووسین تێکەڵی چەندین نەژادیتر بوون، دوای ئەو چەند ساڵە ڕەنگ و ئاکار و بیرکردنەوەکانیان گۆڕاوە و هیچ پەیوەندییەکی جەستەیی ئەندێشەییان لەگەڵ باکور و ناوچە بەرزەکاندا نەماوە، جینۆم و دیئێنئەیان بە تەواوەتی تێکەڵ بووە و گۆڕاوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت گریمانەکە بە گشتی هەڵەیە، بەڵام کاریگەری ناوچەکان هەمیشە هەبووە، هەموو ناوچە ژینگە جیاوازەکانی میسۆپۆتامیا سوودیان لە یەکتر وەرگرتووە و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەبووە.

کاک سۆران زۆر باسی دیئێنئەی گەنم و مرۆڤ دەکات، ئێ بە دڵنیاییەوە باکور و سەرووی میسۆپۆتامیا خاوەنی کشتوکاڵ

و دامەزراندنی گوندن، هەر ئەو کشتوکاڵ ئایدیای دامەزراندی گوندەیە دەگوێزرێتەوە بۆ باشوور و ناوچەکانیتری خۆرهەڵاتی ناوین، سی هەزار ساڵ دوای دامەزراندی گوند و کشتوکاڵ لە ئورک و باشوور شار دروست دەبێت، واتا بێ هیچ گومانێک ئورک و باشوور خاوەنی بنەڕەتی سۆمەر و شارستانییەتەکەیانن و کاریگەری باکورینا بەسەرەوەیەوە هچ شارستانییەتێک بەبێ کاریگەری دەرەوەی خۆی دروست نابێت.

لێرەدا من تەنها کاک سۆران بە کێشە نابینم، بەڵکو ئەوە ناوەندە ئەکادیمییەکانن ناتوانن بە ئەرکی خۆیان هەستن، ناتوانن بۆ خوێنەری گشتی بنووسن، تا ئێستا نەیانتوانیوە بە دوو کتێب باسی چاخی پێش مێژوو و سۆمەرییەکان بکەن، بەشێوەیەک کە خوێنەری گشتی تێبگات، مامۆستایانی زانکۆ بەزۆری بۆ گۆڤارە ئەکادیمیەکان دەنووسن کە زۆر دوورە لە چاوی خوێنەری گشتییەوە. مامۆستایانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان زۆر بێ ئاگان لەوەی کە خوێنەری گشتی بەشێکی گرنگ پێکدهێنێت لە ناوەندە ڕۆشنبیری و کلتووریەکاندا، چونکە ئەوە خوێنەری گشتییە کە دواجار دەبێتە خاوەنی تێگەیشتن لە بابەتەکان و قورسایی لە ناوەندی ئەکادیمی زیاترە، بەتایبەتی لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیایە و سۆشیال میدیایەدا زۆرگرنگە کە نەهێڵی خوێنەری گشتی چەواشە بکرێت هەولْبدەیت و باش پەروەردەی بکەیت، نەکا کەسێکی پۆپۆلیست بێت و لە ڕێگەی چەند نووسینێکی بێ بنەما و نا لۆجیکیەوە بەگوێرەی مەبەستی خۆی ئاڕاستەیان بکات و مێشکیان داگیر بکات.

## سەرچاوەکان:

Cooper, J.S. 2008. Incongruent corpora: writing and art in ancient Iraq. In Taylor, P. (ed.), Iconography without texts. London: Warburg Institute, 69–94.

Englund, R.K. 1998a. Texts from the Late Uruk Period. In Bauer, J., Englund, R.K. and Krebernik, M., Mesopotamien: Späturuk- und Frühdynastische Zeit. Fribourg: Academic Press & Göttingen: Vandenhoeck & Ruprecht, 13–233.

Englund, R.K. 2009. The smell of the cage. CDLJ 2009: 1–27. Retrieved from http://www.cdli.ucla.edu/pubs/cdlj/2009/cdlj2009_004.html (last accessed November 2018).

Jasim, S.A. and Oates, J. 1986. Early tokens and tablets in Mesopotamia: new information from Tell Abada and Tell Brak. WA 17: 348–362.

Rubio, G. 2007. Writing in another tongue: alloglottography in the ancient Near East. In Sanders, S.S. (ed.), Margins of writing, origins of cultures. Chicago: University of Chicago Press, 33–70.

Schmandt-Besserat 1992; 1996; with critiques by Englund 1993; 1998b; Michalowski 1993b; Damerow 1993.

# کورتە ڕەخنەیەك
# لە کتێبی کوردکێیە! ی
# سۆران حەمەڕەش

## ٢٠١٦

## هێرش قادری



**دکتۆرهێرش قادری**

نزیک بە یەک ساڵ پێش لە گەڵ ناوی سۆران حەمە ڕەش ئاشنا بووم بەڵام بێجگە لە برێ دەقی کورت لەم لاو لە ولاوە، شتێکی ئەوتوم لێ نەخویندبوەوە. زور بە گرنگیەوە ناویان ئەهێنا پێم خوش بوو کتێبەکەی بخوێنم. چەن شەو لەمەو پێش لە ماڵی یەکێ لە دوستان بووم کتێبەکەیەم بینی چاوێکم لێکرد هەر پێرستی بابەتەکەیم بینی زۆر خوشم هات گوتم بە ۆسان ئەم کتێبە وەرگێڕاوەتەوە بە فارسی؟ گۆتیان نە، گوتم بەشکەم ببێت بە فارسیش. دوایی ئیزنم لەو دوسە گرت و لە گەڵ خۆمدابردم کە بیخوێنم بە داخەوە بە پێچەوانەی ناوبانگ و فهرستی بابەتەکانی، بەڕاستی هیچ شتێکی ئەوتوی تێدا نەبوو. پێم سەیر بوو ئەو

هەموو ناوبانگە و پێداهەڵگوتنە. ئەمن ئیستا باسی هەمووی کتێبەکە ناکەم، هەم دەرفەتم نییە هەم بێجگە لە باسی زمان، بڕاستی بێ بایەختر لەوەسە کاتی زوری بۆ دابڕژێنم. زمان ناسیەکەیشی نە لێکۆڵینەوە لە سەر پێکهاتەی زمان نیە بەڵکو وردە باسی وشەکانە کە چەندانە وشەی هاوبەش، ئەتوانێت کاریگەری زمانەکان لە سەر یەکتر بێت نە ریشەی هاوبەش. ئەوە کە نووسەر دەڵێت بە جێ زمانی ئێرانی دەبێ زمانی زاگرۆسی بەکاربببەین زۆر باشە ئەم هەموو تێکۆشانە دەکرێت کە کورد لە ژێر رەکیفی زمان و سولتەی کلتووری ئێرانی بێنینە دەرو لەم لاوەهەڵەیەکیتر هێناوەتە ئاراوەکە کورد بەشێ لە شارستانیەت سومرییە؟

لێرەدا تەنانەت بە گشتی و چەند بابەتێکی تایبەتی دەخەمە ژێر پرسیارەوە. رەخنەی هەمووی کتێبەکە بمێنێت بۆ دەرفەتێکیتر. هەروا گوتم پێڕستی بابەتەکانی، ناوزەدی زور گەورەیان بۆ دانراوە، بۆ نموونە کاتێ بابەتی هیتیەکانم بینی، زور بە ئێشتیاقەوە دەسم کرد بە خویندنی، گوتم لەم بابەتە کە زور شارەزا نییم بڕێ زانیاری وەربگرم، بەڵام بە داخەوە شتێکی ئەوتوێ تیادا نەبوو. نەتەنیا هیچی تێدا نەبوو لە سەرەتا تا کۆتایی، دودانە وشە شروڤە دەکات و، بە پێی ئەو دوودانە وشە، بڕیار دەدات، هیتیەکان کورد بوون. مەبەستی من ئەوە نییە هیتی کورد بوون یان نە، باسی من ئەوەیە ئەو بابەتە دەکرا لێکوڵینەوەیەکی زۆرتری لەسەر بکرایە ئەگەر شارەزا نییە، هەر نابێت باسی لەسەر بکردایە. ئەگەر بە دوودانە وشەی هاوبەش، سەبارەت بە پەیوەندی کورد و هیتی، فتوا سادر بکریەت، دوودانە وشەی هاوبەش لە ناو زمان چیینیەکان و روسیەکانیش پەیدا

دەبێت کە نابێتە هۆکاری رەگـەزی هاوبەش. لە نێوان کوردی وئاڵمانیایش چەندانەیک وشـەی هاوبەش ئەدۆزریتەوە کە نە نیشانەی رەچەڵەک یان شارستانیەتی هاوبەش بەڵکەو دەتوانێت قەرز یان ئاڵو گور(تبادل) لە نێوانیاندا بێت.

میتۆدی ئەم کتێبە زور کلاسیکە، هەر لە ڕوانگەی میتودی نوسەرانی کلاسیک وەک ئەمین زەکی بەکە کە کتکە کتێبە کەی ئەویش هەروایە، هەروەکوو کاک سوران، نەشیاو و لاوازە. بۆیە کتێبەکەیشی پێشکەش کردووە بە ئەمین زەکی. بڕاسی نوسەرێ کە گەیشتبێتە شتی نوێ، باش دەزانێت کتێبی ئەمین زەکیش زور گرنگ نیە، هەروا کتێبکەی سورانیش. هەر ئەم باسی زمانە و دۆزینەوەی دوو وشەی هاوبەش، زانستی مێژوویی تێکداوە. ویلیام جۆنز، دوو ووشەی هاوبەشی لە ناو زمانی هند و ئێران و ئوروپا دۆزیـەوە، تێوری پوچی هـاورەگـەزی زمانە هند و ئوروپایەکانی بەرهەمهێنا کە، زەربرێکی بنەڕەتی لە زانستی مێژو دا. ڕوونەدەکرایت ئەو دوو وشەی هاوبەشە لە هەموو زمانەکاندا ا ببینرێتەوە، ئەڵبەت جونز زور ژیرتر لەوانە بوو کە باوڕی بە تئۆریەکەی خۆی ببێت ئەو کات لە لاییە کەوە، ئایدولۆژیای سیاسەتی «دزراییلی» بوو کە هند و بەشێ لە ئێران و ... لە ژێر دەسەڵاتییدا بوون بە شوێن رەوایی بو ئێستعماری دەگەڕا و لە لایکیترەوە، لەبەرامبەر ئانکتیل دوپڕون کە، درۆکانی توێژەرە غەربییەکانی سـەبارەت بە رەوشەنبیری زەردەشـت بردبووە ژێر پرسیارەوە(پێشتر لە کتێبەکەدا گوتوومە..)، ئەو تیۆریەیەی داڕشت. روون و ئاشکرایە گەڕان بە شوێن رگەزی هاوبەش بە هۆی دوو وشەوە، هەڵەیەکی زەقە. گەڕان بە شوێن

دوو وشەی هاوبەش کە، بە ئەندازەی وەرگێڕەکان دەتوانرێت مانا بکرێنەوە. ئەم شێوە لە ئیش کردن نەزۆکەو توانای ئافراندنی نوێ نیە. ئەم بابەتانە هەر وەکو مێژونوسە کلاسیکەکانیتری کورد، ناکاراو بێ ڕوانگەیە بە چەشنێ کە شروڤەیەکی کاراو تێڕامانێکی کوردانە خەلق ناکات. پرس ئەمەیە، بەڕاستی ئەم هەموو سوژە باسنەکراو دەس نەخواردووە نابینن کە دەکەونە بەرئاوردی دوو وشەو بەمە بابەتەکەیان تەواو دەکەن؟ دووپاتی دەکەمەوە کە بە واتای ئەوە نییە نابێت زما نناسی بخەینە لاوە، بە پێچەوانە نووسینی مێژوی کۆن بە بێ لێکۆڵێنەوە لە سەر زمان، کارێکی ناتەواوە. مەبەستی من ئەویە کە سەرەڕای ئەوە کە مێژوو نابێت سنووردار بکریت بە زمان، زمان ناسیش نابێت سنووردار بکرێت بە وشە ناسی بەڵکو لە تەنیشت شروڤەی پێکهاتەی(ساختار) زمانەوە، دەبێ بابەتی زمان لە تەنیشت کلتوور و ئەندیشەی سیاسی و لە ڕوانگەیێکی کوردیدا بێت،چوون زانستی مێژووی لە بەرژەوەندی ئەو نەتەوانەیە کە بە شوێن ناسنامەی مێژوویی دا دەگرین، جیانیە. کتێبەکەی کاک سۆران هەروا کە باسمکرد، کلاسیکە و توانای دۆزینەوەی ئاسۆی نوێی نەبووە. .بەداخەوە کورد لە بواری زانستی مێژوویی و ئاستی فەلسەفییەوە ئەوەندە دواکەوتووە کە سەدساڵ لەدوای ئێران و دوسەدساڵ لەدوای ئوروپاوەیە و نەیتوانیوە شتێکی ئەوتو و نوێ دابرژێێت هەر کتێب دەنووسن رەگەز و زمانی کورد لەکوێوە هاتووە و، فلان نووسەر چی گوت و ...، و ئەم شتە بەڕاستی بێ بایەخ وزۆرپاتە. خۆ هیچ شرۆڤەی کولتووریی کوردیینیە، هیچ روانگەیەکی کوردی لەناو ئەو کتێبەدا نییە. بۆ نموونە بابەتێکی هەیە «کورد کێیە» گوتم

داخوا ئیستا چ شتاگەلیکی تێدابێت؟ بەڵام بڕاستی خاوەندی هیص بنەماو ماناخولقێنیەکی تازەنەبوو، بە شرۆڤەی دوو وشە وەک «لولوی» بابەتەکە کۆتایی دێنێت. ئەمە کوردە؟ ئەمن مەبەستم ئەوە نییە ئەم وشە کونانە بێ بایەخن یان نابێت بەرباسکەونەوە بە پێچەوانە خوشم سەرقاڵی بەدواداچوونەوی ئەو کارەم بەڵام ئەوە یەک لە سەدە، وڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە، کورد کێیە؟ ناوی بابەتێکە، بەڵام کاتێک دەیخوینییەوە هیچی تێدا نییە. ئەگەر کورد هەر ئەوەیە بەڕاستی کوردبوون گرفتی بەڕەتی هەیە، نووسەرە روژئاواییەکان، دو کتێب وەکووئەوانەی ئەمین زەکی و سۆران دەخوێنن کەئەم هەموو قسە نەگونجاوەیان سەبارەت بە کورد گوتووە، کورد هەر بەشە/لەقە و هیچی نییە. براستی ئەو هەموو دەقە و سوژە نابینن، یان کوتایی فکری کوردییە هەر کسێ بۆ خوی دەبێتە نووسەرێک گەورە. دەورانی رەگەز و مەگەز تەواو بوو. ئەم لێکۆڵێنەوانە بەشێ زور کەمی ئەوشتەیە بۆ نووسینی مێژوی کورد پێویستە. لەمکتێبانەدا هیچ فکر و ناسنامە، و هەتا مێژووی کورد دیار نییە کە لە خوارەوە باس لەسەر چەند بابەتی بڕاستی هەڵەی کتێبەکەدا،دەریدەخەم مەبەستم چییە، کورد نیشانی داوە ولەم کتێبەداکاکسۆران خۆربەخەستی تر دەریدەخات کە هێشتالەچوارچێوەی ڕوانگەی کلاسیک و لەژێر یەخسیری عەقلی مێژووی ئێران و نووسەرە کلاسیکەکانی کورد، نەهاتووەسە دەرو.

کاکە سۆران دەڵێت هەخامەنشیەکان(ئەخامەنی) شاهەنشاهی بوون و»دوای سەرکەوتنی پارسەکان بە سەر میدەکاندا، دەوڵەتی میدی کۆتایی نەهات بەڵکو دەوڵەتی فارس بوو بە .....

پاشای پاشاکان....پاشاکانی ناوچەکە(وەکوو ماد، قادری) قەبووڵی پاشایفارسیانەکردوە وەک شای شاهان و  بە گەورەترین پاشا .... سوران،٢٠١٣،  ٣٦٨).» میدیەکان لەگەڵ ئەوەی کە بوونە پاشای بچووکتر لە فارسەکان، هەر هێشتا وەک پاشا حوکمی وڵاتی خۆیان دەکرد»(٢٢) دەڵێ پاشای ماد کۆتایی نەهات و پاشای فارسیان بە گەورەترین پاشا قەبووڵ کردووە... . بڕاستی نازانم ئەم هەموو ناڕاستیە لەکویوە هاتووە؟چۆن دوای سەرکەوتنی فارس دەوڵەتی ماد کۆتایی نەهات؟ لە سەدەی ٢١ کە سەدەی دیمکراسی و مافی مروڤە، پارس ئەوەندە توندئاژۆوزەبروزونگ ویستە هیچ ئازادی وفرەچەشنیەک پەسەندناکات، بیست سەدە پێش چۆن کردویەتی؟ من پێشتر ئەم روانگەهەڵبەستراوەم باسکردووە کە، دوای سەرکەوتنی پارس، ماد هەر دەوڵەت بووە یان ئێران فدراڵ و پلورال بووە، بە زوری لە رەخنەی ئوجەلان و سێ ڕەوایەت لە دەوڵـەت میللەت ئێرانی،تەباتەبایی و کاتوزیان و ئەحمەدی، لە کتێبی (نقم اهورایی و تازش اهریمنی و هەر وا کتێبی ئەقلی سیاسی ئێران و ناسنامەخوازی کورد،قادری)، هاوردوومە و بە تەواوی بردومەتە ژێر پرسیار، ئیتر دوپاتی ناکەمەوە. لێرە تەنیا ئاماژەێک دەکەم کە ئەم ڕوانگەیە هیچ پایەییکی نییە. ئیمپراتوری ئەخامەنی، نە شاهەنشاهی بووە نە دەوڵەتی ماد دەوامی هێنا بەڵکو حکوومەتێک بە تـەواویی فارسی هەبوو کە سـەرەڕای ئەوە پاشایەتی مادیان لە ناو برد، هەموو خەزێنەی ئاکباتانیان تاڵان کرد و مادیان کرد بە کۆیلەوبەشەروکوشتن نەبێت  پارس دەسەڵاتی بە سەر ماد دانەسپاند، ماد نە سیستمی ما نە پاشایەتی نە ئایینی و نە ئازادی، ئەخامەنی فارس هەموویان سڕییەوە و

هەموو ساتراپەکان هەتا ساتراپی ماد و هەمووی گەورەکان، فارس بوون(بریان، همان، ١٢٦-١٢٧. یونگ، ١٣٨٥: ١٠٥. کوک، گرشویچ،، ١٣٨٧، ٢٣٢.هرودت، ١٣٨٧، ١٠١ گرشویچ، همان، ٦٤٤. دیاکونوف، ١٣٨٨: ٣٩٠ علی اف، ١٣٨٨، ٤١٥. یونگ، ١٣٨٥، ٣٠. شاندور، ١٣٧٥، ٨٢ بۆ زانیاری زورتر چاو لە دوو کتێبەکەی نووسەری ئەم قەڵەمە بکەن کە پێشتر ناومهێنان). ئەم هەڵەیە لە هرودتە وە ریشەی هەیە کە لە کۆتاییدا ڕوونی دەکەمەوە کە لەکوێنەوە سەرچاوەی گرتووە.

فارسەکان، وشەی شاهەنشاهی xasaysa یان لە ماد، زەوتکرد بەڵام تەنیا وشەکەیان زەوتکرد نە سیستمی شاهەنشاهی و پلورالی ماد و، هێشتنی شاە بەزیوەکان ونە دەوڵەتیان لە ئەخامەنی، هیچ واقعیەتی نەبووەونیە. لەژێر ناوی وشەی شاهەنشاهی، ئێیستبدادی روت بوو بە لە ناو بردنی شا و دەسەڵات و ئایین و ئابووری نەتەوە بەزیوەکانی وەک ماد. هەروا گوتم بە درێژی لە هەردوو کتێبەکەمدا باسم کردووە دووپاتی ناکەمەو.

هەروا بە ئاماژە بە مانەوی پادشایی ماد لە سەردەمی سەرکەوتنی فارس، دەڵێ «لە شەری بابلدا، پاشای فارس،داوای لە گوبریاری پاشای ماد کرد سەرەتا ئەو بچێتە ناو بابل و شارەکە کونترل بکات»(٢٢). بڕاستی زور جێی سەرسوڕمانە ئەم لێکۆڵینەوە. سەرەتا، هێشتا توێژەرانی مێژو کۆک نیەن لە سەر ئەوە کە گۆبریارکێیە، داینێن میدیش بێت، کێ گوتویە پادشابووە ؟ شایەد وەکوو هێزە سەربازیەکانی ئەمڕو یکوردی ناودەسەڵاتی ئێران، سەربازی پلە سێ بن. بەڵام رەخنەی سەرەکی ئەوە نییە

که گوبارو کێیه، ڕەخنەی سەرەکی ئەو نەزانینییەیە کە پێشخستنی گوبریار بۆ داگیرکردنی بابل، بە دۆستی پاشای فارس لەگەڵ ماد دائەنرێت. کورش ئەنقەست گوبریار دەخاتە پێشەوە کە کوشت و کوشتارەکەی بابل بە ناو گوبریار تواو بێت هەموو تاوان و زەبروزەنگەکان بخاتە ئەستۆی ئەو خۆی بێتاوان نیشان بدات و وەک ڕزگاریی دەریک بچێتە ناو بابل کە ئەم بابەتەیشە لە کتێب ئەقل سیاسی و....گوتوومە.

هەڵەیەکی تری سۆران، دەڵێت فارس مەعبدیان نەبووە. ناوبراو رفرنس ئەداتە هـرودت، وایـە هـرودت دەڵێت فـارس مـەعبدیان نـەبوو. ئـەم وتـەی هیرودتە، بۆ ساڵیانی درێـژ، توێژەرەکانی سەرلیشێواندبوو بەڵام وتەی هرودت تا پێش دۆزینەوەی زمانی بەردنوسی بیستوون ڕەواجی  بوو، دوای ئەوە داریوش خۆی ئاماژە بە مەعبدەکان دەکـات، زوربـەی توێژەرە مێژوویەکان دانیان بە هەبوونی مەعبەد لە فارس داناوە و ئیتر وتەی هرودت بە تـواوی رەد بـووەتـەوە. داریـوش شاه میگوید:«من ێیدانا – معابدی – را که گئوماتا مغ ویران کرده بود بازسازی کردم». (بەردنویسی بیستون).

هەمووی توێژەرەکان کۆکن کە ئایدانا هەر مەعبەدەکان یان ئاگردانەکانی زەردەشتیە کە داریوش بە هۆی وێرانکردنیان بە دەسی گۆماتای مادی/میترایی، نۆژەنی کردوونە وە بو ئەوەی کە ئەم ڕاستیە بسلمیت بڕواننە ئەم سەرچاوانە. (داندامایف، ١٣٨٦: ٣٢٢ . شـوارتـز، ١٣٨٥، :٨٢٩ . کـوک، ٨٣١٣ .٢٦٧) (هـینتس،٣٦٨:١٣٨٣. ویسهوفر، ١٣٨٩: ٩٨ دیاکونوف: ١٣٨٨: ٤٨٥).  لە کتێبەکەدا بەبەدرێژی شروڤەم کردووە.....

کاک سۆران، دەڵێت مغەکان، مادیی بوون. ڕاستی بۆ ئەم بڕوایە ناکرێت زور رەخنە لە نووسەر بگرین، چوون بەڵگەی زور بۆ سەلماندنی هەیە. شایەد من بۆ یەکەم جار رەچەڵکی ئەم هەڵەیەمە دۆزیوەتەوە کە بۆ ئەلێن مغ، مادی بوون و لە کتێبەکەدا بە دریژی بابەتێکم بوی تەرخانکردووە و تەواوی نەزەریەکان کە دەڵێن مغ مادیە، بە بەڵگە بردومەتە ژێر پرسیار لێرە نامەوێ درێـژەی پێبدەم دووپـاتـی کـەمـەوە کـەسێ بیەوێت دەتـوانـی بیخوێنێت کە سەلماندوومە مغ مادی نیین و ریشەی ئەم هەڵەیە سیاسی و دروستکراوی داریوشە کە بەداخەوە هرودت موری زانستی بەسەردا سەپاند. داریوش، بە پێچەوانەی وتەی سوران" یەکێ لە سەرکردە هەرە گرنگەکانی میدیەکان موغێک بوو بە ناوی گائوماتا"(٢٢) « بۆ سەندنەوەی ڕەوای گێئۆماتای مادی و شاردنەوەی گەورەیی شورشی ماد، نازناوی گێئۆماتەی کرد بە مغ کە، سنورداری کات بە شورشێکی مەزهەبی و ناڕەوا بۆ دەسەڵات، و جەنبەی قەومی ماد بشارێتەوە و چون لە لایەکەوە، مێژوونووسەکان شارەزا بوون لە مادیی بوونی شوڕشی گوماتە و لە لایەکیتر لە ڕوانگەی کتیبەی داریوش لە چۆنیەتی شوڕشەکە ئاگاداربووین، لە مێژوو دا وا جێگیر بوو مغ، مادی بوون. بڕواننە ئەم سەرچاوانە کە هەموو کەس ناڵێت مغ مادیی بوون (داماندایف، ١٣٨٦: ٢٠٩ یونگ، ١٣٩٠: ١٣٨ - ٣٩). هەروا جی مسینا مادی بوونی مۆغەکان دەباتە ژێر پرسیارەوە (داندامایف، ١٣٨٦: ٢٠٩). استرابون نیز مغها را در میان قبایل پارسی جای می‌دهد (کتاب ١٥ فصل ٣ بند ١، به نقل از ویسهوفر، ١٣٨٩: ١٦٦). مۆغ سەرەڕای ئـەوە کە مـادی نەبوون، دژە مـادی بـوون و روحانی رەسـەنی

زەردەشتی بوون، زەردەشتێ کە لە گاتاها، ئایینی میترای مادی ردکردەوە و کردی بە شەیتان. مۆغەکانیش لە درێژەی بە شەیتان کردنی میترای مادی، لە کتێب وەندیداد هەمووی سەمبۆلەکانی میترا/مادیان کرد بە دیو و شەڕ، هیچشتێکیش بە ناوی مۆغ کۆشی داریوش کە کاک سوران ووتوویە، راستی نییە. مارکوارت و داندامایف و ... بە تواوی بردوویان ژێر سئوال کە ئەویش لە کتێبەکەمدا بە ڕورنی باسملێکردووە. داندامایف، ١٣٨٦: ٣٣٦. عقل سیاسی ایران....٤٢٧ تا...).

لە واقێعدا بە تەوس وسوکایەتیەوە دەڵێت ئەی مغ، ئەتۆ کێیت داوای پادشای دەکەی؟( بویس، ١٣٧٥: ١٣٠. ) و هەر وا شای ئەشکانی بە تەحقیر بە ئەردەشیر دەڵێت ئەی کوردزادە، ئەتۆ کێی داوای دەسەڵات دەکەی. بە داخەوە سۆران وەکوو زوربەی نووسەران، وەکوو رەزازی ئەو هەڵە دەکەن و فتوای کوردبوونی ساسانیان دەخەنە ئاراوە کە وا نییە و ساسانیان کورد نەبوون هەروا گئۆماتە مغ نەبوو و مغ مادی نەبوون. ئەمە کە مغ مادین و...دروستکراوی فارسەکانە کە هرودت ناوشیارانە رەوایی زانستی پێبەخشیی. ئیستا باسی هەڵەی هرودت و دروستکردنی مێژوو و درۆی فارسمان خستە ئاراوە، لێرەیش رەخنەیەتر لە سۆران بگرم کە باسی درۆی فارس و هرۆدت دەکات و بە داخەوە زور ساکار باسی لێدەکات لە حاڵێکدا ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکانی هرودت زور یارمەتیدەری دوزینەوەی راستیەی مێژووییەکانە.

هەڵەیەکیتری نووسەر ئەوەیە کە بە پێ وتەی هرودت، کە دەڵێت دوای کوشتنی گئوماتا هەمووخەڵکی ئاسیا جگەلە فارس

تازەیەبار بوون، هۆکاری تاەزیەبار بوون بۆ گئوماتا و قین لە داریوش، بەجیاوازی دینی دەزانێت“ فارسەکان هاودینی خەڵکی ناوچەکە نەبوون ئایینیان جیاواز بوو» (٢٢). ئیتر زمانم لە وەسفی ئەم هەموو ناوشیاری ونازانستیە گۆناکات . هۆکاری لایەنگریلە گئوماتای مادی نە دین بەڵکو ئەوە بوو کە گوماتا بۆ سێ ساڵان هەم سەربازیی نەتەوە بەزیوەکانی بەخشی هەم باج وسەرانە و ... بۆ ئەویش بڕواننە هەر ئەو هرودتە ی کە نووسەر رفرنسی داوە و بەشی گئۆماتای عقلی سیاسی ایران و ... .کە بە روونی وتەسەلی و بەڵگە هەمووم شیکردوەتەوە.

ئـەوەی کە سـۆران دەڵێت ”فارسەکان هەمیشە خەریکی دروستکردنی رابردویەکی پڕ شکۆمەندی بێ بناغەبوون بۆ خۆیان“(٣٦٧) راستە، بەڵام دەبوایە زورتر لێکۆڵێنەوەی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە کردبایە. ئەسڵەن بە بێ رووکردنەوەی درۆی مێژووی فارسەکان، نووسینی مێژووی کورد نامۆمکینە بەڵام نازانم بۆ ئەم شتە گرنگە قاتی سەرچاوە و شروڤەیە، رفرنس دەداتە ئیبن ئەسیر؟ ئەوشتە کە ئیبن ئەسیر سەبارەت بە درۆی فارسەکان دەڵێت هیچ تەبایەکی لە گەڵ ئەو میتۆدە کە مێژووی فـارس دروسـکـراوە نییە. ئیبن ئەسیر، باسی بـڕێ دێروکی فارسەکان دەکات کە مێشکی مێژووی بچووکبینی ئیبن ئەسیر، هەرتێناگات دروسکراو بە مانای مێژووسازی درووینە، چییە. ئەو لە ڕوانگەی ئیسلامی و ئوبژکتئوی مێژووی ئەڵێ درویە نە ئەو میتۆدە کەسۆران باسی دەکات. هەتا وەرگێری فارسی ئیبن ئەسیر، لە لەژێرنووسدا دەڵێت ئەرێ وەڵا ئەگەر وەکوو ئیبن ئەسیر وا بە وشکی باسی ئەو ئەستورە قووڵانە بکرێت هەمووی

درۆیەمن لەگەڵ وەرگێڕاونم تا ئیبن ئەسیر، ئیبن ئەسیر تێناگات ئەو شتە کە ئەڵێت درۆیە چەندە ڕاستی شاراوە و مانای قووڵی تیدایە. ڕوونکردنەوەی درۆی فارسەکان شتێ نیە مێشکی دینی ئیبن ئەسیر و دۆخی بێ پرسیاری سۆران تێبگات ئەگەر لە درۆی فارسەکان تیگەیشتبا نە بەو سادوساکاریەبەلایدا ڕانەدەبوورد نە دروکانی ئەوانی وەک، پادشایی و مۆغ بوونی گئۆماتا و... . دووپات بەدەکردەوە.

هەروا جنابی نووسەر ئەڵێت "مێژوونووسەرەکانی یونان کاریان بۆ فارس کردووە و موچە خوری فارس بوون بۆیە روانگەی فارسی...بە سەر مێژووی ناوچەکە سەپێنراوە"(٣٨١). ئەوەی کە نووسەرەکانی یونان لە روانگەی فارس مێژوویان نووسیوە، زور ڕاستە ئەمن خۆم لە ئاخری کتێبەکەدا(علم تاریخ و...) بابەتێکم بۆ تەرخان کردووە. بەڵام بەو سادگییە نییە کە ناوبراو باسی لێدەکات. هیچ بەڵگەی نییە هرودت موچەی وەرگرتبێت بە پێچەوانە، کتسیاس پزشک و موچەگیری ئەخامنیان بوو، زور بە خراوی باسی پارس دەکات و زور سەمپاتی بە میدیا هەیە بەڵام بە داخەوە هیچکام لە کتێبەکانی کتسیاس نەماون ئەوەی کە ماوە نووسەرانێتر ئاماژەیان پێداوە. ئەم باسە زور گرنگتر لەوەیسە بە موچەگرتن چارەسەر یان هاوردەبەدڵخوازی بکەین . سەردەمی هرودت نە زانکو نە سەرچاوە و نە شوێنە ئاسەواریەکان شروڤە دەکران، سەرچاوەی هیرودت زانیاری شەفاهی بوو کە بە هۆی سەرکەوتنی فارسەکان، ئەوان زانیاری غەڵەتیان دا بە هرودت ئەویش ناوشیار/نائاگاهانە، بێ ئەوەی بزانێت بە دروکانی فارسەکان کە خۆیان کرد بە باش و میدیایان

کرد بە خراپ، موری زانستی و مێژوویی پێ سەپاند و کردی بە گەروی مێژوودا. مەبەستم لەم رەخنە ئەوەیە نووسەر زور بە سادگی لە تەنیشت ئەم بابەتە گرنگانە دەگوزەرێت و توانایی لێکۆڵینەوەی نییە یان زانستی مێژوویی زور کەمە. بۆ نموونە هرودت لە وەرگێرانی کتیبە بیستوون بە زمان یونانی کە داریوش پروپاگاندای بۆ دەکرت، و هەروا ئەشرافانی فارس وەک زوپیروس و .. (علی اف، ١٣٨٨، ٢٩. کوک، کمبریج، ١٣٨٧، ٢٣٠ - ٢٤٠. راینهارت، همان، ٢٤٠ ) کەڵکی وەرگرت کە ئەو هەڵە مێژوویانە دەنووسێت کە گۆماتا مۆغ بوو، ئەخامنی شاهەنشاهی بوو، ئاستیاگ زاڵم بوو یان ماد هەر پاشایی ما بوو و....، کە کاک سۆران بێ هەڵسەنگاندنەوە دووپاتیان دەکاتەوە.

نەتوانینی شروڤەی قووڵ دەگرێتو بو زانستی تەحلیلی و فەلسەفی نووسەر و ئەو نەبوونی سەوادی فەلسەفی لە شروڤەی لە سەر کتێبی وای وت زەردەشت ڕوونە کە ئەو کتێبە بە تاریف/وەسف کردن لە زەردەشت لە قەڵەم دەدات:" لە ژێر گەورەکردنی زەردەشت.....فەیلسوفی ئاڵمانی، نیشتە{نیچە}کتێبی بە ناوبانگی زەردەشت بەو شیوە قسەی کرد، ...نووسیوە"(٢٧٣). ئەوەی کە زەردەشت بە خوڕایی گەورە بووە زور ڕاستە، ئەمن لە بەشی دوهەمی رەخنە لە ئوجاالان گوتوومە کە چلون و هۆکاری گەورە کردن و نازەنین کردنی زەردەشتی خوێری چی بووە. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ناوبراو، نیچە لەو کتێبەدا نە تەنیا وەسف و ستایەشی زەردەشتی مێژووی ناکات، بەڵکو زەردەشتی نیچە لەهەمبەر زەردەشتی ئێرانی پێناسە دەکرێت. زەردەشتی مێژوویی نوینەری فکری خودا و ئەخلاق ئاسمانی و نەکۆلی

زەوینە، زەردەشتی نیچە نکوڵی خودا و ئاسمان و ئەخلاق و تاییدکەری زەوین، وارسگە، جەستە و...، هەمووی ئەوشتانەسە کە زەردەشت دەیانباتە ژێر پرسیار.

هـەروا هەڵەیتری سـۆران و هەمووی نوسەرانیتر، بەگ/بغ نازناوی میترا بە خودا دەزانێت « بەگ baga ...خودا بووە“ (٣٢٩) ئەمیشە ئەمن بابەتێکم لە ناوی میترا باغ یان بغ پێ تەرخان کـردووە لە وتـاری“ پەیوەندی میترا تەک ئیزەدیو یارسان و پیرشالیار....شروڤەم لەسەر کردووە، دووپاتی ناکەمۆ تەنیا بڵێم کە، بغ نازناوی میترا ئەگەریش بە ناوی خودا بووە ئەو خودا نییە کە دوایی میترا، زەردەشت و حەمە و ئەوانیتر دروستیان کردو بردیان بۆ ئاسمان، بغ هەروا سۆران دەڵێت هەر ئەو بگی ئەمڕویە بە مانای خان، میر یان شاە. لە ماد/میترا خودا هەرنبووە. خودا لوێ مانای شاە بووە نە خودای ئاسمانی بۆ ئەوە فرە ئیزەدی بە مانای فرە شاهییە کە پارسەکان وشەکەیان گرت بەڵام مانایان گوڕا کردیان بە فڕە/نیشانەی خودایی و بغ/شاە بو بە خودای ئاسمانی و خالق. ئەگەر شاە نەبووە و خودا بووە، چلۆن دەڵێن «بەگزادە»؟ خو ناڵێن خودازادە. ئەمە مغە فارسەکان بوون کە هەمووی وشە و زمان مادیان زەوت کرد بەڵام مانایان گوڕا، هەروا پردیس مادی کە لە زەویندا بە مانای باغ/بغ جێ خۆشی و شایی بوو، بردیان بۆ ئاسمان کردیان بو فردوس و بەهەشت کە ئەویش بە زوری لە کتێبەکەدا باسم کردووە ئیتر دووپاتی ناکەمەوە. بۆ نووسینی مێژووی رەسەنی کورد، دەبێ سەرنج بدرێن کە بە داخەوە مێژوونوسانێ وەک کاک سۆران و ئەمین زەکی و سەفیزادە هەر دەقی نووسەرەکانی ئەوانی دیکە دووپات


دەکەنو کە ڕەخنەی زورتر بەم پەرتۆکە واردە ئەمن تەنیا نموونەم خستە ئاراوە، مەبەستم لەم ڕەخنە، ئەوە بوو کە، خوێنەر بە چاوی ڕوونتر و بازتر بیخوینێتەوە زور یەخسیری ناوی نەبێت. ئەبێ لە کاک سۆران بۆ ئەو کتێبە دەسخۆشیپکەین دیارە زەحمەتی زوری کێشاوە بەڵام بە داخەوە نە تەنیا لە ئاستێ ڕوانگەی کۆنی کتێبەکانتر، نەهاتووەتە دەرو، هەڵەی زوریشی تیدایە. هەروەکوو نووسەر پێشووەکان، لە هەر چەشنە شروڤەی کوردی و فکری سیاسی خاڵییە. خۆ مێژوو بە بێ ئەندیشەی سیاسی هەر تکراری ڕووداوەکانە هەرکەسێ دەتوانێت بینووسێت. مێژوو هەروا کالیینگوود دەڵیت نە بە ڕووداو بەڵکو بە ئەفعال و کردارانێک کە فکر لە پشتیانە، مەشغووڵ دەبێت و دەێنووسێت. ئەم کتێبە هیچ فکر و ئیدەی تێدا نییە و زورشتیتریش تێنەگەیشتووە. ئەمە بە واتای ئەوە نییە هیچشتێ بە کەڵکی تێدا نییە، هەیە بۆ نموونە باسی حۆکمرانی ماناکان دەکات بەڵام ئەوە دوزینەوەی سۆران نییە ئەوە لە دیاکۆنف بگرە تا کێ ئاماژەیان پێکردووە کتیبی دیاکۆنۆفیش کتیبێ نییە کە لە دەسڕەسدا نەبێت هەموو کەسێ دەتوانێت گیری بێنێت و بیخوینێت ئەی ئیتر بیجگە شروڤەی چوار وشە، ئەم کتێبە شیتری تێدایە؟ بە ڕستەێکی ئاندرە ژید، تواوی دەکەم کە ئەڵێت:» هەمیشە شتێ بیژە کەس نەتوانێت بێژێتی شتێ بنووسە کەس نەتوانێت بینووسێت«.

# کورتە ڕەخنەیەك لە کتێبی
# ”کورد کێیە“ی سوران حەمەڕەش
# لە سایتی ئاسۆی ڕۆژهەڵات ٢٠١٦

**نووسینی: د. هێرش قادری**

**خاوەنی کتێبی: عقل سیاسی ایرانی و هویت‌خواهی کردها**

**(مێشکی سیاسیی ئێرانی و ناسنامەخوازیی کورد)**





# دەربارەی کتێبی:
# کورد کێیە! مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد

نووسینی:

**شێرکۆعادل دەباغ**

٢٠٢٣-١

# دەربارەی کتێبی:
# کورد کێیە! مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد
# ٢٠٢٣/١

**شێرکۆ عادل دەباغ**

ڕۆشنبیری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەر سۆرانی حمەڕەش، ماوەیەکی دوور و درێـژە ئەسپی خۆی تـاوداوە و لەبواری نووسینی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری لە دووتوێی کتێبێکدا کۆمەڵێ زانیاری زۆری کۆکردۆتەوە و سەرەتا بە ناوی کورد کێیە! لە ساڵی ٢٠١٣ دا بڵاو کردەوە و پاشتر هەمان کتێبی لە ٢٠٢٣ دووبارە بڵاو کردەوە وەک چاپی دووەم لە ژێر ناونیشانێکی جیاوازتر بە ناوی: مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد،هەروەها بە زمانی ئینلیسی English بڵاوی کردۆتەوە لەسەر ئەمەزۆن

واتە هەر سێ کتێبەکە هەمووی (یەک کتێبە )

وەک خووێنەرێک زۆر بە کورتی چەند سەرنجێک ئەخەمەڕوو هیوادارم بە سوودبێ و ببێتە هاندەری نووسەر و لە داهاتوا کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەنتر بکات .

## بەشی یەکەم

# دەربارەی ناوی کتێبەکە:

نووسەر لە چاپی یەکەمی کتێبەکەیدا ناونیشانی: کورد کێیە! ی داناوە، ئەم ناونیشانە پێشتر لە لایەن نووسەرێکی ئینگلیسی ڕۆژنامەوانی لە ساڵی١٩٩٢ Aug بڵاو کراوەتەوە لەلایەن گۆفاری جیهانی NATIONAL GEOGRAPHIC بەزمانی English لەسەر کورد و کۆڕەوەکە نووسیویەتی وەک پرسیارێک لە ناو نووسینەکەیدا بە ناونیشانێ ئەپرسێ و هەوڵی ناساندنی کورد دەدات و هەوڵی داوە کورد و کارەساتی کۆڕەوەکە بە جیهان بناسێنێ بۆیە پێویستی نەدەکرد بەو دووبارە کردنەوەیە ئەوناوە ( کورد کێیە! )، هەروەها هەمان کتێب کە لە چاپیی دووەمیدا لە ٢٠٢٣ دا ناوێکی تری پێبەخشیوە:

مێژووی بزر و نە گێڕدراوەی کورد

ئەم ناونیشانە دوو بەشە و دوو ناونیشانە کەلەگەڵ ناوەڕۆکی مەبەستی نووسەر یەک ناگرێتەوە لە ناو کتێبەکەیدا کە مەبەستی لە: مێژووی شاراوەی کوردە، بزر بوون بۆ وون بون ئەگەڕێتەوەو دەنوسێت (نەگێڕدراوە ) یانی خوێنەر نازانێ ئەبێ کێ مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە ئایا وەک چیرۆکە کۆنەکان (هەقایەتە! )، دیسانەوە ئەم ناونیشانە بۆ زمانی ئینگلیسی نەشیاوە بۆ خەڵکی ئەوروپی و ئینڵیسی زان کە هیچ مانایەکی نیە و گونجاوی نیەو قورس و نارەحەتە بۆ خوێنەری ئەوروپی!، بۆ ناونیشانە کوردیەکەی کەدەبوو بینوسیبایە:

(مێژووی شاردراوەی کورد) کەمێ ڕاستر و گونجاوتربوو

لەگەڵ باسی کتێبەکەیدا،

هەر دەربارەی ناونیشانی کتێبەکە لە دێڕی دووەمی چاپی دووەمدا نووسەر دەنووسێ:

سەرلەنوێ دۆزینەوەی شارستانیەتی ڕۆژ ئاوا!

ئێمە وەک خوێنەری کوردی سۆرانی مێژووی کۆنی کورد ئەخوێنینەوە یان مێژووی ئەوروپیەکان!؟ کە بە چەند دێڕێکیش باسی مێژوی شارستانیەتی ئەوروپای نەکردووە!!، دۆزینەوەی شارستانیەتی ڕۆژ ئاوا کەلە کاتێکاین ئیمە خۆمان مێژوەکەمان بزرە و نەگێڕدراوەیە!؟ وەک نووسەر ئاماژەی پێکردووە!

لە کۆتایی ناونیشانی چاپی دووەمی کتێبەکەیدا ٢٠٢٣ کۆمەڵێ ژمارەی درێژی ساڵ و چاخەکانی داناوە کە ناتوانین سفرەکانی بژمێرین! ئەی نەدەبوو ناوی چاخەکان بنوسێ چونە کە ناونیشانە نابێ ژمارە بنوسرێ دەبێ ناوی چاخ و سەردەمەکان بنوسرێ!، کە ژمارەشت نوسی دەبێ ( – + ) بۆ دانرێ واتە ناتوانی دەقاو دەق بڵێی لەوساڵەدابوە چونکە ئەوسالانە دیاری کراونین و کەم و زۆرن،

هەروەها ئەم دوو ناونیشانە بۆ کتێب ناشێن و بەڵکوو بۆ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئاسایە و قبوڵ کراوە .

دەربارەی بەرگی کتێبەکە نازانرێ بۆ نووسەر بەرگی چاپی دووەمی گۆڕیوە کە ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکە هەر یەکە و یەک پێشەکی هەیە و بەرگی چاپی دووەم هاوشێوەی کتێبی شارستانیەتی چیلکەی لێکردوە لە ووێنەو ڕەنگ دا!

**دەربارەی پێشەکی هەردوو چاپەکە: ٢٠١٣ - ٢٠٢٣**

نووسەر لە هەردوو چاپەکەی دا هەمان باس و خواسی خۆی

تیا نوسیوە و هەندێکی لێکورت کردۆتەوە و هەنێکی لێ درێژە پێداوە واتە هەمان پێشەکی چاپی یەکەمی بە کەمێ دەستکاریەوە دانراوەتەوە:

نووسەر لە چاپی دووەمدا گلەیی دەکات کەلە پاش چاپی یەکەمی کتێبەکەی هیچ کەس گوێ پێنەیاوە لە دام و دەزگا و وەزارەتی رۆشنبیری و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و شوێنەوارناسان و مێژوونوسان و باقی نووسەرانی تر و .... هتد تەنها باس لە کەسێک دەکات کە لەسەری نوسیوە ئەویش لە کتێبەکەی نەگەیشتوە ( وەک گاڵتەپێکردن )!

هەربۆیەشە نووسەر هەموو سەرچاوە کوردیەکان سزا دەدات بە تایبەت زانکۆکانی کوردستان و زانکۆی شارەکەی کەوەک سەرچاوە ناویان نابات و سودیشیان لێنابینێ!

نووسەر بێ لەوەی زەرەری زۆری یاوە لە کتێبەکەی ناحەقیەکی زۆری کردوە بەرامبەر بەو شۆڕشە مێژویە ئەکادیمیانەی بەشی شووێنەوار و مێژوو لە زانکۆی سلێمانی کە لە ئاستی هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی ناوچەکە لە پێشن و دەستبەکارن و خاوەن بەرهەمی سەدان توێژینەوە و کتێب و کاری مەیدانی و کۆڕ و کۆبوونە وە و فلم و دۆکۆمێنتاری و دوزینەوەکانن لە بواری مێژوی کۆنی کوردستان کەلەسەر ئاستی میسۆپۆتامیاو وولاتانی دەوروبەر لە پێشی پێشەوەن و بەردەوام زانکۆکانی ئەوروپا و یابان و هەروەها ئەمریکایەکان لەسەردان و پەیوەندی و هاموشۆکردنیانن و لەسایتە جیهانیەکاندا زۆرترین بەرهەم دا ئەبەزێنن، ئەمە بێ لەوەی خاوەنی ( دکتۆر کۆزاد )ن کە زانایەکی بلیمەتی مێژویە وخاوەنی چەندین تۆژینەوەلێکۆڵینەوەیە و ئەوانیتریش کەمنین لە نمونەی( دکتۆر زاموا )و ( ڕافیدەخان –

زانای نوسینی چیلکەیی لە زانکۆی سلێمانی)!

نابێ، ناشێ، ناکرێ، و ڕێی تێناچێ! باسی مێژوی کۆنی سەردەم و چاخە کۆنەکانی کوردستان بکەیت و بە لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی سلێمانی و مۆزەخانەی سلێمانیا تێنەپەڕی ؟!

گاردۆ و ڕاڵف سولکی و سەدان زاناو پرۆفیسۆری تر

تەهاباقر و بەسمەچی و ئەبووسوف

ئەمین زەکی بەگ و جمال ڕەشیدی پرۆفیسۆر

دکتۆر کۆزاد و دکتۆر زاموا و ڕافیدەخانی زانا هەموویان بێکەم و زیاد بەو گووزەرەیا ڕێیان کردووە کە ئێستا لە زانکۆ و مۆزەخانەی سلێمانی کاری لەسەر ئەکرن و بەرهەم لەدوای بەرهەم خەرمان بەرزەکەنەوە

کەچی نووسەر پشتی تێئەکات و سزایان ئەیات!!

هەر دەربارەی پێشەکی کتێبەکە: نووسەر باس لە( ئیزگەکە و پێشمەرگایەتی و دەبابە و تەیارە و شتی وا ) ئەکات نوسەرێکی تری بواری زمانی سۆمەری ئەویش لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی ( مەلا فلان و پێشمەرگە و شتی وای کردوە ؟! ) چۆن ئەکرێ و ئەشێ کتێبێکی بەناو زانستی و مێژویی و زمانەوانی و ئەکادیمی بنوسێ و باسی شەڕو پێشمەرگایەتی خۆتانمان بۆبکەن!؟ لەکاتێکا ئەیتیوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک بیرەوەری و لە پەیجی خۆیانا باس لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆت بکەیت و بیرەوەری بنووسیتەوە نەک پێشمەرگایەتی و شەڕو شتی وا ؟! لە کتێبێکی ئەکادیمی و زانستی زمانەوانی و مێژوویدا باس بکرێ کە هیچ پەیوەندی نیە بە باسی کتێبەکەوە ؟!

## بەشی دووەم:
# دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە:

نووسەر لە چەند شوێنێکا ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کەوا مێژووی کورد ئاڵۆزە! و سەر لێشێواوی! و هیلاکی و مانووبوونی سی ساڵەی بەدەست بابەتەکانی ناو کتێبەکەی هیلاک و مانووی کردوە و شەو ڕۆژی خستۆتە سەریەک و تەواوی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردوە کەلەماوەی دووروودرێژیدا تەنها هەوڵی داوە( یەک کتێب) بنوسێ بە دووجار چاپ و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی .

ڕاستیەکەی مێژووی کورد لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆنەوە تا سەدەی سایکس پیکۆ زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ڕاستە دوور و درێژە بەڵام بە چەندین هۆکاری ئارکۆلۆجی و هێرشی داگیرکەرانە زۆر بابەتی مێژویمان لە وولاتان و گروپەکانی دەوروبەر زیاتر ئاشکرایە! هەر بەنمونە: پاشا ئەکەدی و ئاموری و ئاشوریەکان ئەوەندەیان لەسەر هێرشەکانیان بۆ کوردستان نوسیوە و بە جێ هێشتوە بۆمان نیو ئەوەندەیان لەسەر خۆیان نەنووسیوە!؟ دیارە نووسەر زۆر ماندووبوە وەک خۆی لە کتێبەکەدا و لە قسەوباسەکانی تردا ئاماژەی پێدەکات .

نووسەر گەڕەلاوژێی ناوەتەوە زۆر بابەتی ناپێویستی هێناوە و بەزۆر تێکەڵی کردوە و سەری لە خوێنەری کوردی و بەدڵنیایشەوە خوێنەری ئینلیسی تێکدەدات و وەک چێشتی مجەورە دەی ترشێنێ بەسەریەکاو هەندێ جاریش بە هۆکاری پەلە

سوغکاری ئەکات بە زانیاریەکانی و بابەتێک دائەپۆشێ و دەرگای بابەتێکی تر ئەکاتەوە!، بەنمونە لە باسی سۆمەریەکاندا دەیانجار ناوی نووسەر ئەرەبیە ئیسلامیەکان ئەهێنێتەوە لە (ئیبن فلان ) و (ئیبن فیسار) کە بێلەوەی پەیوەست نیە بەبابەتەکەوە وادەکات بابەتەکەی لەبەردەم خوێنەردا لاوازتر بکات کەدەبوو پشت ببەستێ بەلێکۆڵینەوە زانستیە ئارکۆلۆجیەکانی ئەوسەردەمانەی پێش مێژوو لە دۆڵی میسۆپۆتامیا!

## کوردی کێوی و کوردی دەشتەکی:

نووسەر هاوشێوەی چێشتی مجەوەر سۆمەری هوری و مادی و کوردی تێکەڵ کردوە و هیچ جیاوازیەک ناکات و هەمووی بەیەک زمان و کلتور و نەتەوە سەیرەکات!ئەمەش زەرەرێکی زۆر دەدات لە زانست بوونی مێژوویی بابەتەکەی و دەچێتە خانەی دەرەوەی زانستی ئەکادیمی ومێژوویی .

نووسەر نموونەی داستانێکی هێناوەتەوە ئەڵێ ئەوەتا هەموو بەیەک زمان دەدوێین لە گروپە جۆر بە جۆرەکانی خەڵکی ووڵاتی میسۆپۆتامیا! لە باکور و باشوری میسۆپۆتامیا! بەڵام دیارە نازانێ ئەوە زمانی ئاینیە کەهەموو لەوسەردەمەدا بڕواکانیان پێدەربڕیوە، بەڵام دەشتوانین دەیان نموونەی نووسراوی سەردەمانی سۆمەری بێنینەوە کە باس لە جووداکاری و قورسی تێگەیشتنی زمانەکانی باکور لەگەڵ باشوری هەبوە و وەرگیر هەبوە لە نێوانیاندا .

لە سەردەمی سۆمەریەکان مامۆستای حوجرەی نووسین و خوێندن بەدار لە خوێنکاری نەزانیان داوە و ڕێکیان کردونەتەوە،

ئەگەر نووسەر لە و سەردەمانەدا بژیایە و خوێنکاری حوجرەی یەکێک لە پەرستگاکانی ئەوسەردەمانە بوایە (بە دڵنیایەوە ) هەموو ڕۆژێ بە گریان ئەیان ناردەوەوە ماڵێ! چونکە بەراوردکاری و بەکار هێنانی زمانی سۆمەریەکەی هێندە هەڵەی تیایە کە دیارە کەسێکی نەشارەزا بە زمانی و ڕێساکانی زمانی سۆمەری نوسیویەتی!، بەونموونە ( گەرچی نمونەکان زۆرن ) تەنها چەند نموونەیەک دێنمەوە:

نووسەر وویستوویەتی یان حەزی کردوە بەزۆر بەراوردکاریەکان ڕێک خات لەنێوان زمانی کوردی هاوچەرخ و زمانی سۆمەری کۆن:

نووسەر ڕستەیەکی ئەکەدی هێناوە بە کەموکوڕیەوە دەڵێت ئەمەسۆمەریە sar sumari u akkadi: بەڵام ئەم ڕستەیە ئەکەدیە بە (کەموکوڕیەوە! ) و لە ئینلیسی English ) وەری گرتوە کە ڕاستیەکەی ئاوایە بە زمانی سۆمەری:

lu-gal.ki-en-gi.ki-uri.ke،

واتاکەی لاوکەڵەی کیئینجی و کیویەکە( ئەکەدی)،

چەند جارێکی تر لە بواری ڕێسای زمانی سۆمەری دەکەوێتە هەڵەوە و پاشگری: ke: (کە ) بەکارناهێنێ! لە دوای ئاوەڵناوەکانەوە وەک پیاوەکە، ژنەکە، سۆمەریەکە، پاشاکە، (کە ) لە هەردوو زمانی کوردی هاوچەرخ و سۆمەری کۆن یەک شوێن و جێگاو مانای هەیە،

یان دەبێت و پێویستە لە گەڵ هەر سەلکە خواردنێکی میوە و سەوزەدا برگەی (سەر ) وەکاربێت ئەم نووسەرە نازانێ و لە ڕستەی کورتا ناوی میوە و سەوزەکە وەک خۆی ئەنوسێتەوە وەک، سەلکە شێلم سەلکە چەوەنەر و سەلکە هەنار.

هەڵە زمانەوانیە سۆمەریەکانی نووسەر هێندە زۆرن ناتوانم هەموویان بنوسم، نووسەر لەچەند شووێنێکا بڕگەی (ئەکەدی) بە سۆمەری ناساندوە لەوانە: sar کە وەک پاشا و سەرکردە و سەروەر و سەردار و ئەوانەی تر لەمڕۆدا لە زمانی کوردی هاوچەرخ بەکاریەت .

نووسەر نەی زانیوە ناوی نوسینی سۆمەری: cuneiform بەکوردی بنوسێ و کەوتۆتە هەڵەی ڕۆشنبیرانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو کە بە مێخ ناویان هێناوە کەلەکاتێکدا مێخ هی بەستنەوەی مانگایە و بە سۆمەریەکەی کوردانە ترە کە دەکاتە: gi واتە: ( جی >چی>چیلکە قامیش) چیلکە یە و ئێمە تەنها لەمڕۆماندا: ( لکە)مان خستۆتەسەر وەک: چاویلکە تەپۆڵکە و نمونەکانی تر

نووسەر نەیزانیوە یەک بڕگە بەچەندین شێوەی جیاواز دەخوێنرێ لە هەردوو زمانی سۆمەری و کوردی هاوچەرخ وەک: bur کە ماناکەی بۆ خوشی نوسیوە بەر( تووکەبەر) کەنازانین بەری ژمارە چەندە!؟ چونکە بەر بە حەوت شێوە لە هەردوو زمانی کوردی و سۆمەری وەک یەک دەخوێنرێ بەبێ جیاوازی وەک: بەرەباب،بەرەودەرەوە،بەرەبەیان،بەری ئەوبەر، بەر پێگرتن و بەرەکانی ترە کە لەهەردوو زمانەکەداوەک یەک بەکاریەن و یەک ماناو یەک شوێنی ڕێزمانەوانیان هەیە!

نووسەر لە خوێندنەوەی بڕگەکاندا کورتی هێناوە و دەیان هەڵەی زمانەوانی کردوە وەک: gu جوو واتە جوین کەلەبری خواردن بەکاری هێناوە کە خواردن دەکاتە ku لە شێوەزاری (ئامەزاڵ)ی سۆمەری!

نووسەر نەی زانیوە زمانی سۆمەری وەک زمانی کوردی دەکرێتە باکور و باشوری وولاتی سۆمەر و لەنێوانیاندا چەندین شێوەزار هەیەو لەنێویشیاندا شێوەزاری نووسینی زمانی ژنانەیە کەبە ئامە زاڵ ناسراوە: ( ئامە: ئەمەی زمانم ) وە (زاڵ ) واتە ئەوکەسەی ( ئافرەت) کە پیاوابەسەریا زاڵەبێ ( بەسێکس) کە دەکاتە زمانی ژنانە یان قسەی ژنان یان ئافرەتانە کە زۆر باو ئاسانتربوە لەناو هەموو دیالەکتیکە سۆمەریەکۆنەکاندا،و دیسانەوە نەي زانیوە نووسەر ئەودیالکتیکە یان شێوە زارە سۆمەریە لەگەڵ کام شێوەزاری کوردی لە گووتیەکان و لاولاوی و ئەوانی تر یەک ئەگرنەوە و هاوتان کە کلیلی باسەکەی بوو ؟!

نووسەر نووسیوەیەتی:mu ama nin واتە ژنە بەتەمەنەکە دایکمی!!

ڕەستیەکەی ئاوا ئەنووسرێ: .mu.ama-ra.nin.ka واتە دایکە بەتەمەنەکەم

هەندێک لە زاناکانیش چوونکە زمانی کوردی نازانن لە هەندێ باردا بۆ خوێندنەوەی ڕاستی ڕستە کورتەکان کەوتوونەتە هەڵەی پچووکەوە لە وەرگێڕانی ماناکاندا ؟!

نووسەر نایەوێت پێمان بڵێ و ئاشکرای کات زمانی سۆمەری چۆن لە ناو کوردا تازە بۆتەوە و گەشەی کردوە و خۆی گونجاندوە لەدوای لەناوبردنیان و سڕ کردنی سۆمەریەکان لە خوارووی میسۆپۆتامیا کە بە هەڵگەڕانەوەیان بۆ ناوەڕاستی کوردستان کۆچیان کردوە بە ماوەی درێژ و لەگەڵ خۆیان وەک سۆمەریە ئاوارەکان زمان و کلتور و ئاینیان هێناوە ناو کۆمەڵگای کوردی مەبەستم لە U-turn Migration سۆمەریەکانە

نەک هەر زمانی سۆمەری بەڵکوو زمانی هوریشی تێکیاوە بەسەریەکا، کە ڕاستیەکەی هەڵەی خۆی نیە چوونکە لە زمانی ئینڵیسی English ەوە وەری گرتووە بە نموونە: لاوکیکۆڵی ئەسپ ناس وا دووا، لەووڵاتی ئۆردووگەی میتانی، (کردویەتی بە): بەوجۆرە (قسە دەکا) کیکوڵی ڕاهێنەری ئەسپ، سەربەخاکی میتانی!

هەڵەیەکی مەترسیداری کردوە کاتێ زمانی کۆنی سۆمەری گەڕاندۆتەوە بۆ کوردەکانی سەردەمی چاخی Neolithic ئالێرەدا هەموو بەهای زانستی و مێژوویی کتێبەکە ئەکەوێتە ژێر گوومانەوە و بەبڕوای من نووسەر هەڵەیەکی گەورەی کردوە کە ناکرێ لێرەدا بەچەند دێڕێ وەڵام بدرێتەوە بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات بەدوودێڕ کۆتایی پێدێنم: لەو چاخە دوورەدا کورد نەبووە تەنانەت خێڵیش نەبوە ئەوەی هەبووە کۆمەڵە خێزانی گەورە لەناو کەمپیی (کۆمۆنی سەرەتایی) بوونیان هەبوە و هێشتا زمانیان بڕگەیی سەرەتایی بوە لە نێوو دەنگە سەرەتایەکان تێنەپەڕیوە ئیتر چۆن ئەم زمانی کوردیە دروست بوو، نووسەر زۆر پەلەی کردوە و بەئارەزوی خۆی نووسیویەتی، نووسەر نەی زانیوە لە سەردەمانی چاخی بەردینی کانزایی پاشتر خێڵەکان پێک هاتوون و ئۆردووگەی سەرەتایی دروستبوون و ووردە ووردە پاشتر خێزانەکان بە بناری هەردوو ڕووبارەکاندا شۆڕبوونەتەوە بۆ خوارەوە بەرەو دەشتە گەرمەکانی میسۆپۆتامیا، ئەوقۆناغ و سەردەمانە ئەکرێن بەچەندین بەشەوە و ناو جۆر و مێژووی جیاواز کە هەمووی دیاری کراوە لەلایەن ئارکۆلۆجیەکان

با لە سەردەمی سۆمەری دەرچین، بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر دەماکانی تر کە بە کورتی ئەی بڕێنمەوە هەستم بە شتێکی

نامۆکرد، وەک سایکۆلۆژیەتی نووسەر بەرامبەر بە خوێنەر ئەویش بەزۆر خستنە گێژاوی زانیاریە کە هیچ سوود ناگەیەنێ بە زۆر بەبەتەکان تێک هەڵنجێنێ و هیلاکت ئەکات لەگەڵ ئەمانەشدا خۆی دوو دڵە لە زانیاریەکانی بۆیە بـەردەوام ئـەم ووشـە و دەستەواژانە وەکار ئەهێنێ: ڕەنگە، لەوانەیە، ئەشێ، دەشێ، لام وابێ، لەوبڕوایەدام، بڕوادەکرێ!! لەگەڵ چەندین بابەتی تر کە خوودی ناوی کتێبەکەشی هەر گوومان و دوو دڵیە: کورد کێیە!

کوردی کێوی (چیایی) و کوردی دەشتەکی (دەشت) ی کردوە بە سۆمەری و گووتی ئەی ئەوانەی تر چی لێبکەن و بیان خەینە چ پۆلێنیکەوە لە شارستانیەتە کۆنەکانی کوردستانی کۆن لە دۆڵی میسۆپۆتامیا و شاخەکانی زاگرۆس!

نووسەر لە بەشەکانی تردا زۆر پشتی بە نووسەرە عەرەبە کۆنەکان بەستوە و بەردەوام باسیانەکات، پشت بە دائیرەی معارفی ئیسلامی ئەبەستێ و زۆر باس لە کەسایەتیە بەناو کوردەکان ئەکات و ئەیکاتە بەڵگە بۆ کوردبوونی شارستانیەتی ئیسلامی عەرەبی ؟!، نەهاتوە بڵێ کوردیش توانیویەتی وەک چەند کەسایەتیەک ببنە کارەکتەری ناسراوی (شارستانیەتی عەرەبیی ئیسلامی)، وەک ئەوەی هەزار ساڵی تر کەسێ بێت و مێژووی ئەم دەوروزەمانە بنوسێتەوە و بڵێ: کوردەکان ئەودەمی حوکمی ئێراقیان دەکرد لە نمونەی: تاڵەبانی و مەعسومی و بەرهەم ساڵەحی و ڕەشیدی پاشاکانیان بوون ؟! کە لە کاتێکا ئەزانین ئەوانە هەموو چوار ساڵ جارێک ئەخرێنە کۆشکی سەلامەوە لە بەغا و دەرگایان لەسەر دائەخرێ و کوردەکانیش شەقشەقێنیان پێ ئەکرێ لەسەر جادەکانی کەرکوک و خورماتوو شوێنەکانی تر بەدەستی برایانی حەشدی شەعبی.

نووسەر زۆر کارەکتەری سەیر و سەمەرەی ئەو دەورانەی هێناوەتەوە کەبۆتە مایەی کوردبوونی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی! کابرایەک کە ناوی عەرەبی بوە و جلوبەرگ و زمانی عەرەبی و خوشکەری مجلیسی سوولْتانەکان بوە وەک ئاهەنگ و مۆسیقا و شایی و لۆغان مانگی (بەقسەی نووسەر) کۆلێ پارەی وەرگرتوە ؟!، لەکاتێکا ئەم ئەیکاتە قارەمانی کوردایەتی ؟! زۆرن ئەوکەسانەی لەمێژووی کوردا لە کۆن و لەتازە هێلکەی دوو زەردێنەی دۆراویان کردوە و ڕیقنەکانیان بۆ خەڵکی کوردستان بوە و ئیستا لەسەر شانوملمان بەرز ڕایان ئەگرن ؟! ئایا نووسەر ئەیەوێت بەم کارەکتەرانە کوردبوونی یان کاریزمای شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی بسەلمێنێ ؟!

نەم زانی بۆچی نووسەر ئەو هەموو وێنە زیایەی داناوە کە پەیوەست نیە بەکوردەوە ؟! بەنمونە وێنەکانی لاپەڕە ٣٣٧ کە باس لە کورد بوونی دەوڵەتی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەکات دوو وێنەی داناوە ( گۆزەیە و نوسیوەتی کوپە ) لەگەڵ چرایەکی سیرامیکی کە نەبوونی باشتربوو چوونکە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نیە، یان وێنەی پەیکەری پاشاکانی سەردەمی لاولاویەکانی داناوە لەناو سەردەمانی ئیسلامی!؟

نووسەر زۆر قسە و باسەکات لەسەر ئازەر و ئازرەبایجان و بە کوردی کوردیان ئەزانێ کە ئێستا داگیرکراوە ؟! مانای ئەوەنیە سەردەمی مادەکان هەرکوێیەکیان گرتبێ ئیتر ئەوە کوردستانبێ ئەگەر وایە کەوابوو ئاشوریەکانیش ڕاستەکەن هەموو کوردستان موڵکی ئەوانە کە چەندین سەدە داگیریان کردبوو ؟!


نووسەر بەشێکی تایبەتی بۆ نەورۆز داناوە و کردویەتی بە جەژنی نەتەوەی کورد کەلەکاتێکا ئاشکرایە جەژنی نەورۆز جەژنێکی کۆنی ئاینی کوردی و هەموو خەڵکی دانیشتوانی زاگرۆس میسۆپۆتامیایە و هەر گروپە بە جۆر و شێوازی ناوچەیی خۆیان ساڵانە یادی ئەکەنەوە و بەجیهانی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست و نیوەی ئاسیادا بڵاوبۆتەوە!

نووسەر بۆ ئەوەی جیاکاری بکات لە فەوزایەی ناویەتیەوە لە چاپی یەکەمدا هاتووە ژماری داناوە بۆ چاپە نوێیەکە و ئەوەنەی تر سەری لە خوێنەر تێکداوە وەک: ٢٠٢٠٥٠١ کە بەشی وایتیایە پێنج دێڕەوە لە بەشەکانی تر هەر بیری چوە ژمارەکان دانێ و پۆلێنی کات و لەو گێژاو خوینەر دەرکات!

هێوادارم نووسەر بتوانێ سوودی لێوەرگرێ و درێژەبات بە نوسین و بەردەوامبێت و سوود لە توێژینەوەکانی زانکۆی سلێمانی و زانا کوردەکانمان وەرگرێ تا کتێبخانەی کوردی پێدەوەڵەمەند بکات

مانای ئەوەنیە هەرکەسێ هاتوو لەسەر مێژوو نوسی ئەوە مێژوو نوسبێ! بەسەدان قەڵەمی جوانمان هەیە وەک نوسەری ڕۆشنبیر بەڵام مێژوو نووس نین!، گەرچی نووسەر خۆی لە هەموو نووسین و قسە و باسێکیا خۆی بە (مێژوو نووس ) ناو ئەبات، بە بڕوای من نوسەرە و ڕۆشنبیری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرە و هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازم لە بەرهەمە تازەکانیدا.


پاشکۆی وویّنەی نووسراوەکە:




**نووسەرە بیانیەکە لە گۆڤارەکەدا ئەپرسێ کورد کێیە!**

**تیایدا باسی کورد و کۆڕەوەکە دەکات ١٩٩٢**





**هەردوو چاپی کتێبەکە:**

**چاپی یەکەم: کورد کێیە ٢٠١٣**

**چاپی دووەم: مێژوی بزر و نەگێڕدراوەی کورد ٢٠٢٣**




پێشەکییەک سەبارەت بە پرۆژەی ئەم کتێبە

XVI

پێشەکی

XV

**هەردوو پێشەکی کتێبەکە هەمان نووسین و پەرەگراف و بابەتە بە هەنێ دەستکاری کەم کردن و زیادکردن**







**یەک ڕەنگی بەرگ و یەک دیزاین و یەک ڕەنگی نوسین**
**لە هەردوو کتێبی:**
**شارستانیەتی چیلکە ٢٠٢٠**
**مێژوی بزر و نەگێڕاوە ٢٠٢٣**

# چ نووسەرێك بۆ ئەوکەسەی زمانی سۆمەری نەزانێ و بەناوی سۆمەریەکانەوە قسەبکات!



**نامەیەک بە دەستوخەتی چیللکەی (مێخی) سۆمەری**

**<u>نامەیەکی کراوە:</u>**

لە: <u>شێرکۆ عادل دەباغ</u>ەوە

بە زمانی سۆمەری و نووسینی چیللکەیی(مێخی)

بۆ: <u>سۆرانی حەمەڕەش:</u>


**ئەم کوورتە نامەیە بە نووسینی چیللکەیی(مێخی) نووسراوە لەلایەن:**


**شێرکۆ عادل دەباغەوە، نێردراوە بۆ: سۆرانی حەمەڕەش، بە هۆکاری ئەوەی بە بەردەوامی لە چاوپێکەوتنە زۆرەکانیدا و لە نووسینەکانیدا بە ناوی سۆمەریەکابەوە قسە ئەکات و پێناسەیان بۆ دەرەکات، بۆیە ئەم نامەیەی بۆ نێردراوە بە زمان و نووسینی سۆمەری تا ئەگەر بزانێ و بتوانێ بیخوێنێتەوە و وڵام باتەوە بە سۆمەری بەڵام تا ئێستا نە توانیویەتی بیخوێنێتەوە و نەوەڵامی داوەتەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە سۆمەری نازانێ و بەناویشیانەوە قسە ئەکات و ووتار ئەدات!: سۆمەریەکان کوردی دەشتەکین و بە زمانی کوردی دێرین دواون! وە هەروەها ئەڵێ دەیان زمانی دێرین و زمانی سۆمەری ئەزانێ!، کەچی ناتوانێ ئەم نامە کورتە بخوێنێتەوە و وەڵامی باتەوە،**


لێرەدا نامەکە وەک خۆی دائەنرێتەوە بە نووسینی چیلکەیی سۆمەری و بەڕێزمانی سۆمەری نووسراوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەیدا:


Transcription, Transliteration, Translation:

**ئەم نامەیە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە ؟! چونکێ سۆمەری نازانێ بۆیە مەجبورم خۆم بۆی وەرگێڕم! و بۆی بخوێنمەوە!**









**نووسراوە چیللكەیە سۆمەریەكەی نامەكە بە خوێنەوەی پیتی لاتینی و دەنگەكانی:**

**Transcription, Transliteration, Translation:**

ta lu ke, su-ra-an ra, shan

she-er-ku bi(be)

gish-dim bad(be)

dab-sar su-ra-an

nu-mu-uu-zu-a eme-gi

dub-sar eme-gi (nu-mu-nu-zu-a)

a-na-am nam-dub-sar-ra-ni

dub-sar kur-da-dug-da-ra zu-a

za-e ush2 nu bad ub

ur kur-kur-ra ki-en-gi17

ur2-nu

d-en-lil za3-mi2

en-gal-lu2 uru ra

bar-tak4 kur-kur-ra

لەبەر ئەوەی نامەکە بەشێوازی سۆمەری کۆن نووسراوە هەروا ئاوا وەرەگێڕدرێت!

**بۆ پیاوەکە(لاوەکە) سۆران(ی) برام**
**شێرکۆ وائەڵێ، نامەی کراوە (یە)**
**نووسەر سۆران**
**نازانێ زمانی سۆمەری!(کیئینجی)**
**چ نووسەرێکە ئەوکەسەی زمانی سۆمەری نەزانێ!**
**نووسەر کووردی ئەزانێ**
**تۆ نەیەیتە ناو(نەی بڕی) کونی**
**شوورا و شار و وولاّتی**
**کیئینجی(سۆمەری)**
**ستایش بۆ**
**خواوەن ئینەڵیڵ (کە )**
**ئۆردوگەی ئینگلۆیە(ئینگلاند)**
**مەملەکەتی بەری تاک(بەری تەنیا)**

کورتەی نامەکە بەزمان و تێگەیشتنی ئەمڕۆمان :

**براکەم سۆران، تۆ کوردی ئەزانی**
**بەڵام سۆمەری نازانی!**
**چ نووسەرێکە ئەوکەسەی سۆمەری نەزانێ و بەناویانەوە قسەبکات !**
**خۆت مەخزێنە ناو سۆمەریەکانەوە!**
**ستایشی بۆ خواوەن هینە لێڵ کە**
**شێرکۆ لە مەملەکەتی بەری تەنیا (بەری تاک)**
**لە ئۆردوگەی ئەنگلۆ( ئینگلاند)**



# مێژووی کورد
# بە نەشارەزایی و چاوێکی نوقاوەوەی نانووسرێتەوە!

**چەند تێبینی و سەرنجێك دەربارەی پێشەکی کتێبی**

**(کورد کێیە؟/مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد)ی**

**زۆر بەڕێز کاك(سۆران حەمەڕەش)**

**نووسینی: پ.ی.د. دڵشاد زاموا**


مێژووی کورد بە نەشارەزایی و چاوێکی نوقاوەوەی نانووسرێتەوە!
چەند تێبینی و سەرنجێک دەربارەی پێشەکی کتێبی
(کورد کێیە؟/مێژووی بزر و نەگێردراوەی کورد)ی زۆر بەڕێز کاک(سۆران حەمەڕەش)
نووسینی: پ.ی.د. دڵشاد زاموا Dlshad Zamua
(مامۆستا لەبەشی شوێنەوار-زانکۆی سلێمانی)
مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد
سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانیەتی ڕۆژئاوا و بنەچەی
زمانە هیندۆئەورووپیەکان
(لە ١٠٠٠٠ پ.ز وە بۆ ١٣٠٠ ز)
سۆران حەمەڕەش
چاپی یەکەم
کورد کێیە؟
سۆران حەمەڕەش

**<u>دکتۆر زامووا:</u>**

**مێژوونووسین لە سەردەمی بێ بەهاکردنی زانست و ئەکادیمیادا:**

گومانی تێدانییە، ئێمە لەسەردەمی بێ بەهاکردنی هونەر و ئەدەب و زانستەکاندا دەژین، دەیان زانای فیزیای خاوەن خەڵاتی نۆبڵ، هێندەی یوتیوبەرێک ناوبانگیان نییە، کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەڵێت هەموو توێژینەوەکانی فیزیا هەڵەن و زەوی تەختە! سەدان مەلای دوانزە عیلم، کە نیوەی ژیانیان بۆ خوێندن لە حوجرە و مەدرەسەکانی شار و لادێکاندا لە خزمەت زانا و عەللامە و شێخولئیسلامەکاندا بوون، ئێستا هێندەی بانگخوازێکی نەزان ناوبانگیان نییە، کە بە ڕاست و چەپدا دوای خوێندنەوەی دوو کتێبۆکە یان سەیرکردنی ڤیدیۆیەکی یوتیوب، فتوای توند یان شلومل دەدات!

جا ئەم شەپۆلە، مێژوو و شوێنەوارەکانی کوردستانیشی گرتووەتەوە، نووسەری بەڕێزی، خاوەنی دوو کتێبی (کورد کێیە؟) و (مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد) کە ناوەڕۆکەکانیان لەیەکەوە نزیکە و بە دوو ناونیشانی جیاواز نووسراون، ئەم نووسەر بەڕێزە، ڕۆژێک وانەیەکی مێژوو و شوێنەوار و زمانە دێرینەکانی لە پۆلی هیچ زانکۆیەکدا نەخوێندووە، و نازناوی ئەکادیمی و مێژوونووس و زمانەوانی لەخۆی ناوە. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین، کە ئێمە نووسەری ئەم کتێبەمان خۆشدەوێت، تەنها لەبەرئەوەی هەستێکی پاکی کوردانەی هەیە. خودا خۆی دەفەرموێت (شتی خەڵکی بێ بەها مەکەن)، و بەڕێزیشیان شتی جوانیان نیشانداوە، و کارێکی جوانە هەموو مێژووی کوردستان

لە کتێبێکدا کۆبکەیتەوە، و ئامانجت لێی ئەوەبێت تاکی کورد وشیاربکەیتەوە و شانازی بە مێژوو، زمان، و سەلاحەدین و لەیلاقاسم و سەرکردە کورِ و کچەکانییەوە بکات.

**ئێمە وەک شوێنەوارناسێکی کورد، لێرەدا تەنها شیکردنەوەیەک بۆ پێشەکی کتێبەکەی، و بەشێک لە لێدوانەکانی دەکەین، و پێمان وایە کێشەی ئەم نووسەرە بەڕێزە ئەوەیە کە:**

١. کاتێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە دەردەکەوێت و دەڵێت: "... شارەزای (سیانزە زمانی دێرین) و (بیست زمانی نوێ)م! ئەمەم لە چاوپێکەوتنەکەی کەناڵی زاگرۆس بینی، شارەزایی لە سی و سێ زماندا لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نییە، و پێم وابێت یەکەم مرۆڤە لەسەر زەوی بانگەشەی وا بکات! لەکاتێکدا نزیکەی سەد و پەنجا ساڵە نووسینی مێخی و زمانە دێرینەکان خوێندراونەتەوە، تا ئێستا هیچ زانا و پڕۆفیسۆرێکی ئەو بوارە بە خۆی نەوتووە نەک سیانزە زمانی دێرین، تەنانەت هیچ زانایەکیان نەیوتووە من شارەزای سێ زمانی دێرینیشم، چ جای سیانزە زمان!

٢. بەدوای نازناوی گەورەتر لەخۆیدا دەگەڕێت، و لە سەر بەرگی پشتەوەی کتێبەکەی، چوارناونیشانی قەبەی لە دوای ناوی خۆی نووسیوە "نووسەر، ئەکادیمی، مێژوونووس و زمانەوان»!

بەهەمان شێوە لە سەر پشتی بەرگە ئینگلیزییەکەی کتێبەکەشیدا هەر نووسیویەتی

(Writer, Academic, Historian and Linguist)!

ئەمە لە ڕووی یاساییەوە خەڵک و خوێنەر خەڵەتاندنە، جا ئەم نووسەرە بەڕێزە لەوڵاتی بەریتانیا ژیاوە و دیارە ئینگلیزییەکەشی باشە، بەڵام لەوە تێنەگەیشتووە کە ناونیشانی(Academic) واتە

پسپۆڕی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا و پڕۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆ، ئەم هەروا بە سانایی لە دوای ناوەکەی خۆی دایناوە، و ئەشێ لە ئەمازۆن خەڵکانێکی بیانی بکەونە ئەو داوەوە، و کتێبەکەی وەک کتێبی ئەکادیمییەک بکڕن! ئا ئەم ناونیشانە قەبانە دەچنە خانەی Misleading Readers و چەواشەکاری و ئینتیحالەوە. بۆ نموونە لە فەرهەنگی Collins Dictionary بەم شێوەیە پێناسەی کەسی ئەکادیمی کراوە:

**An academic is a member of a university or college who teaches or does research.**

"ئەکادیمی ئەو کەسەیە کە ئەندامی زانکۆیەک یان کۆلێجێک بێت کە مامۆستایەتی تێدابکاتە، و وانەی تێدابڵێتەوە، یان توێژینەوەی تێدا ئەنجامبدات " ئایا ئەم نووسەرە بەڕێزەمان ستافی ئەکادیمی چ بەشێکی مێژوو و شوێنەوار و زمانە دێرینەکانی چ زانکۆیەیە؟!

٣. لەگەڵ ئەوەی نازناوی ئەکادیمی لەخۆی ناوە، بەڵام لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت کە دەیەوێت لەم کتێبەیدا "بەرامبەر بە بۆچوونە جێگیر و بیروڕا ئەکادیمییەکان بوەستمەوە." ئائەم کتێبە تاکە کتێبی جیهانە کە لەیەک کاتدا لەسەر بەرگی کتێبەکەی، نووسەرەکەی نازناوی ئەکادیمی لەخۆی بنێت، و ئەکادیمیش نەبێت، و بشڵێت بەرامبەر بە بۆچوونە ئەکادیمییەکان دەوەستمەوە! بەڕاستی ئەم دژ یەکانە، گاڵتەکردنە بە خوێنەر، بەو بەڕێزانەی بڕە پارەیەکی زۆر دەدەن بەم کتێبە، و لە عەشقی کورد و مێژووی کورد دا عەودالانە دەیخوێننەوە، بەڵام ڕوویان دەکەوێتە ئەم سەراب و تراویلکەیە! ئەم نووسەرە بەڕێزە، ئەکادیمیا و ناوەندە زانستی و زانکۆییەکانی کوردستان، و ڕۆژئاواییەکانی

لەبەرچاوی خوێنەرەکانی بەوشێوەیە نیشانداوە، وەک ئەوە وایە لێی کردبێتنە کڵێسەی کاسۆلیکی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی، و خۆشی لێکردوون بە ڕۆسۆ و ڕۆبسبێر و دژیان دەوەستێتەوە! بەڕاستی ئەمە نەنگییەکی گەورەیە، و داهاتوو دەیسەلمێنێت کە ئەمە چ دەربڕینێکی نازانستی و هەڵەیە.

٤. نازناوی زمانەوان Linguisticیشی لەخۆی ناوە، نازناوێک خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایەک لە بواری زمانیشدا خۆی بە شایەنی نازانێت! ئەم بەراوردکاری و فەرهەنگۆکانەی کتێبەکەی جێگەی تێڕامانی زۆرن، کە خەڵکی ئاسایی و نەشارەزا لەو زمانانە، چاک باوەڕیان بەم پەیوەستکردنەوانە هێناوە، وا باوەڕ دەکەن، نووسەری مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، هەنگوینی لە کلۆرە داردا بۆ دۆزیونەتەوە! بەڵام زۆربەیان بێ بنەمای زمانەوانین، و لەتە وشە و ڕستەی خۆکردن. و ئەو جۆرە بەراوردکارییانەش هیچ نەبوونەتە پێوەر بۆ پەیوەستکردنەوەی تەواوی دوو زمان، بەتایبەت زمانی دێرینی مردوو و زمانە نوێیەکان.

٥. مرۆڤی چاخە بەردینەکان بە کورد دادەنێت، لەکاتێکدا لەوکاتەدا پسپۆڕان تەنانەت گومانیان هەیە هۆز و تیرەش هەبووبن، سەردەمی پێش داهێنانی نووسینە و نازانین چ زمانێکیان هەبووە، و ئایا زمانەکەیان چەندە سادەبووە، جلوبەرگ و دابو نەریت و وردەکاری ژیانیان زۆر ڕوون نین. نووسەر بەمەوە ناوەستێت دواتر سومەرییەکانی داگیرکەری زاگرۆس بە کورد دادەنێت، و دەڵێت زمانی سومەری هەر کوردییە، و دوای ئەوە گوتییەکان، و ماننابییەکان و خوریی و هەموو گەلەکانی تری زاگرۆسیش هەر بە کورد دادەنێت، لەکاتێکدا نە ئەو زمانە مردووە دێرینانە

پەیوەندی ڕێزمانی، و پێکهاتەییان بە زمانی کوردییەوە هەیە، و نە بەڵگەکانیشی بە هێزن، بۆ نمونە دەڵێت مانناییەکان زمانەکەیان کوردییە، سەروگوێلاکی ناوێکی شکاندووە و دەڵێت ئەمە (وەستا ڕێبەر)ە. جا با بۆتان ڕوونبکەمەوە، کە ئەم نووسەرە بەڕێزە، لە زۆربەی کۆڕەکانی، چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانی، و پەیجەکەیدا چەند جارێک و لە پێشەکی کتێبەکەشیدا باسی ئەم (وەستا ڕێبەر) ەی کردووە، و دەڵێت، ئەمە وشەیەکی مانناییەکانە و بەواتای (وەستای سەرکردە/ڕێنیشاندەر). بەداخەوە، کاتێک دەچیتەوە سەر سەرچاوەکان، تێدەگەیت کە ئەم نووسەرە بەڕێزەمان چەندە سەرپێیانە زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و بەبێ لێوردبوونەوە، دەیانکاتە دۆزینەوەی نوێ و خوێنەری کوردی بەستەزمانیش چەندە دڵی پێی خۆشدەبێت، لەم ڕۆژانەدا لە کتێبخانەی جەمال عیرفان دانیشتبووین، مامۆستایەک کە ماستەری لە مێژووی وڵاتانی تر هەیە، وتی دۆزینەوەیەکی نوێیە کە لەم کتێبەدا نووسەرەکەی سەلماندوویەتی ناوی وەستا ڕێبەر ناوێکی دێرینە و مانناییەکان هەیان بووە. جا با بۆتان باس بکەم ئائەم وەستا ڕێبەرەی لە کوێوە هێناوە! لە وێبسایتی ئیرانیکا Iranica دا، بەم شێوەیە لێکدانەوەیەکی هەڵەی کۆن خراوەتەڕوو:"مانایکانو، ناوی دامەزراوەی ناوچەکانی کەوانن، کە بە زمانی ئەکەدی پێی دەوترا خەتاڕو لە شاری نیپور (شارێکە لە باشوری مێسۆپۆتامیا)، لەوانەیە مانایکانو هەر مانناییەکان بگەیەنێت (کە لەوەوپێش مانیکانو بە بانایکانو دەخوێندرایەوە، زادۆک ١٩٧٩، ل ل. ١٧١...). لە دەوروبەری ٤٢٤ یان ٤٢٣ی پێش زایندا فەرمانبەرێک بووە ناوی (ئوستاریبار) بووە".بەم شێوەیە بۆ خوێنەری بەڕێز دەردەکەوێت،

کە ئەم وەستا ڕێبەرەی نووسەری مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، پەیوەستە بە فەرمانبەرێکی شاری نیپور لە باشوری میسۆپۆتامیا (باشوری عێراق)، نەک موکریانی خۆرهەڵاتی کوردستان و وڵاتیماننا، ئەمە جگە لەوەی ئەم تۆمارە مێخییە لەساڵانی ٤٢٤ یان ٤٢٣ی پێش زایندا تۆمارکراوە، و ئەوکاتە زیاتر لە دوو سەد و هەشتاو هەشت ساڵبو دەوڵەتی مانناییەکان لەلایەن میدییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، و شتێک نەمابوو بەناوی دەوڵەتی ماننا و زمانی ماننا، جا ئەگەر لێکدانەوەکانی تریشی وابێت، ئیتر هاوار بە ماڵی مێژووی بزر و نەگێڕدراوە. ئا ئەمە، نەک بەڕاستی گێچەڵکردنە بە زانست، و زمانە دێرینەکان و شوێنەوار، بەڵکو بەهەستی خوێنەرانیش.

٦. سنوری مێژوویی کتێبەکەی لە ١٠ هەزارساڵ پێش زایینەوە تا ساڵی ١٣٠٠ی پێش زایینە، بەڵام نووسەر هیچ بەم سنورە مێژووییەوە، کە زۆر زۆر فراوان و نازانستییە، پابەند نەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری مێژووی هاوچەرخ و سەدەی بیستەمیشی تێدا سیخناخکردووە، و بۆ نمونە لەلاپەڕەیەکدا باسی شەهیدکردنی خاتوو لەلایلا قاسم دەکات و وێنەکەشی داناوە کە ئەم ڕووداوە پەنجا ساڵێک لەمەوبەر بووە.

٧. ئەو میرنشینە کوردییانەی سەردەمی عەباسی کە ئەو بە سێ چوار لاپەڕە لەم کتێبە بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەیەدا باسیکردوون، هەریەکەیان سێ چوارماستەرنامە و کتێبی زۆر باش و زانستییان بە زمانی کوردی، و لەلایەن مێژوونووسان و بەشە زانستییەکانی زانکۆکانی کوردستانەوە لەبارەوە نووسراوە، بەڵام نووسەر بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیان پێنادات!

٨. دەڵێت هیچ کتێبکی کوردی دەربارەی سەلاحەدین نەنووسراوە، و چاوی لە شاکارەکەی دکتۆر موحسین و دکتۆر نەبەزی کۆنە سەرۆکی زانکۆی کۆیە و د. کامەران عەلی و د. جوان ئەحمەد و د. هاوکار جەلەمۆردی و مامۆستا شاسوار هەرشەمی و مێژوونووسانی تر و توێژینەوە شوێنەوارییەکانی شوێنەوارناسانی کورد نوقاندووە، کە چەندین وردەکاری گرنگیان دەربارەی سەلاحەدین و ئەیوبییەکان و سنوری دەوڵەتە کوردییەکەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

٩. بە مۆر دەڵێت پول، ئەم هەڵە زەقەش، لەوەوە سەرچاوەیگرتووە، کە ئەم بەڕێزە لە هیچ زانکۆ و ناوەندێکی ئەکادیمی شوێنەوار و مێژووی نەخوێندووە، لەبەرئەوە وشەی stamp ی ئینگلیزی بە فەرهەنگۆک وەرگێڕاوە و کردوویەتی بە پول!

لەکاتێکدا مۆر شتێکی تەواو جیاوازترە لە پولی کاغەز و دۆمینە! ئەمە جگە لەوەی دەڵێت (ئەم پولانە...)بوونەتە هۆی داهێنانی نووسین، ئەمەش دووبارە هەڵەیە، ئەگەر کەسێک فێرخواز و شاگردی بەردەستی مامۆستایەک نەبێت، هەر وا سەرپێی و دەکەوێتە هەڵەی زانستی لەو شێوەیەوە.

١٠. لە تازەترین چاوپێکەوتنیدا لە کەناڵی گەلی کوردستان، وەک خۆی لە پەیجەکەی دایناوە و دەڵێت تەنها لە چل و پێنج چرکەدا دەربارەی کتێبەکەم دواوم، هێرش دەکاتە سەر پرۆگرامەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان و ئەڵێت ئەوەی ئەمڕۆ لە خوێندنگەکاندا بە مناڵانی کورد دەوترێت (مێژووی کورد نییە)! لەکاتێکدا پرۆگرامەکانی خوێندن و کتێبی

وانەکانی مێژوو، چەندین بابەتی مێژوویی کورد و کوردستانی تێدایە، و بە شێوەیەک نووسراوە کە خزمەت بە مێژووی کورد و کوردایەتی بکات، و لە مێژووی چاخە بەردینەکانەوە بۆ مێژووی هاوچەرخ لە قۆناغەکانی خوێندندا باسکراون، بێگومان مێژوونووسان و شوێنەوارناسان ئەزانن ئەو کتێبانەی مێژوو کە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێن کەم و کوڕییان هەیە، و لەسەر کەم و کوڕییەکانیش وتاری ڕەخنەییمان نووسیون، بەڵام بوختانێکی گەورەیە یەکێک بێت و بڵێت ئەوەی ئەخوێندرێت مێژووی کورد نییە! کێشەی ئەم نووسەرە بەڕێزە ئەوەیە هەموو شتێک بەڕەهایی ڕەت دەکاتەوە، و بۆچوونەکانی خۆشی بە ڕەهایی پێ ڕاستترینە!

١١. هەرچی بۆخۆی پێی زانیاری نوێ و تازەبووە و یەکەمجاربووە بەرچاویکەوتووە، پێی وایە کە کەس لەوەوپێش نە بیستوویەتی، و نە لەسەریشی نووسیوە. و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە سەدان سەرچاوەی تایبەت بە مێژوو و شوێنەوار کە بە کوردی نووسراون بەکارینەهێناون، تا خوێنەرانی وا تێبگەن بەس کتێبەکەی ئەو بە کوردی باسی شوێنەوار و مێژوو و زمانە دێرینەکان دەکات. و تەنانەت کتێبی عەرەبی و عەجەمی و ئەرمەنی و ڕووسی و ئینسکلۆپیدیا کۆنەکەی بریتانیکای پڕ زانیاری کرچوکاڵیشی بەکارهێناوە، بەڵام ئامادەنەبووە توێژینەوەکوردییەکان بەکاربهێنێت، و لە کۆتایی کتێبەکەیدا لیستی سەرچاوەکان بەدیناکرێن، جا نازانم ئەو کتێبەی کە من لامە لیستی سەرچاوەکانی پەڕیوە، یان هەر نووسەر لیستی سەرچاوەی نەنووسیون، ئەگەر وابێت، ئەمە نەنگییەکی تری کتێبەکەیە کە نووسەر خۆی بە ئەکادیمی ناوزەد دەکات، چونکە دانەنانی لیستی

سەرچاوەکان، ئەگەر لەبەر کەمبوونەوەی قەبارەی لاپەڕەبێت هەر هەڵەیە، و ئەگەر لە ترسی ئەوەش بێت کە خوێنەر نەچێتەوە سەر سەرچاوەکان ئەوە نەنگییەکی لەو خراپترە!

١٢. ڕەخنە لە دیدی ئاریایی و ئێرانیزم دەگرێت، کەچی خۆی بەرهەمەکانی دیاکۆنۆف بە نمونەی باڵا باس دەکات، لەکاتێکدا مێژوونوسانی هاوچەرخی کوردی، بەڵگەنامەی گرنگیان دەستکەوتووە، کە بەشێک لەم مێژوونووسە ڕوسی یانە، پارەیان لە شای ئێران وەرگرتووە، بۆ خزمەتکردنی بیری ئاریایی و ئێرانیزم و ڕاکێشانی مێژووی زاگرۆس و کورد بۆ بن باڵی ئێرانیزم.

١٣. ئەم نووسەرە بەڕێزە، زۆرپێی لێڕاکێشاوە، و چەندین هەڵەی زمانەوانی و مێژوویی بڵاودەکاتەوە، و ئەو هەڵانەش بەدۆزینەوە و بیردۆزەی نوێ و دووبارە نووسینەوەی مێژووی کوردی ناودەبات، لەلایەکی ترەوە هەوڵی دەیان و سەدان نووسەر و توێژەر و مێژوونووس و شوێنەوارناسی کورد و دام و دەزگای چاپ و بڵاوکراوە و بنکەی توێژینەوە، و زانکۆکانی کوردستان و خوێندن و پەروەردە بە بێ بەها نیشان دەدات، ئەم چەواشەکاریی و بڕیاردانە هەڵانەی ئەم نووسەرە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

١٤. نووسەری کتێبی بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر ئەکادیمیان و زانکۆکان و بەشەکانی مێژوو، و شوێنەوار و زۆر بێویژدانانە لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی ”زۆر کتێب لەسەر مێژووی کورد هەیە و زۆربەیان لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە زمانی کوردی نازانن.

...کورد دەزگای ئەکادیمی فەرمی خۆی نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژووەکەی. ...نزیکی هەموو کتێبێکی ئەو بوارە لەلایەن خەڵکی بێگانەوە نووسراون.»

١٥. شانازی بەوەوە دەکات، کە بۆ نووسینی کتێبکەی هیچ سەرچاوەیەکی کوردی زانکۆکانی باشوری کوردستان، و سەرچاوەی کوردی بەکارنەهێناوە، لەکاتێکدا مێژوو و شوێنەوار و زمان ئەو بوارانەن کە توێژەرانی کورد کتێب و توێژینەوەکانیان، هەم لە ڕووی ژمارەوە زۆر زۆرن، و هەم لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدان. جا ئەم چاونوقاندنە زیانی زۆری لە کتێبەکەی داوە، بەڵام ئەم نووسەرە بەڕێزە بەلایەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خوێنەری کتێبەکەی، لەکاتی خوێندنەوەیدا، هیچ سەرچاوەیەکی کوردییان بەرچاونەکەوێت، و ئەم بەناو مێژوونووسە وەک ڕچەشکێن و تاقە نووسەری مێژووی کورد ببینن.

## دێمە سەر وردەکارییەکان:

### ناونیشانی کتێبەکە:

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆرکەسی ناپسپۆڕ کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی دەربارەی مێژوو و شوێنەوارەکان دەنووسن، ئێمە دڵنیاین لە دڵسۆزی و خەمخۆری هەموویان، تەنانەت هاوکاری وڕێنمایشمانکردوون، بەڵام لەناو ئەوانەدا، نووسەرێک هەیە، پڕ گرێوگۆڵەترین نووسینی خستووەتە ناوکتێبخانە و کتێبانی مێژووی کوردییەوە، ئەویش ئەو کتێبەیە کە دە ساڵێک لەمەوبەر بە ناوی کورد کێیە؟ و ئەمساڵیش هەمان کتێب بە دەستکاری و بە ناونیشانێکی ترەوە (مێژووی

بزر و نەگێڕدراوەی کورد سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانیەتی ڕۆژئاوا و بنەچەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان ۱۰۰۰۰پ.ز. – ۱۳۰۰ ز.) بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی چاپکراوە.

**نووسەرێکی لەخۆڕازی و چاونوقاو لە کتێبخانە و مێژوونووسانی کورد!**

ئێمە لێرە چەند سەرنجێک دەربارەی پێشەکی کتێبەکە دەخەینە بەردیدی خوێنەری ئازیز، تا بزانین هیچ نووسەرێکی کورد، هێندەی خاوەنی ئەم کتێبە پێشەکییەکی خراپی بۆ کتێبەکەی نەنووسیوە، زانست و نووسین هەموو کاتێک خاوەنەکەی فێری ڕێز و خۆبەکەمزانین دەکەن، وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (گوڵە گەنمی پڕ، هەردەم سەری ڕێز و تەوازوعی نزمکردۆتەوە، بەڵام گوڵەگەنمێک یەک دوو دەنکە گەنمی تێدابێت هەر ملە لەقەیەتی بەم لاو لادا و سەری بەرزە!). جا ئەم پێشەکییەی کتێبی بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، نووسەرێکی لەخۆڕازی و چاونوقاومان نیشان دەدات! لە خۆڕازی بەوەی کە خۆی بە تەنها نووسەرەوەی ڕاستەقینەی مێژووی کورد دەزانێت، چاوێکی نوقاندووە و نایەوێت سەرچاوەی کوردی دەربارەی مێژوو بخوێنێتەوە و ببینێت، بەڵام چاوەکەی تری بۆ سەرچاوەی بێگانەی ئەوروپی، ئەرمەنی و ڕووسی و عەرەبی هتد. عەیبی نییە.

بەم شێوەیە نووسین و دروستکردنی چەند بۆچوونێکی پێچەوانەی هەموو نووسین و توێژینەوەکانی پێشوو بەسە بۆ ئەوەی بڵێ من جیاوازم، و تیۆری جیاوازم هێناوە. و لە چاوپێکەوتنەکان و پێشەکییەکەیدا هەموو پسپۆڕانی ئەو بوارە

تۆمەتبار بکات بەوەی کە (لەژێر کاریگەری مێژوونووسینەوەی وڵاتانی دراوسێی داگیرکەر) یان (ئیمپریالیزمی رۆژئـاوا)دان! و خۆشی کتێبەکەی سیخناخکردبێت لە سەرچاوەی لاوەکی بێگانە.

**ناونیشانی لاواز و پڕ گرێوگۆڵەی زانستی دوو کتێب، و تارِادەیەک ناوەڕۆک نزیک لەیەک:**

پێش ئەوەی بچمە ناو پێشەکییەکەیەوە، ناونیشانی هەردوو کتێبەکەی ناونیشانی بەهێز نین، (کورد کێیە؟) ئەگەر ناونیشانی کتێبی سەدەیەک لەمەوبەر بوایە، دەگونجا، بەڵام بۆ ئێستا ناونیشانێکی لاوازە، لەبەرئەوە نووسەر ئەمجارە ناونیشانی ئەم کتێبە کۆنە/ نوێکراوەیەی بە دوو دانە دێڕی هەژدە وشەیی هۆنیوەتەوە، و باس لە یانزە هەزار و سێ سەد ساڵ دەکات، و واتە لە سەرەتای چاخی بەردینەوە هەتا دوای هاتنی مەغۆلەکان، و دەرکەوتنی تورکەکان. ئەم بوارە فراوانەش لە ئەکادیمیادا گرێدانەوەی پێنج دانـە قۆناغی پسپۆڕی ئەکادیمی شوێنەوار و مێژووە، کە ئەم نووسەرە بەڕێزە بڕوانامەی لە هیچیاندا نییە، رۆژێک لە هۆڵی هیچ زانکۆیەکدا یەک وانەی دەربارەیان نەخوێندووە. نەک هەتا ١٣٠٠ زاینی، بەڵکو بەوەشەوە نەوەستاوە و زۆر بابەتی تری مێژووی نوێ و هاوچەرخی خزاندووەتە کتێبەکەیەوە.

لەلایەکی تـرەوە ناونیشانی کتێبەکەی ناوناوە (مێژووی بـزر)، بـەڵام هەموو ئەوانەی ئەو باسیان دەکـات بۆ پسپۆڕان و خوێنەری جددیش ئاسایی و زانـدراون، و هەروەها دەڵێت مێژووی(نەگێڕدراوە)، ئێ باشە، ئەم نووسەرە بەڕێزە چۆن و لە کوێ ئەم مێژووە (بـزرە)ی دۆزییـەوە؟ کێ ئەم مێژووە

(نەگێڕدراوەیە)ی هۆنییەوە؟! ئایا چەند دەستنووس و بەڵگەنامە و دەقی مێخی خۆی دۆزیویەتییەوە؟ چ شتێکی نوێ هەیە بۆ یەکەمجارە لێرەدا دەیان خوێنێتەوە، و دەیانگێڕێتەوە و لە کتێبەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە؟! بێگومان هیچ دەقێک و دەستنووسێکی بڵاونەکراوەی دێرین و کەلەپوری تێدانییە، کە نووسەر خۆی خوێندبێتییەوە، و بۆ یەکەمجاربێت بڵاوی بکاتەوە، لەبەرئەوە دووبارە ئەو دوو وشە، قەبە و سەرنجڕاکێشە بۆ ناونیشانەکە هەر تڕاویلکە و سەرابێکن! بۆ نمونە ئەگەر باس لە بەڵگەنامەکانی هەورامان دەکات، ئەوا مێژوونووسی کورد، د. جەمال ڕەشید لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانەی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) کە لە ساڵی ١٩٨٤ بە زمانی کوردی چاپیکردوون، و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەم نووسەرە بەڕێزە بە ڕوونی ئاماژە بەوەناکات، و بۆ هەموو بەڵگەکانی تریش هەر بەو شێوەیەیە.

خۆکردنە پاڵەوان وەک بەشێک لەمێژووی کورد لە پێشەکی کتێبەکەدا

نووسەر لاپەڕەی یەکەمی پێشەکییەکەی بۆ باسکردنی ژیانی منداڵی خۆی و کورد و شەڕ و شۆڕی سەدەی بیستەم باسکردووە، و وەک ئەوەی پێشەکی ڕۆمانێک بنووسێت، و دەیەوێت خۆی بکات بە بەشێک لەناوەڕۆکی کتێبەکەی، من لەوە تێدەگەم، هەموو کوردێک لە هەندەران حەزدەکات لە هەموو گفتوگۆیەکیدا باسی ئەو چیرۆکە تاڵانەی شەڕ و ژیان و ئاوارەیی و ماڵوێرانیمان بگێڕینەوە، کە لە سەدەی بیستەم بەسەرمانهاتوون، بەتایبەت بۆ خەڵکی بیانی، بەڵام یەکەمجارە کەسێک دەیهێنێتە پێشەکی کتێبەکەی!

## ڕۆحی باپیر و مێژوونووسینەوە و کوردایەتی

لەلاپەڕەیەکی تری پێشەکییەکەیدا، نووسەر خەریکە خۆی پەیوەستدەکاتەوە ڕۆح و بە تۆتیمTotem و دۆنادۆنێکەوە، و باس لە پاڵنەرەکانی کوردایەتی، و ئەم هەوڵانەی بۆ نووسینەوەی مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە دەکات و دەڵێت: "لەوانەیە کاریگەری باپیری کۆچکردووم، موفتی پێنجوێنی بووبێت کە هەمیشە بە شێوەیەکی بەهێز، ڕۆح و ڕوانگەی ئەو لە ژیانمدا کاریگەر و ئامادە بووە. هەرچەندیشە کە پێش لەدایکبوونم ئەو کۆچی دوایی کردبوو." ئائەم هەستانە ئەگەر بۆ نووسەر، خۆی گرنگ بن، بەڵام بۆ خوێنەر چ بەهایەکیان هەیە؟! بێگومان لاوازی نیشاندانی نووسەر دەردەخەن، کە دەیەوێت باوکی دایکی(باپیری)، کە نووسەر، لەدایک نەبووە، ئەو باپیرەیەی مردووە، بکاتە بەشێک لەم باس و خواسانەی ناو کتێبەکەی، و لایەنی ڕۆحی بێنێتە ناو باسێکی بەناو ئەکادیمی و زانستییەوە، ئەگەر نووسەر دەیەوێت بە خوێنەرانی بڵێت، کە دایکی ئەو، کچی موفتی پێنجوێنی یە، دەیتوانی وەک هەندێک نووسەری تر، خۆی بە ناوی دایکییەوە ناوبنایە، و بینووسیایە سۆرانی کوڕی خاتوو فلانی کچی موفتی پێنجوێنی، و دڵی فێمێنیستەکانیشی خۆش دەکرد! یان کورتە ژیاننامەیەک و شەجرە(درەختە خێزانێک)ی بۆخۆی لە کۆتا لاپەڕەی پشتەوەی کتێبەکەی دابنایە، لەوە باشتربوو، ئاوا بە ڕۆحانی و تۆتێمەمانە پێمان بڵێت کە نەوەی چ کەسایەتییەکی کوردە. خۆ شتێکی ئاساییە ئەگەر ئەم نووسەرە بەڕێزە باوەڕی بە تۆتێم و شامانیزم و دۆنادۆنیش هەبێت، بەڵام بۆچی باوەڕی خۆی لە پێشەکی کتێبێکی بەناو زانستیدا دەیانخاتەڕوو؟! بەڵام

لەوانەیە تەنها لەبەرئەوە بێت کە پێمان بڵێت ئەمیش لە دایکییەوە نەوەی شاعیری کورد، موفتی پێنجوێنی یە. خوابکات، ئەمەی لە پێشەکییە ئینگلیزییەکەشدا بەو دەربڕینە نە نووسیبێت، چونکە بۆ خوێنەری ڕۆژئاوایی ئەمە هەر زۆر بێ مانا دەردەکەوێت!

پاشان لەلاپەڕەی دووەمی پێشەکی کتێبە نوێکراوەکەیدا بەم شێوەیە دێتە سەر باسی گرنگی کتێبە کۆنەکەی (کورد کێیە؟) و دەڵێت ئەو کتێبەم: ("کۆمەڵێک تیۆری نوێ دەربارەی بنەچەی و مێژوو کورد و زمانەکەی هێنابووە ئاراوە....") جا ئەم تیۆرییە نوێیانەی نووسەری ئەم کتێبە باسیان دەکات وەک خۆی دەڵێت: (" زمانی سومەری کوردییە و سومەرییەکان کورد بوون") بۆ ئەمەش کۆمەڵێک ڕستەی خۆ کرد، و لەتە وشە ڕیز دەکات، و هەوڵدەدات پێکەوە گرێیان بدات، لەوانەیە ئەمە بۆ خەڵک سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام بۆ پسپۆڕانی شوێنەوار و نووسینە مێخییەکان لەیەک کاتدا، جێگەی پێکەنین و گریانن! جێگەی پێکەنین چونکە پەیوەستکردنەوەیەکی زۆر نازانستین، و ئەگەر ئەو نووسەرە بەڕێزە کەمێک لە زانستی زمان و زمانەوانی بزانیایە، تێدەگەیشت کە ئەو وشانەی ئەو باسیان دەکات هەندێکیان هەر ئەو واتا و دەنگەیان نییە، ئەمە جگە لەوەی پێکهاتەی ڕستەی سومەری و پاشگر و پێشگری سومەری جیاوازییان هەیە لەگەڵ زمانی کوردی، ئەمە لەکاتێکدایە نووسەر نازناوی زمانەوان Linguistic یشی لەخۆی ناوە!

بەداخەوە، خەڵکی وا تێگەیەندراوە کە سومەرییەکان کوردن و باپیرانی کورد بوون، لەکاتێکدا تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا سەدان دەقی مێخی لەسەر تاتەقوڕ نووسراو، و سەر تاشە بەرد

و ڕووی چیاکان هەڵکەندراو و نەخشێندراو دۆزراونەتەوە، بەڵام هیچ دانە دەقێکی مێخی دۆزراوەی کوردستان بە زمانی سومەری نەنووسراون، بەڵکو بە زمانی داگیرکەرانی ئەکەدی و هەردوو شێوەزاری ئاشوری و بابلی و فارسی کۆن، و هەروەها بە زمانی خەڵکی ناوچەکە: بە زمانی خورری و ئورارتوی و عیلامی و میدی کۆنی باپیرانی خەڵکی دێرینی کوردستان نووسراونەتەوە، هیچ شارێکی سومەری لەسەر خاکی کوردستانی گەورە دروست نەکراوە، و سومەرییەکان لە باشوری مێسۆپۆتامیاوە تەنها بۆ شەڕ و وێرانکاری و بە کۆیلەکردنی خەڵکی زاگرۆس، و هەندێک کاتیش بۆ بازرگانی کۆیلە، و ئاژەڵی دەگمەن و کەرەستەی خاو هاتوون بۆ ئێرە، و چەندین نووسینی مێخی سومەری باسی وێرانکردنی شارەکانی سیموڕومی گەرمیان، و لوللوبومی شارەزور و سلێمانی، و ئوربیلیومی هەولێر دەکەن، بڕۆن لە تۆمارە شاهانەکانی پاشایانی سومەریدا بۆ وشەی (باخول)ی سومەری بگەڕێنە کە بە واتای (وێرانکردن) دێت، بزانن، زۆربەی جار ئەم وشە سومەرییە، بۆ وێرانکردنی شارەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی باکوری مێسۆپتامیا بەکارهێندراون. یەکەم وشەی کۆیلە لە جیهاندا سومەرییەکانی باشوری مێسۆپۆتامیا نووسییان، و یەکەم بە سیستەمی کۆیلایەتی و بەکۆیلەکردنیش هەر ئەوان دایانهێنا، ئەویش بەکۆیلەکردنی کچانی زاگرۆس بوو، لەبەرئەوە، ناوی کۆیلە لە کۆنترین نووسینە وێنەییەکان و زمانی سومەری و خەتی مێخیدا پێکهاتووە لە دوو هێمای وێنەیی و دواتر مێخی، ئەو دوو هێمایە یەکەمیان (سێ خڕە بەردە) کە هێمایە بۆ چیا، و دووەمیان (وێنەی ئەندامی مێینەی) ئەو کچە زاگرۆسییانەیە، کە

سومەرییەکان یەکەم کۆیلەیان لێوە هێناوە، ئەو دوو هێمایە وشەی کۆیلە ژن/کۆیلە کچن بە زمانی سومەری کە بە زمانی ئەوان ئەو دوو هێمایە بە وشەی (گێمێ) دەخوێندرایەوە، کە واتای کۆیلە کچ/ ژنی چیانشینی دەدا، کەواتە سومەرییەکان لەسەردەمی شارستانی و دەوڵەتۆکەکانیاندا پشتی تەواوەتییان بە تاڵانکردنی خەڵک و خاکی زاگرۆسنشینان بەستبوو، تەنانەت ئەگەر ئەو بیردۆزەیەش پەسەند بکەین کە یەکێک لەو ١٠ بۆچوونەیە دەربارەی بنەچەی سومەرییەکان، و زانایان چەندین ساڵە نەگەیشتوونەتە ئەنجامی یەکلاکەرەوە کە دەڵێت: بەشێک لە مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ و کانزایی لە چیاکانی زاگرۆسیشەوە لە پێش مێژوودا داگەڕابێتنە دەشتەکانی مێسۆپۆتامیا، و سومەرییەکانیان لێپکهاتبێ، ئەوا ئەو گەلی سومەرییە هەر لە باشور بوون بە خاوەنی ئەو شارستانییەتە، و دواتریش بوونەتە دوژمنی سەرسەختی چیانشیانانی زاگرۆس، ئیتر نازانم نووسەر چۆن دەیەوێت بە وێکچواندنی لەتە وشە و نیوە ڕستەی خۆکرد، تیۆرییەکەی بینا بکات، کە دەڵێ سومەری کوردن؟! و لە ڤیدیۆی ناساندنی کتێبەکەیدا کە بەچەند کامێرایەک، و لە چەند گۆشەیەکەوە بە ئاستێکی بەرزی بازرگانی بۆی ڕێکۆرد و مۆنتاجکراوە، دەڵێت سومەرییەکان دەڵین (نین گریولۆئەکا)، و دەڵێت ئەم زمانە هەر سومەرییە و کوردییەکەی (نەنە گری وهەڵا ئەکات)! ئاخر کاکی نووسەر خۆی، زمانی دایکی کوردییە، و وەک خۆی دەڵێ زمانزانیشە، ئیتر نازانم بۆچی لەوە تێنەگەیشتووە کە ئێمە لە کوردەواریدا دەڵێین (بەبە گری و هەڵائەکات) نەک نەنە؟!

ئەمە جگە لەوەی ئەو ڕستە سومەرییانە بەو شێوەیە نین، و واتاکانیشیان جیاوازن، زۆر کات ڕستەی خۆکردی دروستکردووە،

نـەک لە دەقـی سـومـەری وەریانبگێت. لە پێشەکییەکی کتێبی بەناو مێژووە (بزر) و (نەگێڕدراوە)کەیدا چۆن بەو لێکدانەوە و پەیوەستکردنە نازانستیانەی خۆی، هەستی خۆی جوڵاوە، ئاوا دەیەوێت هەستی خوێنەری کوردیش بجوڵێنێ، و دەڵێت (هەندێک جار لەکاتی مامەڵەکردنمدا لەگەڵ وشەی سۆمەری/کوردی، هەست و سۆز شەپۆلیان دەهێنا و چاوەکانم پڕدەبوون لە فرمێسک، چونکە خۆم دەدۆزیەوە و وەڵامم بۆ ئەو منداڵە پێ بوو کە تێمدا دەژیا و چەندین پرسیاری گران هەراسانی کردبوو. ئەنجامەکانی بوون بە جۆرێک لەمایەی ئارامی دەروونی بۆم. بەڵام سەخت بوو مانا بەوە بدرێت کە خەڵکی ژمارەیەک لە گوندەکانی کوردستان کە دووچاری ڕاگواستن و ڕەشە کوژی هاتبوون و زمانەکەیان بۆ چەندین ساڵ قەدەغەکرابوو، بزانێت کە بە سۆمەری قسەیان کردووە... ل.XVIII ). ئەمە جگە لەوەی ئەم چەند دێڕە لەڕووی داڕشتن و دەربڕینی کوردی و ڕێزمان و ڕێنووسەوە پڕ کێشەیە، بەڵام بەڕاستی لەلایەکی تریشەوە دەربڕینێکی نازانستی و نا ئەکادیمییە، و هەر جوان نییە لە پێشەکی کتێبێکدا هەبن.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت مانناییەکان سێ وشەی کوردییان بەکارهێناوە، و چەند وشەیەک دێنێتەوە و دەڵێت (وەستا ڕێبەر) یان هەبووە، ئێستا پێتان دەڵێم ئائەم وشەیە، چ ناوێکە و هیچ پەیوەندییەکی بە مانناییەکانیشەوە نییە، ئەم نووسەرە بەڕێزە سەروگوێلاکی شکاندووە؟! ئاخر باشە وشەی (وەستا) سێ هەزارساڵ لەمەوبەر هەبووە؟ لەکاتێکدا کە مانناییەکان یەک دێڕ نووسینیشیان بە زمانی خۆیان نەنووسیوە، یان ئەگەر نووسیبێتیان تا ئێستا نە دۆزراوەتەوە؟!

جا با بۆتان ڕوونبکەمەوە، کە ئەم نووسەرە بەڕێزە، لە زۆربەی کۆڕەکانی، چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانی، و پەیجەکەیدا چەند جارێک و لە پێشەکی کتێبەکەشیدا باسی ئەم (وەستا ڕێبەر)ەی کردووە، و دەڵێت، ئەمە وشەیەکی ماننايیەکانە و بەواتای (وەستای سەرکردە/ڕێنیشاندەر). بەداخەوە، کاتێک دەچیتەوە سەر سەرچاوەکان، تێدەگەیت کە ئەم نووسەرە بەڕێزەمان چەندە سەرپێیانە زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و بەبێ لێوردبوونەوە، دەیانکاتە دۆزینەوەی نوێ و خوێنەری کوردی بەستەزمانیش چەندە دڵی پێی خۆشدەبێت، لەم ڕۆژانەدا لە کتێبخانەی جەمال عیرفان دانیشتبووین، مامۆستایەک کە ماستەری لە مێژووی وڵاتانی تر هەیە، وتی دۆزینەوەیەکی نوێیە کە لەم کتێبەدا نووسەرەکەی سەلماندوویەتی ناوی وەستا ڕێبەر ناوێکی دێرینە و مانایيەکان هەیان بووە. جا با بۆتان باس بکەم ئائەم وەستا ڕێبەرەی لە کوێوە هێناوە! لە وێبسایتی ئێرانیکا Iranica دا، بەم شێوەیە لێکدانەوەیەکی هەڵەی کۆن خراوەتەڕوو:

«مانایکانو، ناوی دامەزراوەی ناوچەکانی کەوانن، کە بە زمانی ئەکەدی پێی دەوترا خەتاڕو لە شاری نیپور (شارێکە لە باشوری مێسۆپۆتامیا)، لەوانەیە مانایکانو هەر مانايیەکان بگەیەنێت (کە لەوەوپێش مانیکانو بە بانایکانو دەخوێندرایەوە، زادۆک ١٩٧٩، ل ل. ١٧١...). لە دەوروبەری ٤٢٤ یان ٤٢٣ی پێش زایندا فەرمانبەرێک بووە ناوی (ئوستاریبار) بووە».

بەم شێوەیە بۆ خوێنەری بەڕێز دەردەکەوێت، کە ئەم وەستا ڕێبەرەی نووسەری مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، پەیوەستە بە فەرمانبەرێکی شاری نیپور لە باشوری مێسۆپۆتامیا (باشوری

عێراق)، نەک موکریانی خۆرهەڵاتی کوردستان و وڵاتیماننا، ئەمە جگە لەوەی ئەم تۆمارە مێخییە لەساڵانی ٤٢٤ یان ٤٢٣ی پێش زایندا تۆمارکراوە، و ئەوکاتە زیاتر لە دوو سەد و هەشتاو هەشت ساڵبو دەوڵەتی مانناییەکان لەلایەن میدییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، و شتێک نەمابوو بەناوی دەوڵەتی ماننا و زمانی ماننا، جا ئەگەر لێکدانەوەکانی تریشی وابێت، ئیتر هاوار بەماڵی مێژووی بزر و نەگێڕدراوە.

یان ناوی شار و هەرێمی (شواندەخول)ی مانناییەکانی کردووە بە کوردی، و ئەڵێ ئەمە هەر (شوانە دۆڵ)ی کوردییە! ئەیەوێت ئائەم بەراوردکارییە بێ بنەمایانەی ئەم دوو وشەیە، و ناوی پاشا (ئازا) ی مانناییی بکرێنە پێوەر بۆ ئەوەی بە ڕاهایی بڵێت مانییەکان بە زمانی کوردی دەدوان! بەڕاستی جێگەی نەنگییەکی گەورەیە، ئائەمە بە ناوی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کوردەوە بخرێتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە! و دڵی کوردی دڵسۆزی بەستەزمانیشی پێ خۆشبکرێت!

مانناییەکان، بەڵێ گەلێکی دێرینی موکریان و زاگرۆسن، و شانشینێکی گرنگیان هەبووە، بەڵام زمانیان زیاتر بە لای زمانی خورریدا نزیکە، و زمانی خورریش بێگومان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردییەوە نییە، و ئێمە چەندین ساڵ لەوەوپێشیش لە نووسینەکانماندا تەنها چەند وشەیەکی خورری وەک ساڵ و شیر(شمشێر) و کانی و هتد. مان وەک نمونە هێناوەتەوە کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا ماونەتەوە، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک واتای ئەوە نادات هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەو زمانە دێرینە و زمانی کوردی هەبێت.

بێگومان زۆر نووسەر هەن دەکەونە ئەم هەڵانەوە، تەنانەت هەندێکیان پسپۆڕی نووسینە مێخییەکانن، بۆ نموونە پرۆفیسۆر سیمۆ پارپۆلا، دوای ساڵانێکی زۆر کارکردن لەسەر نووسینە مێخییەکاندا، دەستیکرد بە بەراوردی لەتە وشەی فینلەندی و ئۆکرانی لەگەڵ سومەری، ساڵی ٢٠١٤ ئێوارەیەکیان بانگهێشتی کۆڕێک کرام، کە ئەو د. سیمۆیە دوو کاتژمێر و نیو لە کۆڕێکەدا لە زانکۆی لایدن لە هۆڵەندا سەرقاڵی ئەم بەراوردکارییە نازانستییانەی زمانی فینلەندی-ئۆکرانی-سومەری بوو، ئەویش هەر خەریکی نیشاندانی لەتە وشەی دەنگ لەیەکچوو بوو، بەڵام نەک هەر پشتگیری و ڕەزامەندی ئامادەبووانی بەدەستنەهێنا، بەڵکو سومعەی ئەکادیمی خۆشی شێواند! لەبەرئەوە ئەو جۆرە بەراوردکارییانە تەنها تراویلکە و سەرابێکن و بۆ ماوەیەکی کاتی دڵی هەندێک خوێنەری ئاسایی و پسپۆڕی نەشارەزا خۆش دەکەن، بەڵام لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا هیچیان لێ شین نابێت.

**هەڵەکانی بەناو هەردوو تیۆرییەکەی کە دەڵێت: (مادەکان نەتەوە نەبوون) و (کۆچەر نەبوون)!**

تیۆرییەکی تری ئەم نووسەرە بەڕێزەمان ئەوەیە کە دەڵێت من سەلماندومە "(مادەکان نەتەوە نەبوون) و وەک بابان و ئەردەڵانەکان (بنەماڵەی حوکمڕانی کورد بوون)" و"(کۆچەر نەبوون)"، ئەم دوو قسەیە کە دژ بەیەکیشن، و ئەم ناوی ناون تیۆری، هەردووکیان هیچ بنەمایەکی مێژوویی و شوێنەوارییان نییە، چونکە جگە لە نووسینە مێخییەکان، کە زۆر بە وردی باسی میدییەکان دەکەن، و تەنانەت هیچ گەلێکی زاگرۆسی

هێندەی میدییەکان باسی ژمارە زۆری خۆیان و تیرەکانیان نەکراون، لەبەرئەوە ئەگەر گەلانی دێرینی زاگرۆس هەموویان بنەماڵەی بچوکی فەرمانڕەوا بووبێتن، ئەوە میدییەکان بنەماڵەی ژمارە بچووکی وەک بابان و ئەردەڵان هەر نەبوون، زۆر لەوان گەورەتربوون، ئەگەر نووسەر وردەکاری دەقە مێخییەکانی بزانیایە، تێدەگەیشت کە تەنها بنەماڵە جاشە میدییەکان ژمارەیان زۆرتر و گەورەتر و بەهێزتربوون لە بابانی و ئەردەڵانییەکانی سەردەمی عوسمانی و سەفەوی! لەلایەکی ترییەوە بیردۆزەکەی تری کە دەڵێت"کۆچەر نەبوون" ئەمەش هەر هەڵەیە، تەنانەت کۆشکە میدییەکەی نوشیجان ئەوە دەسەلمێنێت، کە بەشێکی گەورە لە میدییەکان تەنها سەرۆک هۆزەکانیان کۆشکیان هەبووە، و ئەوانی تر هەموو دەوارنشین بوون، ئێمە هەموو جار بەراوردی ناڕاستەوخۆیان دەکەینەوە لەگەل (گەرمیان و کوێستان)ی هۆزی جاف، کە هەموو دەوارنشین بوون، بەڵام مەحمود پاشای جاف، قەلای شێروانەشی هەبوو. بێگومان میدییەکان شاری زۆر گرنگ و بەناوبانگیان هەبوون، نەک بەتەنها نووسینە مێخییەکان، بەڵکو لەلای هیرۆدۆتسیش باسی کۆشکەکانیان کراوە، منیش لە کتێبە نوێیەکەمدا لیستێکی وردم دەربارەی ئەو شارە گرنگانەی میدییەکان ئامادەکردووە کە چۆن نووسینە مێخییەکان باسی چەندین شاری میدییەکان دەکەن کە شاری بازرگانی بوون و کاروانسەرایان هەبووە، و لەلایەکی تریشەوە، هۆزی جۆراوجۆر و شوانکارەشیان هەبوون، لەبەرئەوە میدییەکان ژمارەیان زۆر زۆر بوون، نەک لە زەهاو و کرماشانەوە، بەڵکو تا دەماوەند و خوڕاسان هەر لە نووسینە مێخییەکاندا بە خاکی هۆزەکانی میدیا

ناسراون، بەتایبەت نووسینە مێخییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، بەڵام بەو ڕەهایی قسەکردنەی نووسەر، نە تیۆرییە و نە مێژووی بزر و نەگێڕدراوەیە! لەبەرئەوە نە میدییەکان وەک بابان و ئەردەڵان یەک بنەماڵەی بچووکی فەرمانڕەوابوون، و نە دەتواندرێت بگوترێت میدییەکان بەتەنها نیشتەجێی شاران بوون و کۆچەر نەبوون، بێگومان ئەمە بۆ نووسەرێک ڕۆژێک وانەیەکی مێژوو و شوێنەواری لە هۆڵێکی زانکۆدا نەخوێندبێت، ئاساییە گوێز لە هەمبانەی خۆی بژمێرێت و بە ئەدەرئەنجامی خۆویستانەی پشت بە بەڵگە نەبەستوو، تیۆری دابڕێژێت!

**(زمانی هیندۆئەوروپی لە کوردستانەوە بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە)، تیۆرییەکی کۆنی هەڵە، یان تیۆری نووسەرە؟**

پاشان کاکی نووسەر، دەڵێت تیۆرییەکی تری کتێبەکەم ئەوەیە کە (زمانی هیندۆئەوروپی لە کوردستانەوە بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە).» ئائەم تیۆرییە ئەگەر نووسەر پێی وابێت هی خۆیەتی و لە گیرفانی خۆی دەریهێناوە، ئەوە لەراستیدا کۆنە و پێش ئەمیش چەندین توێژەری بیانی پێشنیازیانکردووە، جا نووسەر لەوانی وەرگرتووە یان خۆی پێی گەیشتووە، و وەک عەرەب دەڵێت (تواتر الخواطر) بووە، لە هەردوو بارەکەدا بیردۆزەیەکی هەڵەیە، و دەبێت ئەوەش بڵێکم کە چەند نووسەرێکی ڕووسی و کوردی سۆڤیەتی جاران لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ئەم تیۆرییەیان لە سیمینارێکدا پێشکەشکرد، من خۆم لەوێ بووم، بەڵام کاتێک کە بینیمان تیۆرییەکەیان بەڵگەی لاوازە، تەنانەت ئەوکات ئێمە لە کۆڕی ئەو ڕوسی و

کوردە قەوقازییانەدا بەشدابووین و خۆمان و هاوڕێیانمان ڕەخنەی ئەوەمان لێگرتن کە دەبوو تیۆرییەکەتان ناوبنێن کوردۆئەورووپی، نەک هیندۆئەورووپی! بێگومان بەڵگەکانیان زۆر لاوازبوون، و هیچ بەڵگەیەکی شوێنەواری دەربارەی ئەو کۆچە و ئاڕاستەکەی لەبەردەستدا نییە. جا نووسەری مێژووە بەناو (بزر) و (نەگێڕدراوە)کە ئەم تیۆرییانە کە بە هی خۆی دادەنێت، دەڵێت لە بناغەوە تیۆرییەکانم »مێژووی کوردی گۆڕیوە«. بەڵام هەموو بەڕێزێک دەزانێت کە مێژووی کورد، بە نووسەرێکی ناپسپۆڕ ناگۆڕدرێت، مێژوو گۆڕین هەرنییە، بەڵکو دەکرا بە دەبڕینێکی موتەوازیعانە بینووسیایە «دەمەوێت نووسینەوەی مێژووی کورد بەم شێوەیەش بخەمە ڕوو یان دایبڕێژمەوە، یان بینووسمەوە»، بەڵام وەک وتمان هیچ نووسەرێک لەم نیشتیمانەدا، هێندەی نووسەری ئەم کتێبە لەخۆڕازی نییە! ئەو، هەموو مێژوونووس و بەشەکانی مێژوو و شوێنەوار و هەزاران خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی کوردی ئەم بوارە ڕەتدەکاتەوە، و بە هیچ بەهایەک بۆ کتێب و توێژینەوەکانیان دانانێت، ئیتر چۆن خۆی بە مێژوو گۆڕ، و ڕاستکەرەوە و ڕچەشکێن نازانێت؟! دوای ئەوە نووسەر خەم دەخوات کە یەک زانکۆ، و دکتۆری زانکۆی باشور قسەی لەسەر کتێبەکەی نەکردووە، و پاشان باس لە دکتۆرێکی مێژووی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، کە ناوی ناهێنێت، و ناونیشانی وتارەکەشی باس ناکات کە ڕەخنەی لە کتێبەکەی گرتووە، و دەڵێت ”ئەویش کە هێشتا لە کتێبەکە نەگەیشتبێ، و پەلەی بووبێت هەر ویستویەتی شتێکی سەرپێی لەسەر بنووسێت“. بەڵام بەڕاستی ڕەخنەکانی ئەو دکتۆرە بەڕێزەم خوێندەوە، و لە تێچینی خوارەوە

دایدەنێم، تا بزانن ئایا ئەو ڕەخنانەی ئەو دکتۆرە بەڕێزە زانستین یان سەرپێی؟! بێگومان زۆربەیان ڕەخنەی زانستی وردن و دەستخۆشی ئەو ڕچە شکێنییەی لێدەکەم.

نووسەر بەیەک ڕەخنەی ڕێکوپێکی دکتۆرێکی رۆژهەڵات قەڵس بووە، و بە تێنگەیشتوو و سەرپێی ناوی دەبات، بەڵام لەملاوە چاوەڕێی ئەوەیە کە بەش و زانکۆکان و دکتۆرەکانی کوردستان کۆڕ و کۆنفڕانس لەسەر ئائەم بەناو تیۆرییانەی بکەن و ڕەخنەی لێبگرن؟!

### شەش تۆمەت و بوختانی نووسەری مێژووە بەناو بزر و نەگێڕدراوەکە دژی مێژوونووسان و زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان

ئینجا لە پەستی ئەوەی کەس ڕەخنەی لێ نەگرتووە، نووسەر پێی خۆی زۆرتر لێڕادەکێشێت و دەڵێت:»بەگشتی زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان، بە داخەوە دەزگای کارا و خاوەن بۆچوونی خۆیان نین. ئەوان بە گشتی هەتاوەکو ئەمڕۆ زیاتر کۆپی هەندێک زانیاری کۆنی ئەوروپا دەکەنەوە، و ناتوانن خۆیان بۆچوونێکی ئازادانە لەسەر شتەکان بدەن. ....ڕێگە نادەن بۆچوونی ڕوون و پاڵپشتکراو بە بەڵگە و کاری زانستی لە زۆر لایەندا دروست ببن). ئائەم دەربڕینانەی پێشەکی کتێبی بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، ئەگەر زانکۆکان و بەشەکانی مێژوو و شوێنەوار و زمان و زانکۆکانی باشور خاوەن ئیرادەبن، دەبێت لەڕووی یاساییەوە داوای لێپێچینەوە لەم نووسەرە بکەن، تا بەڕێزیان ئەو تۆمەت و بوختانانە ساغبکاتەوە کە ئاڕاستەی زانکۆکان و پسپۆڕانی زانکۆکانی کوردستانی دەکات، جا لەوانەیە نووسەر

و هـەوادارانـی، پێش هەمووشتێک باسی ئـازادی ڕادەربڕین و لاوازی گفتوگۆی زانستی و ڕووکردنە یاسا و دادگا بکەن، و بڵێن ئەکادیمیانی کوردستان وەک چۆن حکومەت ڕۆژنامەنووس دەداتە دادگا، ئاوا ئەوانیش نووسەری بوێر و داهێنەر دەدەنە دادگا، نا نا، بێگومان باسەکە ئاوا نییە، باسەکە ئەوەیە کە نووسەرێکی زۆر لە خۆڕازی و تا ڕادەی مەغروری، چەندین تۆمەتی ڕەها ئاراستەی گشت زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و گشت پسپۆڕان دەکات.

دەبێت ئەو نووسەرە لەخۆڕازییە بیسەلمێنێت، و بە بەڵگە ئەم شەش تۆمەتە ڕوون بکاتەوە کە دەڵێت ئەکادیمیانی کوردستان و مێژوونووسان (١.خاوەنی بۆچوونی خۆیان نین)، و (٢.کۆپی هەندێک زانیاری کۆنی ئەوروپا دەکەنەوە)، و (٣.ناتوانن خۆیان بۆچوونێکی ئـازادانـە لەسەر شتەکان بـدەن) و (٤.ڕێگە نادەن بۆچوونی ڕوون و پاڵپشتکراو بە بەڵگە و کاری زانستی دروست ببن). ئینجا دێتە سەر تۆمەت و بێ ئەمەکی و چاونوقاوی پێنجەمی و دەڵێت (٥. زانکۆکان و مێژوونووسانی کورد خاوەنی هیچ کتێبێکی باش لەسەر سەردەم و دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان نین). و دەڵێت (زۆربەی ئەو کارە نایابانەی کە کراون، لە دەرەوەی زانکۆکانی باشوردا ئەنجامدراون)، تۆمەتی شەشەمی ئامادەیە و دەڵێت٦" لە دوای ئەمین زەکییەوە (کتێبێک لەسەر مێژووی کورد لەزانکۆکانەوە بەرهەم نەهێندراوە.)" . بێگومان ئا ئەم نووسەرە بۆیە وا دەکات، تا خۆی بباتە ڕیزی مامۆستا ئەمین زەکی، و بە ناڕاستەوخۆ دەڵێت من ئاڵقەی دووەمی ئەو زنجیرەیەم، و مامۆستا ئەمین زەکی مێژوونووسی سەدەی بیستەمی کورد، و منیش هی بیست و یەکەم!

لەکاتێکدا ئەو هەوڵ و گەڕان و زانیاری و تەوازوع و ئەکادیمی بوونەی مامۆستا ئەمین زەکی، بە هیچ شێوەیە بەم شێواوی و غـرورەی نووسـەری بەنـاو مـێژووە بـزر و نەگێڕدراوەکە بەراوردناکرێن. ئەمە جگە لـەوەی ئێستا کتێبەکەی مامۆستا ئەمین زەکی دوو پسپۆڕی مێژوو و شوێنەواری زانکۆکانی کوردسـتـان(د. کـۆزاد و د. زرار) پێیداچوونەتەوە و دەزگـای جەمال عیرفان و بنکەی ژین چاپێکی دووبەرگی جوان و ڕێک و پێکیانکردووە، و چەند قات چاپەکەی و ناوەڕۆکەکەی لەم کتێبەی ئەم نووسەرەمان باشترە، و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکانی سێ هێندە و نرخەکەشی زۆر زۆر کەمترە لە نرخی ئەو کتێبی بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکەی ئەم نووسەرە بە ڕێزەمان، کە لەوانەیە پارەیەکی زۆریشی تێنەچووبێت، بەڵام بە بیست و پێنج هەزار دەیفرۆشێ، هەرچەندە لەمەیاندا ئازادە، حەزدەکا بە بیست و پێنج لیرەی زێڕین دەیفرۆشێ، بەڵام خۆ هێنانە ڕیزی مامۆستا ئەمین زەکی کە کتێبەکەی لە جۆری مێژوونووسینەوەی بناغەدانانی یە، بەڕاستی لێدانە لە پایەی مێژوونووسی گەورە مامۆستا ئەمین زەکی.

**نووسەری مێژووە بەناو بزر و نەگێڕدراوەکە دەڵێت:**

"بۆ نووسینی ئەم کتێبە بە دەگمەن سوودم لە سەرچاوەیەک بینیوە کە لە زانکۆکانی باشوری کوردستاندا بەرهەم هاتبێت»:

نـووسـەر، ڕاستی ئـەم بێنەو بـەردەیـەی لاپـەڕەی دووەمـی پێشەکی کتێبە بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، لە لاپەڕەی سێیەمدا دەردەخـات و دەڵێت: (من بۆ نووسینی ئەم کتێبە بە

دەگمەن سوودم لە سەرچاوەیەک بینیوە کە لە زانکۆکانی باشوری کوردستاندا بەرهەم هاتبێت، زۆرینەی کتێبەکان لەلایەن بێگانەوە نووسراون).

ئا ئەم چاونووقاندنەی نووسەر لەو هەزاران توێژینەوەیەی پسپۆڕانی مێژوو و شوێنەوار، و سەدان کتێبە گرنگ و زانستییەی مێژوونووسان و شوێنەوارناسان نووسیویانن، ئاماژەیەکی زۆر ڕوونە کە نووسەری کتێبی بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە لەبەر ئەوە نییە پشت دەکاتە ئەم نووسینە کوردییانە و چاویان لێدەنووقێنێ، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ لەوانەیە لەبەرئەوەبێت کە خوێنەرانی کتێبەکەی چاویان بە هیچ سەرچاوەیەکی کوردی و نووسەر و پسپۆڕانی کوردی تر دەربارەی مێژوو و شوێنەوار نەکەوێت، و هەر خۆی بە ڕچەشکێنی ئەو بوارە دابنێت، و لە زۆر گفتوگۆی ڤیدیۆیی خۆیدا دەڵێت ئەمە کەس باسی نەکردووە، بۆ یەکەمجارە من باسی دەکەم و ئەو شتانە. و وەک بینیتان لەسەرەوە نووسیبووی کە مێژوونووسان و ئەکادیمیانی زانکۆکانی کوردستان هەر بۆچوونە کۆنەی ئەوروپییەکان کۆپی دەکەنەوە، و ئەوا لێرەشدا خۆی دەڵێت هەر کتێبی بێگانەی بەکارهێناوە بۆ مێژووە بەناو بزر و نەگێڕدراوەکەی! بەشێکی زۆریش لەو سەرچاوانەی ئەو بەکاریهێناون، سەرچاوەی لاوەکی ڕۆژهەڵاتناسەکانن یان ئینسکلۆپیدیای بەریتانی، کە ئێستا زۆربەی بەناو زانیارییەکانی ناوی دەربارەی ئەم ناوچەیە هەم زانیاری زۆر سەرەتایین، و هەم هەڵەی زۆریان تێدایە.

چاوەنوقاوەکەی نووسەری کتێبی مێژووە بەناو بزر و نەبیستراوەکە، سەدان کتێبێ ئەکادیمی دەربارەی مێژووی کورد

به زمانی کوردی هەن، و هەزاران توێژینەوەی بڵاوکراوە نابینێت!

نووسەر پاساوەکانی بۆ چاونوقاندن لەو سەدان سەرچاوە کوردییە سەربار دەکات و دەڵێت: (ئەمە ئاماژەیەکی باش نییە کە کتێب لەسەر مێژووی کورد بنووسیت و بە دەگمەن پێویستت بە سەرچاوەی دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان بێت، مایەی شەرمەزاریە کە دوو لێکۆڵەری ئەرمەنی وەک ئاساتریان و پۆڵادیان زۆر زیاتر لە هەموو زانکۆکانی باشور بەرهەمی زانستییان لەسەر مێژوو "و فەرهەنگی کوردی هەیە و زیاتر سوودم لێ وەرگرتوون). بێگومان پشتگوێخستنی سەرچاوەی تایبەت بە باسێک و باسنەکردنی توێژینەوە هاوشێوە و پەیوەستەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، لێدانە لە خودی نووسەر و کتێبەکەی خۆی، و بۆشایی ئەکادیمی و زانستی و زانیاری بەجێ دەهێڵێت، و نووسەر جارێ خۆی هەستی بەوەنەکردووە، بەم پشتگوێخستنە چ شاشی و کرچوکاڵییەکی لە کتێبەکەیدا نیشانداوە، نازانێت چ هەڵەیەکی کردووە، جا شانازیکردن بەهەڵەی ئەکادیمییەوە، نەنگی و کارەساتێکی گەورەیە، بۆ نمونە ئا ئەو میرنشینە کوردییانەی سەردەمی عەباسی، کە ئەم لە کتێبەکەیدا بۆ هەریەکەیان لە سێ چوار لاپەڕەیەکدا باسیکردوون، زۆربەیان لە زانکۆکانی کوردستاندا ماستەرنامە و دکتۆرانامە و کتێبی باشی سێ سەد لاپەڕەیی و چوارسەد لاپەڕەییان لەسەر نووسراوە! ئیتر مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی چی دەگێڕێتەوە! نووسەر دەبێت بزانێت، مایەی شەرمەزارییە کەسێک خۆی ناوبنێت نووسەر و بیەوێت بە بێ بەهاکردنی توێژینەوە و کتێبی سەدان توێژەر و مێژوونووسی کورد خۆی بکات بە پاڵەوان!

**کەموکوڕی لە چاوی نوقاوی نووسەردایە یان لە ئێمەی کورد و نەبوونی لێکۆڵینەوەی مێژوویی؟!**

نووسەر دوای ئەمانە ئینجا پێمان دەڵێت بۆچی ئەم دێڕەی نووسیوە، و ئاوا بەیانی دەکات و دەڵێت: (ئێمە کەموکوڕی گەورەمان لە بوری لێکۆڵینەوەی مێژوویدا هەیە، و دەبێت هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانە بدەین). و پاشان دەڵێت (منیش هاوشێوەی زۆر توێژەری تر، هیوام وایە ببینین بە پێشڕەو لەو بوارەدا...)ئینجا دەڵێت(...بەداخەوە ناوەندە ئەکادیمییەکانی توانای وتوووێژی زانستی جدیان لەو بوارەدا نیە"). کەواتە نووسەری کتێبە بەناو مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە دەیەوێت، بەوردی کار لەسەر لایەنی دەروونـی خوێنەرەکانی بکات، و دوای بێ بەهانیشاندانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان، و بەرهەم و توێژینەوەی نووسەرانی کورد، ئینجا بەو شێوەیە کۆتایی بەم بوختانانەی دێنێت، و دەڵێت بۆیە دەیەوێت ببێتە ڕچەشکێن و ئەو کەلێنە گەورەیە (وەک توێژەرانی تر) پڕبکاتەوە، بەڵام نازانین مەبەستی کام توێژەرانەیە؟! بێگومان دیارە مەبەستی توێژەری کورد نییە! مەبەستی ئەرمەن و ئینگلیزەکانە، کە ئەم زۆرترین سەرچاوەی کۆن و ئێکسپایەریOut of dateیانی بەکارهێناون.

ئەمە با جارێ بەس بێت، و تەنها لە پێشەکیدا بووەستین، و چاوەڕێم هاوڕێیانم و هاوپسپۆڕییەکانی شوێنەوار و مێژوومان پێکەوە بێنە مەیدان، و شەنوکەوێکی وردی ئەو کتێبە بکەین، چونکە هیچ یەکێک لە ئێمەی ئەکادیمی ناتوانین ڕەخنە لە هەموو بەشەکانی بگرین، چونکە ئێمە باوەڕمان بە پسپۆڕی ورد هەیە، و ئەم کتێبەش باس و تەوەرەکانی لە چەندین پسپۆڕی جیاواز

و وردی: شوێنەوار و لقەکانی مێژوو دەگرێتەوە و لە چاخی بەردینی نوێ وە تا سەردەمی مەغۆلەکان، تەنانەت مێژووی نوێ و هاوچەرخ و زمانە دێرینە مردوو و نوێیەکان دەکات، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە شوێنەوارناسانی پسپۆڕی چاخە بەردینەکان، سەردەمە مێژووییە دێرینەکان، پسپۆڕی زمانە دێرینەکان، پسپۆڕی مێژووی کلاسیکی، و ساسانی و سەرەتای ئیسلام و ئەمەوی وعەباسی و پسپۆڕانی میرنشینە کوردییەکان و مێژووی نوێ و هاوچەرخ و زمانزانان دەبێت.

هەرچەندە ئەم نووسەرە بەڕێزەمان بە تەنیا خۆی بە ڕچەشکێن و پسپۆڕ و تیۆرناسی هەموو ئەو بوارانە هەمووی دەزانێت! و چاوێکی نوقاندووە لەهەوڵ و نوسینی سەدان مێژوونووس و ئەکادیمیانی کورد! خۆزگە وای نەکردایە، و من هیچ دڵخۆش نیم بەوەی کە ئەم چەند تێبینییەشم نووسین، چونکە ڕەخنەگرتن گوڵ پێشکەشکردن نییە، بەڵام بەڕاستی نەزانی ئاساییە، و نووسین و قەڵەم ئازادن، و کەسمان پاسەوانی نووسینەوەی مێژوو و شارستانی نین، و ڕێز و خۆشەویستم بۆ دڵسۆزی و کوردایەتی ئەم نووسەرە و هەموو نووسەر بەڕێزە ناپسپۆڕەکان هەیە، کە لەسەر مێژوو و شوێنەوار نووسینیان هەیە، بەڵام ئەم جۆرە قەڵەمەی نووسەری مێژووە بەناو (بزر) و بەناو(نەگێڕدراوە)کە، پێویستە بە خۆیدا بچێتەوە، ئەو غرور و لەخۆڕازیبوونە لە پرۆفیسۆرێکیشدا هەبێت هەر خراپە، چ جای ناپسپۆڕێک، و وەک لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی و لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت زۆریش دەمێکە حەزی لێیە ڕەخنەی لێبگیرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لەو بوارەدا لەناو کورددا کەسمان نییە، یان کەمن و دیارنین! و هیواداریین ئەم

ڕەخنانە جێگە بگرن، نووسەر پێی وانەبێت، ئێمە بۆیە ئەم چەند دێڕەمان لەسەر بەرهەمەکەی نووسیوە، چونکە کۆنە خوازین و لەژێر کاریگەری نووسەرە داگیرکەر و ئیمپریالیزمەکان و تیۆرییە کۆنەکانداین، توێژەرانی کوردی بواری مێژوو و شوێنەواریش خاوەنی دەیان توێژینەوە و چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەین نەک بە زمانی کوردی، و لە زانکۆکانی کوردستان کە ئەو هەموویانی بێ بەها نیشانداون، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان و بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش، ئێمە و پسپۆڕانی کورد چەندین بەرهەمی زانستی و کوردانەشمان پێشکەش بە خوێنەران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ناوخۆ و جیهان کردووە، و هەر بە هەمان ئاراستەی ئەو نیشتیمانسازییەی کە هەموو دڵسۆزان خەمی بۆ دەخۆن و کاری بۆ دەکەن، لەبەرئەوە کاری هیچ کامێکمان لە ڕەخنە بەدەرنین و زانست و زانیاریش بە ڕەخنە و گفتوگۆ پێشدەکەوێت، و هیچ بەرهەمێکیش بە بەرهەمەکەی نووسەری مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکەشەوە لە خاڵی باش و جوان بەدەرنین، خودا خۆی دەفەرموێت (شتی خەڵکی بێ بەها مەکەن)، و بەڕێزیشیان شتی جوانیان نیشانداوە، و کارێکی جوانە هەموو مێژووی کوردستان لە کتێبێکدا کۆبکەیتەوە، و ئامانجت لێی ئەوەبێت تاکی کورد شانازی بە مێژوو، زمان، و سەلاحەدین و لەیلاقاسم و سەرکردە کوڕ و کچەکانییەوە بکات، بەڵام بێگومان دەبێت بەڕێزیان و هەر خوێنەرێکی کتێبەکەی، ئەو خاڵانەی سەرەوەش بزانن، چونکە لە باسی توێژینەوەی زانستیدا هەمووکات دەوترێت ئەگەر کاتت نەبوو توێژینەوەیەک یان کتێبێک بەتەواوەتی بخوێنیتەوە، ئەوە جارێ پێشەکی و ئەنجامەکانی کتێبەکە یان توێژینەوەکە بخوێنەوە،

ئەوە ئێمەش خوێندنەوەیەکمان بۆ ئەو پێشەکییەکرد، و هیوادارم سودی هەبووبێت بۆ نووسەر خۆیی، و ئەو خوێنەرانەش کە کتێبەکەیان هەیە، و بەبێ خوێندنەوەی پێشەکییەکەی دەستیان بە خوێندنەوەی کتێبەکە کردووە، پێشەکی کتێب دەبێت بخرێتە خزمەتی ناوەڕۆک و ئامانجی توێژینەوەکەوە، دەبێت خوێندنەوە و ئاماژە بە توێژینەوەکانی پێشوو (دراسات سابقة previous studies) شیبکاتەوە، و نیشانی بدات، لەوەوپێش چی کراوە؟ و چ کەموکوڕییەک هەبوون، و ئەم کتێبە نوێیە چ کەلێنێک پڕدەکاتەوە؟ نەک بێ بەهاکردنی سەدان کتێب و توێژینەوەی پێشوو، نەک داتاشینی تیۆری مێژوویی و زمانەوانی خۆکردی بێ بەڵگە، چونکە دەبێت پێشەکی کتێب و توێژینەوە وابێت، کە بە خوێندنەوەی، لەناوەڕۆکی کتێبەکە تێبگەیت، لەبەرئەوە خوێندنەوە بۆ پێشەکی کتێبەکەی ئەم نووسەرە بەڕێزە، با ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ هەر هەوڵ و خوێندنەوەیەکی تر، جا لەلایەن هاوڕێیانمانەوەبێت وەک کار و خوێندنەوەی هاوبەش، یان هەر بەڕێزێکی ترەوەبێت.

بێگومان زۆر گەل و وڵات نووسەری لەو جۆرەی هەن، و عەرەبی عێراق (خەزعەل ماجدی) و عەرەبی سوریا و لوبنان (فیراس سەواح) و میسر (ئەنیس مەنسور) و ئێران و تورک و ئەرمەنیش چەندانیان هەن، جا ئەم نووسەرانە کتێبەکانیان پڕ فرۆشترینن، و هەندێکیان زۆرترین نووسینیشیان هەن، بەڵام هیچ کات ناتوانن جێگەی خۆیان لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بکەنەوە، و تەنها تینوێتی خوێنەری ئاسایی و نەشارەزا یان هەندێک خاوەن بڕوانامەی کتێب نەخوێن دەشکێنن، بەڵام هیچ نووسەرێکیان هێندە خۆبەشتزان و مەغرور نەبوون کە کۆی سەرچاوە مێژووییەکانی

وڵات و زمانی خۆیان ڕەتبکەنەوە، و چاویان بنوقێنن بەرامبەر زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان و پەروەردە و تەنانەت ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەش کە دەیان کتێبی مێژوویی باش و ئەکادیمییان چاپکردووە.

هەر بنکە و ناوەندێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری کۆڕ بۆ ناساندن و فرۆشتنی ئەم کتێبە نرخ گرانە، ناوەڕۆک پڕ گرێوگۆڵەیە دەکات، دەبێت جاریّ پێشەکی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و ڕازیبێت، کە ئەو هەموو بێ ئەمەکی و بوختانەی بە دەزگا و ناوەندەکەی خۆی و گشت دەزگا و زانکۆکانی کوردستانی قبوڵە، ئینجا کۆڕ و بازاڕی فرۆشتنەکە بە ئیمزاوە ئەنجام بدات، چونکە لە پێشەکییەکەیدا، نووسەری کتێبی مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە، زۆربەی نێوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان و توێژەران و پسپۆڕانی کوردی بێ بەهاکردووە، و ئەو دەزگایانەش کە کەوتنە ئەو هەڵەیەوە، و کۆڕ و بازاڕی کتێبەکەیان گەرمکرد، ئێمە ئاگادارین کە چەندە پەشیمانن، و تەنانەت کۆڕگێڕ و بەرپرسەکانی ڕێکخەری ئەو کۆڕانەش، کتێبەکەیان نەخوێندبووەوە، چ جای بزانن پێشەکییەکەی بە ناڕاستەوخۆ بوختان و ئیهانەی بەرهەمە مێژووییە چاپکراوەکانی دەزگاکانی ئەوانیشی کردووە.

بۆ ئەوەی ئێمەش وەک نووسەری ئەو کتێبە، نەڵێین ئەمە یەکەم خوێندنەوە و ڕەخنەیە دەربارەی کتێبەکە، ئەوا ڕەخنە و تێبینییەکانی هەردوو وبەڕێزان ئەو دکتۆرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بەداخەوە ناوی خۆی نەنووسیوە)، و مامۆستا شێرکۆ عادل دادەنێین، بۆ ئەوەی ئەم سێ خوێندنەوە و ڕەخنەیە هەموویان پێکەوە سوودێک بە نووسەر و خوێنەرانی کتێبەکەی بگەیەنن.

بەدڵنیاییەوە هیچ نووسینێک بێ کەموکوڕی نییە، بەم نووسینەی ئێمەشەوە، هیواداریین بە ئینساف و ویژدانەوە نووسیبێتمان. و هەر بۆ ئەوەش هەوڵمانداوە کە وتەکانی پێشەکییەکەی ئەو نووسەرە بەڕێزە و لێدوانەکانی هەمووی لەناو کەوانە دابنێین، و خۆمان بە دوور بگرین لە زیادەڕەوی و بێ ئینسافی، و هیچ مرۆڤێکیش بێ کەم و کوڕی و هەڵە نییە، و هیواداریین وابووبێتین کە خوێنەر و نووسەری بەڕێزیشمان نیگەران نەکردبێت.

**١.فەرموون ئەمە لینکی کورتە ڕەخنەکەی ئەو دکتۆرە بەڕێزەی خۆرهەڵاتی کوردستانە کە بە داخەوە ناوی نە نووسراوە لە پێگەی خۆرهەڵات، کە وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام وێنەی دیارە و ڕەخنەکانیشی زۆر جوان و بەجێ و زانستین:**

https://asoyroj.com/new/drejawtar.aspx?NusarID=199&Jmara=530

**٢.فەرموون ئەمە لینکی ڕەخنەکانی بەڕێز (شێرکۆ عادل دەباغ)ە دەربارەی کتێبی کورد کێیە؟ و کتێبی مێژووە بزر و نەگێڕدراوەکە:**

https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=pfbid02qfzsBdmvFvbDh2bi2ErdFK999SyStUpgG1sq7pKof5KNYDvEpwCNuFzQQd6Ch7DoI&id=100009292100369

**لەگەڵ ڕێزدا**

**پ.ی.د. دڵشاد زاموا، بەشی شوێنەوار، زانکۆی سلێمانی**

https://tinyurl.com/4re335my

پاش بڵاو بوونەوەی نووسینەکەی دکتۆر زامووا، لە دیوی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک نووسەری کتێبی:

<u>**کورد کێیە! مێژووی بزرو نەگێڕدراوەی کورد: سۆرانی حەمەڕەش**</u>

**بەشێوەیەکی نائاسایی و هەڵچون وەڵامی دکتۆر زاموا ئەداتەوە لەژێرناونیشانی:**

## وەڵامێکی زانستی و وانەیەک بۆ ئەوانەی دژایەتی خۆم و پەرتووکەکەم دەکەن

**نووسەر بابەتی ڕەخنەی مێژوویی بەلاڕێدا ئەبات و وەڵامی ڕەخنەگرانەی زانستی ناگرێتەبەرو وەڵامی ڕەخنەکان ناداتەوە و ئەیکاتە بابەتی بەغیلی و حەسودی و کێشەی شەخسی! و هەڕەشەی دادگا!!**

**نووسەر هەر لەسەرەتاوە ئەنووسێ:**

ئەو کەسانەی کە بۆچوونی نوێ و بوێرانە لەسەر بناغەیەکی زانستی لە هەر بوارێکدا دەهێننەکایەوە، تووشی چەند کێشەیەک دەبن. یەکێک لەوانە، ئەوان ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبنەوە کە ڕوانگە کۆنەکانیان لە ئەنجامی بۆچوونە نوێکانەوە دەکەونە ژێر پرسیارەوە، ئەو خەڵکانە هەست بە مەترسی دەکەن. لەبەر ئەوە بێ ئەوەی کە هەوڵ بدەن و لە ڕوانگەی تۆ تێبگەن، دێن هێرش دەکەنە سەرت. جا کاتێک ئەو هێرشانە ترس و ئێرەیی (بەخیلی) ان لەپشتەوە بێت، نووسینەکانیشیان ئەو ترس و ئێرەییەیان بە ڕوونی پێوە دیارە و نووسەرەکانیان تووشی هەڵەی گەورە

دەکات. لەبەر ئەوە من هەمیشە تێدەگەم کە خەڵکانێک گەلەکۆمەکیم لێدەکەن و زیاتر هەوڵی شکاندنی کەسایەتیم دەدەن لەبری ئەوەی کە بچنە ناو بابەتەکان و دژی بۆچوونەکانم بنووسن یان هەڵی بوەشێننەوە.!!

**یان دەنووسێت:** کاتێک کە کەسێک درۆ هەڵدەبەستێت بە ناومەوە، چیتر ناتوانم بێدەنگ بم و دەبێت وەڵام بدەمەوە، بە تایبەت کاتێک ئەو درۆ هەڵبەستنانە بە تـەواوی دژی بناغەی بۆچوونم بن.

**نووسەر دەنووسێ:** بەڕاستی ئەمە مایەی شەرمەزاریە، لەبەر ئەوەی کە ئەمە هەڵبەستنی درۆیەکی گەورەیە بە ناوی منەوە

یان دەنووسێ: بەڕاستی ئەمە شورەییە! ئەم بەڕێزە بە ناوی منەوە خەریکە درۆ هەڵدەبەستێت. درۆیەکیش کە بەتەواوی دژی بناغەی بۆچوونی منە. ئەو هێندە پێی ناخۆشە کە دەڵێم زانکۆکانمان کێشەیان هەیە، بابەتەکەی بە ئارەزووی خۆی و بە مەزاجی خۆی و لە خەیاڵی خۆیدا داڕشتۆتەوە.

**یان دەڵێت:** وەک دەبینرێت، زۆرینەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر من دەنووسرێن، هەتاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە سنووری ئێرەیی (بەخیلی) یەکی زۆر و ترس لە ڕوانگەی نویَ دەربچن.

**یان دەنووسێ:** لە ڕاستیدا من دەتوانم ئەم پرۆفیسۆرە بدەم بە دادگا. لەبەر ئەوەی وەک لەسەرەوە ڕوونم کردەوە، لە چوار شوێندا درۆی بە ناوی پەرتووکەکەمەوە کردووە و جگە لەوە، لە هەمووی ناخۆشتر بە ناوی منەوە قسەیەک دروست دەکات کە تەواو دژی بیروبروای منە.

**لە کۆتایدا لەدەربڕینەکانی پێشووی پاشگەزەبێتەوە لە بابەتی:**

**نوسەر و ئەکادمی و مێژوو نووس و .... بۆیە دەنووسێ:**

خوشکوبرایانی بەڕێز، من ناوم سۆران حەمەڕەشە. پیاوێکی کوردی سادەی ئەم نیشتیمانەم، بەشی گەورەی ژیانم تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو مێژووە دزرا و بزرەی کورد. بۆ ئەو مەبەستە، کارم لەسەر زیاتر لە دە زمانی دێرن کردووە و لە هەندێکیاندا لە کاتی قسەکردنی ئاساییدا دەتوانم ڕستەی زمانە مردووەکە یان دەربڕینی بخەمە ڕوو. ؟!

**دەنووسێ:** نابێت ئەو بەڕێزانە بیریان بچێت کە بابەتەکە کەسی من نیە و بۆچوونی منە و پێویست ناکات کە سەنگەر بەرامبەرم بگرن و ببنە دژم. کات و حەوسەڵەی ئەو جیهانە بێمانایەم نیە و گەر سەد سەنگەرم لێبگرن، دڵنیابن کە بە هیچ شێوەیەک یەک سەنگەر ناگرم، لەبەر ئەوەی کە زۆر سەرقاڵم و ئەوەش شتێکی زۆر بێسوود و بێمانایە. هیوام وایە جارێکی تر هەرگیز کەس ناچارم نەکات کە هەم کات بەفیڕۆ بدەم، هەم بەو شێوە ناشرینە قسە لەسەر مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەکەمان بکەین.

بەڵام:

**نامۆترین باسی ئەم نووسەرە لەم نووسینەدا کە هیچ زاناو زانکۆیەک ناتوانێ شیکاتەوە ئەم خاڵەیە**


- کورد لە ڕابردوودا ئاشنای ڕابردووی مادی و سۆمەری خۆی بووە و سەرچاوەکانیش ئەو راستیەیان خستۆتەڕوو.؟!

نووسراوەکە وەک خۆی دائەنرێتەوە:

src=»https://www.facebook.com/plugins/post.php?href=https%3A%2F%2Fwww.facebook.com%2Fpermalink.php%3Fstory

# وەڵامێکی زانستی و وانەیەک بۆ ئەوانەی دژایەتی خۆم و پەرتووکەکەم دەکەن

## نووسینی سۆران حەمەڕەش



# وەڵام و هەنێ لە کوورتەی
# ناونیشانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی
# دکتۆر زامووا لە زانکۆی سلێمانی

## وەڵامی دکتۆر زامووا:

**لەدوای بڵاو کردنەوەی نووسراوەکەی نووسەری کتێبی کوردکێیە، دکتۆر زاموا وولامێکی کورتی بۆ خوێنەرەکانی نووسیوە لەسەر دیووی فەیس بووک:**

وەڵامدانەوەی زانستی، بێ هەڵچوون جوانە!
دڵشاد زاموا Dlshad Zamua

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو، لەگەڵ چەند توێژەر و مامۆستایەکی بەڕێزدا هەندێک تێبینی و ڕەخنەمان دەربارەی کتێبی نووسەرێکی بەڕێز بڵاوکردەوە، بەڵام بەداخەوە، دوێنێ لە وەڵامێکی زۆر دوور و درێژدا ئەمانە بۆ من و ئەو نووسەرە بەڕێزانە نووسیون، ئەم دەربڕینانەی خوارەوەی نووسیون، ئەوانەی لەناو کەوانەکە دامناون هەمووی وشەی زبر و ناوزڕاندنی زۆر بازاڕیانەن، و وەک خۆی لەو بەناو وەڵامە زانستییەدا دەرمهێناون، ئاوای نووسیوە:

(دژایەتی خۆم و پەڕتوکەکەم دەکەن، .....خاوەن ڕوانگە کۆنەکان، دێن هێرش دەکەنە سەرت، ئەو نووسینانە ترس و ئێرەییە(بەخیلی) یان لە پشتەوەیە، ....من هەمیشە تێدەگەم کە خەڵکانێک گەلەکۆمەکیم لێدەکەن، ....زیاتر هەوڵی شکاندنی کەسایەتیم دەدەن، ....دژی من دەنووسێت نەک دژی بۆچوونەکانم، .....بە زمانێکی زۆر ناشرین دژی خۆم و پەڕتوکەکەم دەنووسێت، .....شتەکانم بە گۆترە ڕەت دەکەنەوە، ....پەرتوکەکەشی نەخوێندووەتەوە و لەسەر منیشی نووسیوە، ....بەڕاستی ئەمە شورەییە، ئەم بەڕێزە خەریکە بە

ناوی منەوە درۆ هەڵدەبەستێت، ئەو هێندەی پێناخۆشە ....، بۆ دەرفەتێک دەگەڕێت کە پەلاماری بدات، جارێکی تریش خەریکە درۆ دەکات، لە فکری من دەترسن، ....).

بەڕێزان ئەمانەی ناو کەوانەکە هەمووی ئەو وشە و دێڕانەن کە ئەو نووسەرە بەڕێزە، بەحسابی خۆی وەڵامی من و مامۆستا شێرکۆ عادل و دکتۆر هێرش قادری خۆرهەڵاتی کوردستان و مامۆستا جوتیار ئەحمەدی مۆزەخانەی سلێمانی پێ داونتەوە. بەڕاستی ئەو زمانە زبرە کەسایەتییەکی زۆر هەڵچوو نیشان دەدات، وشەکانی (دژایەتی خۆم و پەرتوکەکەم)، (درۆ)دەکەن، (بەخیلی دەبەن) (پەلاماردەدەن) جاریَ پەلامار بۆ سەگ بەکاردێت، وتەیەک هەیە، ئەڵێ پێم مەڵێ تۆ کێی (قسەم بۆ بکە، بزانم تۆ چی دەڵێیت، تا بزانم تۆ کێیت؟!) جا ئەو قسە زبر و تەشهیرە توندانە، دەربڕینی نووسەرێکی بەڕێزە کە خاوەنی کتێب و نووسینە و ئەیەوێت (شکۆ بۆ کەسایەتی شکاوی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بگەڕێنێتەوە). لەکاتێکدا لە نووسینەکەمدا من لە کۆتایی ڕەخنەکانیشم نووسیومن، کە هیچ کامێکمان هەموو ئەوەی دەیڵێین و دەینووسین دەشێ ڕاست نەبێت، و من ئەو بەڕێزەم بەم وشانە ناوم هێناوە(بەڕێز کاک) و ناویشم نووسیوە، و پاشان نووسیومە(نووسەری ئەم کتێبەمان خۆشدەوێت) (هەستێکی پاکی کوردانەی هەیە) (بەڕێزیشیان شتی جوانیان نیشانداوە و کارێکی جوانە هەموو مێژووی کوردستان لە کتێبێکدا کۆ بکەیتەوە و ئامانجت ئەوەبێت کە تاکی کوردی هوشیاربکەیتەوە و شانازی بە مێژوو، زمان، سەلاحەدین و لەیلا قاسمەوە...بکات) ئەمە ئەو دەربڕینانەی منە کە لەپایدا

نووسەرە بەڕێزەکەی کە چاوەڕێیە لە فیلکەی شارە کوردییەکان پەیکەری بۆ بکەن، ئێمە بە درۆزن و بەخیل و پەلاماردەر و دژایەتی و شەڕی عەشایەری و سەنگەرلێگر ناوی بردووین.

پاشان ئەڵێت، نازانیَ چۆن نووسین داهاتووە، و نازانیَ مۆر چییە. من ئەمە وەڵام نادەمەوە، بەس لێرە لەخوارەوە، چەند توێژینەوەیەک و ئەو لاپەڕانەی کە بە ڕوونی و زمانێکی سادەی کوردانە ئەو قۆناغانەی پێش داهێنانی نووسیون و سەرەتای نووسینی وێنەیی و نووسینی مێخی و ئەلفبیَ کوردییەکان، سالانێک لەمەوبەر بڵاومکردوونەتەوە و شیمکردوونەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دەربڕینانەی کە نووسیونی، من ئێستاش هەر ئەم نووسەرە بەڕێزەم خۆشم دەوێت، و ئەگەر ڕازی بێت، یەک چەپکە گوڵی ڕەنگینی بەهاری بە دیاری بۆ دەنێرم. و چی تریشی لەو دەربڕینانە پیَ ماوە، با بۆمان بنووسیَ، کێشە نییە، ئامانجی ئێمە دەبێت گەورەتربێت. لە دڵشکاندنی یەکتر، و مادام ڕەخنەی زانستی چووە قۆناغی ئەو قسە زبرانەوە تامێک لەم گفتوگۆیەشدا نەما. هیوای سەرفرازی بۆ ئەم نووسەرە بەڕێزانە، و بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش کە ئەم نووسەرەیان خۆش دەوێت و جنێویان پێداوین، و بە سیخوڕی ڕۆم و عەجەمیان داناوین، هیوادارم ئەم شیر و تیرەیان بۆ دوژمنان تیژ بکەن، سەرفرازبن.

توێژینەوەکەی گۆڤاری شنرویَ لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاومکردۆتەوە، و ئەمە چەند لاپەڕەیەکێتی وێنەکانیم لە خوارەوە داناوە و ئەمەش تەواوی توێژینەوەکەیە لەم لینکە (https://rb.gy/٤uwl٩).

توێژینەوەی ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی، لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە وەرگێڕان لە زانکۆی سۆران پێشکەشم کردووە و لە کتێبی کۆنفرانسەکەدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمەش لینکی تەواوی کتێبی کۆنفرانسەکەیە کە توێژینەوەکەی من یەکەم دانەیانە. و وێنەی لاپەڕەی یەکەمیشی لە خوارەوە دادەنێم (file:///C:/Users/SOS١/Downloads/٨١١٧٩٠٤٤.pdf).

– لە پۆستی پێشوودا دوێنێ باسی کتێبی داهێنانی نووسینمان کردووە کە بۆ منالانمان نووسیون بۆ بەشی مۆزەخانەی منالان، و ئەمەش پێنج ساڵێک لەمەوبەر نووسیومانن، و ئەمەش لینکەکەیەتی کە باسی سەرەتاکانی پێش نووسینیشیمان کردووە، و ئەم بەڕێزەش ئەڵێ ئەم پرۆفیسۆرە هیچی لێ نازانێ (https://culturalheritageprotection.org/.../Writing...).

–ئەمەش لینکی بەرنامەی دۆکیومێنتاری مۆرەکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیایە و فەرموون بینەری بن (https://www.youtube.com/watch?v=Teeh٣k٥٢MFI).

تکایە بە هیچ شێوەیە، وشەی زبری ناڕاستەوخۆش بۆ هیچ کەسێک لە تێچینی خوارەوە مەنووسن.

و ئەمەم بۆ وەلامدانەوەی کەس نەنووسیوە، بەڵکو وەک بەرچاوڕوونی بۆ ئێوەی بەڕێزە، تا ئەم دیوەی ڕاستییەکانیش بزانن. و حەقیقەتیش ئاوێنەیەکی شکاوە و هەریەکەمان پارچەیەکمان هەڵگرتووەتەوە، و هیواداریین ئێمە پارچە گەڕ و تەڵخەکەی ئەو ئاوێنە شکاوەمان هەڵنەگرتبێتەوە.



# کۆمێنتی مامۆستا: شاسوار هەرشەمێیی
# لە دیوی فەیس بووکی تایبەتی دکتۆر زامووا

**دەستخۆش کاک دڵشاد (دکتۆر زامووا)**

من دەمێکە سەر لەم کتێبە دێنم و دەبەم، تا بزانم سەرەداوی پێکەوەگرێدانەکانی ئەو هەموو قەوم و تیرە و ئەتن و خێڵانەی هەزاران ساڵ پێش مێژوو لای بەڕێز کاک سۆران چییە؟ بەشێکی زۆر لەو دەستە مرۆڤانە، زمانی نووسینیان نەبووە، یان تا ئێستا هیچ نووسراوێکیان بە ئێمە نەگەیشتووە. هەندێکی دیان، تەنیا لە ڕێگای زمانی دەستی دووی وەک ئەکەدیی و ئاشوریی و ئارامیی و عیبرییەوە، هەندێک ناوی فەرمانڕەوا و شار و شوێنیان بۆمان ماوەتەوە، کە بێگومان بە شێوە گۆکردنی زمانەکانی دی تۆمارکراون. بێگومان هەشن کە نووسراویان لەپاش بەجێماوە و کاری باشیان لەسەر کراوە. ئەوانەی نووسراوی هەڵکەندراوی مێخیان بۆمان بەجێهێشتووە، سەر بە خێزانە زمانی جۆراو جۆرن و لە جوگرافیای جۆراوجۆر و تا زەمەنی لێکجیاوازیش، لە مەیدانی بەرینی مێژوو دەرکەوتوون، بۆیە لە ڕووی زمانەوە نە دەتوانین ئەوان پێکەوە ببەستینەوە و نە دەشتوانین ئەوان بە زمانی کوردیی و ئەتنیکی کوردەوە ببەستینەوە.

سەرەڕای ئەوەش دەڵێم، هەر ڕووداوێک جا بکەرەکەی هەر کێ بووبێت، تەنیا گەر لە سنورە ناسراوە جوگرافییەکانی کوردستان ڕوویاندابێت، ئیدی بەشێکن لە مێژووی ئێمە، بەڵام ناتوانین بەزۆرەملێ بیانکەین بە کورد. واتا بەکتاشەکان، سەلجوقیان، هەردوو ئاق قوینلو و قەرەقۆینلوش بەشێکن لە مێژووی ئێمە، جا باش بن یان خراپ، کوردستانین و مەرج نیە کورد بن. لەوانەیە لولو، ئێلامیی، گۆتیی، هووریی،ماننا، میتانیی و زۆری دیش هەرگیز نەزاندرێت چ کاریگەریەکیان بەجێهێشتووە.

لەوانەی سەرەوە، تەنیاماننا و میتانیی، وێدەچێت زمانەکانیان سەر بە هەمان خێزانە زمانی کوردیی بووبێت، بەڵام ئەوانیش دەچنەوە سەر بنخێزانە زمانەکانی ڕۆژئاوایی هیندۆرووپیی و لە کوردیی و فارسیی دوورن.

**ئیدی بە کورتیی، کاک سۆران هاتووە، هەموو ئەو دەستە و گرووپە ئەتنیانەی، سەردەمی لیکجیا و جوگرافییای لیکجیای هێناوە و لە ڕێگای (زمانەوە) بە کوردیەوەی گرێداون. ئەم کارە دەچێتە خانەی (زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی زمان) و لێکدانەوەی (ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە زمانەکان)، کە کاک سۆران (هیچیان لەسەر نازانێت)، بۆیەشە بەراوردکردنەکانی تەنیا بە (لێکچوونی ڕواڵەتی) وەرگرتووە. ئەمڕۆ ئێمە کێشەمان لەگەڵ دەقی کوردیی مەلایەکی سەد ساڵ پێش ئەمڕۆ هەیە و کەسانی زۆر شارەزا بە چەندان شێوە خوێندوویانەتەوە و تۆماریان کردووە، جا وەرە زمانێکی سێ تا چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بێنە و نە زەمەن و نە جوگرافیا لەبەرچاو بگرە و ڕێک بە وشەیەکی (زاری سۆرانی ئێستای کوردیی) بچوێنە! بێگومان لێکچوونەکان دەبنە لێکچوونی ڕواڵەتیی و داتاشراو و ڕێکەوت! ئەگەر ئەم پێکچوواندنە ناڕاستانە لە سەرجەم کتێبەکەی کاک سۆران لابدەین، ئیدی بابەتەکانی ناوی وەک ئاردی ناو دڕکیان لێدێت و ناچنەوە سەریەک.**

من لام چاک بوو، کە کاک سۆران پێش ئەوەی دەست بە نووسینی کتێبەکەی بکات، خۆی خەریکی فێربوونی زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی لە زمان بکات. من کتێبێکم لەم بارەیەوە چاپ کردووە و نامیلکەیەکیشم لەسەر زمانی سومێریی چاپ

کردووە. خۆ ئەگەر سودوەرگرتن لە سەرچاوە کوردییەکانیش بە عەیب دەزانێت، بە زمانی ئینگلیزیی سەرچاوەی زۆر باش هەن و بەشێک لەم سەرچاوانە لە پاشکۆی کتێبەکەی من ئاماژە بە ناویان کراوە، کە لە کارەکەمدا بەکارمهێناون.

**وەڵامی دکتۆر زامووا:** دەستخۆش ماموستاگیان، بۆ سەرنجە زانستییەکانت، بێگومان بەرهەمەکانی بەڕێزتان دەربارەی زمان و بەراوردکردنی پێوانەیی لە زماندا شاکارێکی گرنگن بۆ زمانی کوردی، بەتایبەت ئەم بەرهەمە سێ بەرگییەتان، شاکاری چاپکراوی جەمال عیرفانە



# کورتەی ناونیشانی هەندێ لە لێکۆڵەنەوە و توێژینەوەکانی دکتۆر زامووا:

## دڵشاد ئەحمەد مارف
## (دکتۆر زامووا)
## دەرباری سەرەتاکانی داهێنانی نووسین

**دڵشاد زاموا، ٢٠٢٠، ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووسی زمانی کوردی هاوچەرخ، گۆڤاری شنرویَ ژمارە ١، سوید، لا ٩٧-١١٢**



Assist. Prof. Dr. Dlshad A. Marf Zamua
**٢٠٢٠, گۆڤاری شنرویَ -سوید**

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕێنووس و ئەلفوبێ کۆنەکانی کوردستان، وەک ئاشکرایە کە کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا پێکدێت بە لانکەی شارستانییەت دادەندرێت، لێرەوە ژیانی هەزاران ساڵەی ئەشکەوت بەرەو دروستکردنی یەکەم لادێ دەستی پێکرد، لێرەوە هێما وێنەییەکان بەرەو کۆنترین نووسینی وێنەیی و پاشان نووسینی مێخی دەستیپێکرد. لەم نیشتیمانەدا چەندین زمانی کۆنی وەک زمانی سوباری، خورری، ئورارتی، میدی، و تەنانەت ئەکەدی و ئاشوری و بابلی لە ڕێگەی خەتی مێخییەوە تۆمارکراون(Gelb ١٩٣٩)، هەندێ زمانی وەک لوللوبی و گوتی و کاشییەکان بەپێی ئەو بەڵگانەی تا ئێستە لەبەردەستدان هیچ کات پێیان نەنووسراوە و تەنها ناوی شار و کەسە لوللوبی و گوتی و کاشییەکان ماونەتەوە. ئورارتییەکان جگە لە خەتی مێخی، خەتی هیرۆگلیفیشیان بەکارهێنا. لە سەدەی هەشتەمی پ.ز.وە خەتی ئارامی هەتا ئەم سەردەمی ئەمڕۆمان بۆ نووسین لە کوردستاندا بەکاردێت. ئەلفوبێی گریکی لە دوای هێرشی ئەسکەندەرەوە لەم نیشتیمانەدا بەکارهێندراوە، ڕۆمەکان لاتینی یان لە سەر میلە بەردینەکان بەکارهێناوە، ئەشکانی و ساسانییەکان ئەلفوبێی ئەشکانی و پەهلەوی (پارسی ناوەڕاست)

یان بەکارهێناوە، ئەلفوبێ کۆنە کوردییەکە تا کۆتایی عەباسییەکان (سەدەی ١٣ز.) بەکارهێندرا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات باس لە گەشە سەندنی خەت و نووسین و ئەلفوبێ لە کوردستاندا بکات، و تێیدا چەند دەق و نووسینێکی کۆن بۆ یەکەمجارە بە زمانی کوردی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت

https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fwww.academia.edu%

Page | 97 گۆڤاری شنروێ | ساڵی یەکەم، ژمارە یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠


## ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووس و زمانی کوردیی هاوچەرخ

دڵشاد عەزیز مارف (دڵشاد زاموا)[١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٤/٢٠ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٨/٠٥

### کورتە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕێنووس و ئەلفبێ کۆنەکانی کوردستان، وەک ئاشکرایە کە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا پێکدێت و بە لانکەی شارستانییەت دادەندرێت، لێرەوە ژیانی هەزاران ساڵەی ئەشکەوت بەرەو دروستکردنی یەکەم لادێ دەستی پێ کرد، لێرەوە هێما وێنەییەکان بەرەو کۆنترین نووسینی وێنەیی و پاشان نووسینی مێخی دەستی پێ کرد. لەم نیشتیمانەدا چەندین زمانی کۆنی وەک زمانی سوباری، خورری، ئورارتی، میدی و تەنانەت ئەکەدی و ئاشوری و بابلی لە ڕێگەی خەتی مێخییەوە تۆمارکراون، هەندێ زمانی وەک لوللوبی و گوتی و کاشییەکان بەپێی ئەو بەڵگانەی تا ئێستە لەبەردەستدان هیچ کات پێیان نەنووسراوە و تەنها ناوی شار و کەسە لوللوبی و گوتی و کاشییەکان ماونەتەوە. ئورارتییەکان جگە لە خەتی مێخی، خەتی هیرۆگلیفیشیان بەکارهێناوە. لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز.)ەوە خەتی ئارامی هەتا ئەم سەردەمی ئەمڕۆمان بۆ نووسین لە کوردستاندا بەکاردێت. ئەلفوبێی گرێکی لە دوای هێرشی ئەسکەندەرەوە لەم نیشیتمانەدا بەکارهێندراوە، ڕۆمەکان لاتینییان لەسەر میلە بەردینەکان بەکار هێناوە، ئەشکانی و ساسانییەکان ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی (پارسی ناوەڕاست)یان بەکار هێناوە، ئەلفبێ کۆنە کوردییەکە تا کۆتایی عەباسییەکان (سەدەی ١٣ز.) بەکار دەهێندرا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات باس لە گەشەسەندنی خەت و نووسین و ئەلفبێ لە کوردستاندا بکات و تێیدا چەند دەق و نووسینێکی کۆن بۆ یەکەمجارە بە زمانی کوردی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.



وێنەی ٢: دیمەنی تۆپەقوڕ و ئەو هێما قوڕینانەی پێش نووسین بەکار هێندراون (Schmandt-Besserat, 1977).

ئەو دووکەسەی کە مامەڵە بازرگانییەکەیان دەکرد هەر یەکێکیان تۆپە قوڕێکی لای خۆی هەڵدەگرت، ئەگەر هەر لێک تێنەگەیشتنێک هەبوایە یان کاتێک بازرگانەکە دەگەیشتە جێگەی مەبەست بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی کەلوپەل و کاڵا بازرگانییەکان تۆپە قوڕەکە دەشکێندرا و هێما پەیکەرە بچووکەکان دەژمێردران بۆ دڵنیابوون لە گەیشتنی بارەکە بە تەواوی، بۆ قەرزداریش بە هەمان شێوە. ئەم تۆپە قوڕانە و هێماکانی ناویان لە چاخی بەردینی نوێدا زیاتر لە ١٠ هەزارساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیا بەکار هێندراون، پاشان لە سەرەتای چاخە مێژووییەکاندا لە دەوروبەری ٣٥٠٠پ.ز. لە چەند شوێنەوارێکی کوردستاندا وەک شوێنەوارەکانی گۆدین تەپە لە نزیک کرماشان و لە شاری سوسە لە وڵاتی عیلام، لە تەپەگەورە و تەل بیلا لە نزیک بەعشیقە لە باشووری کوردستان، لە شوێنەواری گردی بەڕاق (تەل براک) لە نزيك حەسەكە لە خۆرئاوای کوردستان ئەم هێما و پەیکەرانە بەکارهێندراون، جگە لە دۆزینەوەی ئەم هێمایانە و تۆپە قوڕەکانی ناویان لە شاری ئوروک (وەرکا)ی سومەرییەکان و گردی شوێنەواری حبوبە کەبیرەی نزیک حەلەب و لە چەندین شوێنەواری تر لە خۆرهەڵاتی کۆن (باقر، ٢٠١٢،ص ٢٦٧; الجميلي، ٢٠٠٥، ١٧).

**٣- نووسینی وێنەیی**

لە دوای داهێنانی ئەو هێمایانەی لە سەرەوە باسمان کردن، لە قۆناغێکی نوێدا سومەرییەکان هەوڵیان دا ئەو هێمایانەی کە لەوەو پێش لە بەرد و قوڕی بچکۆلە کە وەک هێمای کەلوپەل و کاڵاکان دروست دەکران و دەخرانە تۆپەقوڕەکانەوە لەمەودوا تەنها لەسەر تاتەقوڕ وێنەیان بکێشرێت، بەم شێوەیە نووسین قۆناغی یەکەمی دەست پێ کرد و ئەم قۆناغەش پێی دەگوترێت نووسینی وێنەیی (Pictographic). نموونەی ئەم نووسینە وێنەییە لە شاری ئوروک(وەرکا)ی سومەری، و گردی بەڕاق (تل براک) لە خۆراوای کوردستان لە نزیک حەسەکە و لە جەعدەتولمەغارە لە نزيك حەلەب و لە شاری سوسە لە عیلام لەسەر تاتە قوڕەکان دۆزرانەوە (باقر، ٢٠١٢،ص ٢٦٧; الجميلي، ٢٠٠٥، ١٧).

**٢- هێما وێنەییەکان قۆناغێک پێش دەرکەوتنی نووسینی وێنەیی**

لە سەرەتای چاخی بەردیندا بۆ یەکەمجار مرۆڤ هەوڵی دا لە کۆمەڵگەکەیدا بۆ مەبەستی بازرگانی لەسەر ژمارەیەک هێما ڕێک بکەوێت، ئەو هێمایانەش لە قوڕ یان بەردی بچکۆلە بە قەبارەی یەک دوو سانتیمەتر دروست دەکران، ئەم هێمایانە دەکرێت بە هێمای بچکۆلە

d A. Marf Zamua

Vol. 1, No. 1, Summer 2020

**گۆڤاری شنروێ** |ساڵی یەکەم، ژمارە یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠ Page | 99

ناوبندرێن، بە ئینگلیزی شوێنەوارناسان پێیان دەڵێن (tokens) و ئەم هێمایانە لەکاتی مامەڵە و بازرگانیدا بەتایبەت لە کاتی قەرزپێدان و بردنی کاڵا بۆ فرۆشتن بە پێی جۆر و ژمارەی کاڵاکە هێماکان دروست دەکران، بۆ نموونە پەیکەرە هێما بچووکەکان بە پێی جۆری کاڵا بازرگانییەکە دروست دەکران ئەگەر بازرگانی بە ئاژەڵەکانەوە بکرایە ئەوە شێوەی سەری گامێش هێما بوو بۆ گامێش، بازنەیەک هێمای دوو هێڵی یەکتربڕی تێدا بێت هێمایە بۆ مەڕ، گۆزەیەک ئاماژەیە بۆ ئەو خواردنەوەیەی کە تێیدایە، هەروەها هێمای قاپێک ئاماژەیە بۆ پێدانی خواردن بە کرێکاران لە کارگەکانی ڕستن و چنین یان لە بەندەر و بنکە بازرگانییەکاندا، بەو شێوەیە چەند گۆزەیەک لە دانەوێڵە و ڕۆن و خواردنەوە لەسەر شێوەی گۆزەی بچووک بە قوڕ یان بەرد دروست دەکران بەپێی ئەو ژمارەیەی کە مامەڵەی پێوە دەکرا، پاشان هێماکان دەخرانە ناو تۆپەڵە قوڕێکی ناوبۆشەوە کە بە ئینگلیزی ناونراوە (bulla) تۆپەقوڕەکە لە هەموو لایەکەوە دادەخرا، پاشان بە مۆری لوولەیی هەموو لایەکانی مۆر دەکرا، تۆپە قوڕێکی تری هاوشێوە بە هەمان جۆر و ژمارەی کاڵاکە دروست دەکرا و مۆر دەکرا (بۆ زانیاری دەرواندرێتە Schmandt-Besserat, 1992, p.17ff.٥ Marf 2019,5-6; .)، (وێنەی ٢).

Free PDF

دڵشاد زاموا، 2020، ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووسی زمانی...

دڵشاد زاموا ، 2020، ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووسی زمانی کوردی هاوچەرخ، گۆڤاری شنرویَ ژمارە 1، سوید، لا 97-112



Assist. Prof. Dr. Dlshad A. Marf Zamua

گۆڤاری شنرویَ -سوید ,2020

پوختە: ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕێنووس و ئەلفوبیَ کۆنەکانی کوردستان، وەك ئاشکرایە کە کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا پێکدێت بە لانکەی شارستانییەت دادەندرێت، لێرەوە ژیانی هەزاران ساڵەی ئەشکەوت بەرەو دروستکردنی یەکەم لادیَ دەستی پێکرد، لێرەوە هێما وێنەییەکان بەرەو کۆنترین نووسینی وێنەیی و پاشان

## بەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ خوێنکارانی سەرەتایی :
## داهێنانی نووسین و کرداری نووسین لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا
## لە کتێبی : نووسین و داهێنانی نووسین ( کتێبی هاوبەش )
## دکتۆر زامووا ( دڵشاد مارف زامووا ) ٢٠١٩

ئەم دەستپێشخەرییە فێرکارییە بەشێکە لە پڕۆژەی بەکردارکردنی شوێنەوارناسی و پاراستنی کەلەپوور لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن کونسوڵی بەریتانی بۆ پاراستنی کەلتور و بە هاوبەشی لەگەڵ بەشی دیجیتاڵ و کەلتوور و راگەیاندن و وەرزش پشتگیری مادی دەکرێت.

هاوبەشەکانی پڕۆژەکە: ئەفرۆدێتۆ سۆرۆتۆو (بەیمانگەی ئینهێریت)، کەمال رەشید (بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی).
بەشداربووە ئەکادیمییەکان: د.دڵشاد عەزیز مارف، پرۆفیسۆر سیلڤیا فێرارا، د.کلاودیا گلاتز، و د. دانیێل کالدێرباک.
کێشانەوەی وێنەکان: مارینا دیمۆپۆولۆو
لەبەرگرتنەوە و دروستکردنەوەی پارچە شوێنەوارەکان: زۆرک سەباح، ئاکام عومەر.
وەرگێڕان: د. دڵشاد عزیز مارف. پێداچوونەوە: کمال رشید رەحیم - هاشم حەمە عبدالله
پیتچنین: ڕێبوار سەدرەدین
ڕێکخستنی : ئامانج ئەمین

ئاب - ٢٠١٩

Department for Digital, Culture Media & Sport
BRITISH COUNCIL
مۆزەخانەی سلێمانی
Slemani Museum
inherit
University of Glasgow

هەموو مافێکی ئەم زانیارییانە بۆ ئەم کەسانە پارێزراوە (کلاودیا گلاتز، ئەفرۆدێت سۆروتو، کەمال رەشید، مینە ماری هاڵد، ڕۆبن بێندری، دانیاڵ کالدرباک و مارینا دیمو) © ٢٠١٩


داهێنانی نووسین
و کرداری نووسین
لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا
اختراع وممارسة الكتابة في الشرق
الأدنى القديم
The Invention and Practice of Writing
in the Ancient Near East




**بەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ خوێنکارانی سەرەتایی:**

**داهێنانی نووسین و کرداری نووسین لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆند**

**لە کتێبی: نووسین و داهێنانی نووسین ( کتێبی هاوبەش )**

**دکتۆر زامووا ( دڵشاد مارف زامووا ) ٢٠١٩**

نووسین چییە؟ نوسین بریتییە لە یەکێک لە گەورەترین داهێنانەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. نووسین بەکارهێندراوە بۆ تۆمارکردنی قسەکردن لە ڕێگەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە نیشانە) هێما(ی بیندراوەوە کە دەنگەکانی وشەکانی پێ تۆماردەکرێت. بیر لە پیتەکانی ئەلف و بێ بکەرەوە و چۆن دەنگەکانیان دیاریکراوە و هەر دەنگە و پیتێکی بۆ دیاریکراو؟ ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی کە نووسین وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا. لەڕێگەی بەکارهێنانی نووسین دەتوانین نامە بنێرین و لەم سەردەمەی ئێستادا دەتوانین ئیمەیڵ و نامەی ئەلیکترۆنی بۆ ناوچەی زۆر دوور بنێرین و

ئەوەی ئەیزانین لەڕێگەی نووسینەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی تۆماربکەین. هەر لەیەکەم نیگاوە، ئەم پێناسەیەی سەرەوە بەشێوەیەکی ڕوون جیاوازی نێوان نووسین و سیستەمە بیندراوەکانی تری پەیوەندیکردن لەیەکترجیادەکاتەوە کە بە بێ قسەکردن پەیامەکان دەگوازنەوە. لەوانەیە جیاوازییەکە ئاڵۆزتربێت، بەتایبەتی وەک ئەوەی کە دەیبنین کاتێک دێینە سەرەتاکانی قۆناغی سەرهەڵدانی نووسین. نووسین کاریگەرییەکەی زۆرگەورەی کردە سەر کەلتوری مرۆڤایەتی. بەاڵم ئێمە ئەمڕۆ بە مسۆگەری وەریدەگرین و پرسیارە بنەڕەتییەکان ناکەین: چۆن ئەم نووسینە پەیدابوو و گەیشت بەم ئاستە؟ کێ نووسینی داهێنا؟ لە کوێ نووسین داهێندرا و بۆچی؟ ئەم گەشتە هەوڵدەدات بەشێک لەو پرسیارانە وەاڵم بداتەوە. میسۆپۆتامیا نووسینی لە خاڵی سفرەوە دەستپێکرد و دایهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتورێکی ترەوە هەبێت. ئەم نووسینە ناونرا "مێخی/بزماری" چونکە هێماکانی شێوەیەکی مێخی تیژیان هەبوو. )وشەی مێخی بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت کونێیفۆرم کە لەوشەی التینی کونێوس بە واتەکەی مێخ دێت وەرگیراوە(. نووسینی مێخی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تاتەقوڕ دەنووسرا و هەندێک کاتی تریش لەسەر مادەری تر، سەدان هەزار تاتەقوڕ کە نووسینی مێخییان لەسەرە دۆزراونەتەوە. گرنگە کە بیزانین لەبەر ئەوە نوووسین تەنها پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکو نووسین مادەیە و شتێکە. بۆ نمونە نووسین بەشێکە لە مێژوو و شوێنەوار. تابلێتە قوڕینەکان و جۆرەکانی تری نووسین لە سەر مادەی تر کە لە کاتی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکاندا

دۆزراونەتەوە و بەشێکی زۆریان لە مۆزەخانەکان نمایشکراون. بەکارهێنانی ئامرازەکان و مادەکانی ناو ئەم سندوقە، ئێوەش هەندێکیان بۆ خۆتان دەنووسن. ئەمە گەشتێکە ئێوە دەباتە قواڵیی یەکێک لە گرنگترین داهێنانەکانی میسۆپۆتامیاوە. خەتی مێخی سەرەتا بۆ نووسینی زمانی سومەری داهێندرا، بەاڵم دواتر زمانەکانی ئەکەدی، خوری، حیتی، ئورارتی، ئیالمی، فارسی کۆن، میدی و زمانی تریشی پێنووسران. بەم ڕێگەیە، یەک جۆر خەت کە خەتی مێخی بوو، بە تێپەڕبوونی کات بۆ تۆمارکردنی نووسینی چەندین زمان بەکارهێندرا. خەڵکی میسۆپۆتامیای کۆن پێش هەموو شارستانییەتەکانی تر، ئەوان یەکەم کەس بوون نزیکەی ٥٠٠٠ پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر نووسینیان داهێناوە. لەکاتێکدا لە میسریش بەهەمان شێوە ماوەیەکەی کەم دوای میسۆپۆتامیا نووسینێکیان بۆخۆیان داهێنا. هەروەها چینییەکان نزیکەی ٢٠٠٠ دوو هەزارساڵ دواتر نووسینێکی تایبەت بە خۆیان داهێنا، دوای چەند سەدەیەکی تریش لە ئەمریکای ناوەڕاست نووسینێکی تر داهێندرا. ئەمانە چوار داهێنانی جیاواز و دابڕاو لەیەکتربوون، کە هەریەکێکیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ داهێندراون و بەبێ ئەوەی پەیوەندییان بە کەلتورێکی ترەوە هەبێت کە لەوەوەپێش نووسینی داهێنابێت.داهێنانە ڕەسەنەکان لەوانەیە لە شوێنی تریش بە هەمان شێوە ڕوویاندابێت، لە دۆڵی ئیندوس لەسەردەمەی شارستانییەتی هەراپپادا و، لە وپەڕی ڕۆژهەاڵتی ئایسالندا لە زەریای هێمن دا نزیکەی ٥٨٠٠کم دوور لە کەناراوەکانی چیلی. میسۆپۆتامیا وەک دەردەکەوێت یەکەم بووە لەم داهێنانەدا. نووسین بۆچی بەکاردەهێندرا؟ لە میسۆپۆتامیا، نووسین و و ڕێگەکانی تۆمارکردن

و پاراستنی زانیارییەکان و کەلوپەلەکانی وەک مۆرەکان هەموویان زۆر پەیوەست بوون بە دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە: وەک کۆشک و پەرستگەکان. لە کاتێکدا لە سەرەتادا نووسین بۆ مەبەستی تۆمارکردنی چاالکییە ئابوری و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بەکاردەهێندران، بەاڵم دواتر بۆ تۆمارکردنی دەقی ئەدەبی و داستانەکانیش بەکاردەهێندران، وەک دەقی داستانی پاشا و پاڵەوانی بەناوبانگ گلگامێش، دەقە یادگارییە شاهانەکان کە لەسەر بەرد هەڵدەکەندران و بۆ تۆمارکردنی یادەوەری سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی پاشایانی میسۆپۆتامیا بەکاردەهێندران. هەروەها بۆ تۆمارکردنی دەقی زانستی تایبەت بە فەلەکناسی و بیرکاری و دەقی تایبەت بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان. جیاواز لەم سەردەمە، لە سەردەمە کۆنەکاندا لە میسۆپۆتامیا تەنها ژمارەیەکی کەم لەخەڵک دەیانتوانی نووسین فێربن و ببنە نووسەر و خوێندەوار، کە ئەوانیش لە چینی شاهانە، دەوڵەمەندەکان، و کاهینەکان بوون و دەیانتوانی بنووسن و بخوێننەوە. ئەوانەی فێری نووسین و خوێندنەوەی خەتی مێخی بووبوون لە میسۆپۆتامیای کۆندا خاوەن پلەیەکی بەهێزبوون لە ناو کۆمەڵگەدا و بووبوونە تاکێکی بەهێز لە کۆمەڵگەی میسۆپۆتامیادا. پێش نووسین لەسەرەتادا، مرۆڤەکان نووسینیان نەدەزانی. پێش دروستکردنی الدێ و شارەکان و گەشەکردنیان، مرۆڤەکان یەکەم هەنگاویان بەرەو نووسین نا، ئەویش لەڕێگەی تۆمارکردنی چیرۆکەکانی ڕاوکردن و بەشەکانی تری ژیانیان لەڕێگەی کێشانی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەن )نزیکەی سی هەزار ٣٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر(. دواتر لە دەوروبەری دوانزەهەزار ١٢٠٠٠ساڵ

لەمەوبەر، مرۆڤەکان دیمەنەکانی ڕاوکردن و هێماکانی تریان لە دەشت و دۆڵ و شاخەکاندا لەسەر تاشەبەردەکان دەکێشا. کاتێک مرۆڤەکان لە الدێ بچووکە کشتوکاڵییەکاندا نیشتەجێبوون )بڕوانە سندوقی خواردن( و دواتر گڵێنەیان داهێنا )دەڕواندرێتە سندوقی گڵێنە( نزیکەی دە هەزار ١٠٠٠٠ساڵ لەمەوبەر گڵێنەیان داهێنا و وێنەی ئاژەڵەکان و مرۆڤەکان و دیمەنی ئەندازەیی و ڕووەکییان لەسەر گڵێنە و گۆزەکان دەکێشا. هەروەک کێشانی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و تاشەبەردەکان، وێنە کێشان و هەڵکەندنی وێنە لەسەر ڕووی گۆزەکان بریتیبوون لە دەربڕینی یادەوری و بیر و خەیاڵکردنەوەی مرۆڤەکان، ئەمانەش ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی ئێمە بیبینین کە چۆن مرۆڤی کۆن هێما واتادارەکان و گرنگەکانی ناو ژیانی خۆیان لەڕێگەی ئەم وێنانەوە بۆ ئێمە گواستووەتەوە و چۆن ویستوویانە پەیوەندی بە خەڵکانی ترەوە بکەن لەڕێگەی ئەو وێنانەوە. نەخش و زەخرەفەی سەر دەفرە گڵێنەکان وێنەی شێوە مرۆڤی لەسەر گڵێنەیەک کێشراون، لە شوێنەواری چۆخە مامی لە نزیک مەندەلی دۆزراونەتەوە، دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی هەشت هەزار ٨٠٠٠ساڵ لەمەوبەر. ٤

وەک هەر تەکنەلۆجیایەکی تر، یان وەک هەر داهێنانێکی تری نووسین، نووسینی مێخی لە میسۆپۆتامیادا لە شەو و رۆژێکدا دانەهێندراوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات داهێندراوە. بەاڵم بەتەواوی و ڕوونی دیارنییە کە چۆن داهێندراوە؟ چەند بیردۆزەیەکی جیاواز دەربارەی چۆنێتی داهێنانی نووسین خراونەتەڕوو. ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە هێما مێخییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ وێنەکاندا هەن، و کۆنترین نووسین

بریتیبوو لە نووسینی وێنەیی، لە نووسینی وێنەییەوە هێماکان گۆڕادران بۆ نووسینی مێخی. بەپێی نەریتەکانی نووسینی شێوە و هێماکان )ڕێگاکانی کێشانی وێنەی شتەکان، ئاژەڵەکان و مرۆڤەکان(. ٥ تۆپە قوڕێک و هێماقوڕینەکانی ناوی تۆپە قوڕێک و هێماقوڕینەکانی ناوی بەرەونووسین هەنگاوی پتەوی زیاتر بـەرەو داهێنانی نووسین و پێشکەوتنی نووسینی مێخی لە میسۆپۆتامیادا بەشێوەی تۆمارکردنی سیستەمێک هەنگاوی نا کە پشتی بەستبوو بە تۆپە قوڕینەکان، کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت بولال، هێمای کەلوپەل و ئاژەڵی لەقوڕدروستکراو بە شێوەی بچووک لە ناو ئەم تۆپە قوڕینانەدا وەک هێما بۆ مامەڵەی بازرگانی دادەنـدران. بیردۆزەی بنەچەی داهێنانی نووسین لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی درێژ و قۆناغ بە قۆناغی پێشکەوتنەوە بوو هەر لە هێما قوڕینەکانی ناو تۆپە قوڕینەکان بـوو، بۆچوونی جیاواز دەربـارەی ئەم گەشەسەندنەی هێماکانی نووسین هەیە، بەاڵم پێویست بوو لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێبدەین. سیستەمی هێمای قوڕینە بچووکە دروستکراوەکان کە بۆ تۆمارکردنی کەلوپەلەکان و جۆر و ژمارەیان بەکاردەهێندران هەر لە الدیَ کشتوکاڵییەکانی چاخی بەردینی نویَ وە بەرەوپێش چوو. کۆنترین هێما قوڕینەکان لە دەوروبەری یانزەهەزار ١١٠٠٠ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکانی ئێران داهێندران.تۆپەقوڕین و هێما بچووکە لە قوڕدروستکراوەکان بە کاردەهێندران بۆ ئاڵوگۆڕ و مامەڵە ئابورییەکان. کاتێک کە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی میسۆپۆتامیا مامەڵەی بازرگانییان بە کەلوپەکانەوە دەکـرد. هـەر کەسێک یـان دامـەزراوەیـەک کە مامەڵەیەکی ئابوری و بازرگانی بکردایە دەبوو تۆپە قوڕێکی

پڕکراو لەو هێما گڵێنەییە بچووکانەی لە شێوەی ئەو کەلوپەالنەی کە مامەڵەیان پێوەدەکات وەک شێوەی گۆزە یان شێوەی ئاژەڵەکان بکاتە ناو تۆپەقوڕەکەوە و تۆپەکە دابخات و هەڵیبگرێت. ژمارەی ئەو هێما بچوکانەی کە لەشێوەی کەلوپەلە بازرگانی پێوەکراوەکەدا دروستدەکران و دەخرانە ناو تۆپەقوڕەکەوە هێمابوون بۆ ژمارەی ئەو کەلوپەالنەی کە مامەڵەیان پێوەکراوە. بۆ نمونە پێنج ئاژەڵی فرۆشراو یان گۆڕدراوە بە شتی تر، بەشێوەی ئەو پێنج ئاژەڵە لە قوڕی بچووک هێمای ئاژەڵەکان دروستدەکران و دەخرانە ناو تۆپەقوڕەکەوە. هەندێک لە هێما قوڕینەکان لە شێوەیەکی ئەندازەیی یان دوور لە شێوەی ئاژەڵەکان دروستدەکران، تەنانەت بۆ هەندێک لە هێماکان بەوردی نازانین هێما بوون بۆ چ ئاژەڵێک یان چ شتێک. دوای ئەوەی هێما قوڕینەکان دەخرانە ناو تۆپە قوڕینەکەوە دەمی تۆپەکە دادەخرا و مۆردەکرا و مۆرەکە هەموو ڕووی دەرەوەی تۆپەقوڕەکەی دەگرتەوە، بۆ ئەوەی کەس نەیکاتەوە و دەستکاری ژمارەی هێما قوڕینەکان نەکرێت. شوێنەوارناسان ژمارەیەکی زۆر لە تۆپە قوڕینەکانیان لە نشینگە کۆنەکانی میسۆپۆتامیادا دۆزییەوە. هەندێکیان بە شکاوی دۆزرانەوە، چونکە لەسەردەمە کۆنەکاندا هەردوو الیەنی مامەڵەکە دوای تەواوبوونی مامەڵەکەیان و کاتی وەرگرتنی کەلوپەلەکان لەبیریان نەمابوو ژمارەی هێما گڵێنەییەکان چەندە، لەبەر ئەوە دەبوو تۆپەقوڕەکە بشکێنن و هێماکان بژمێرن، تا بە پێی ئەو ژمارەیە کەلوپەل و ئاژەڵەکان بگۆڕنەوە و بیفرۆشن بەیەکتر، تا هەردوو الیەنی بازرگانییەکە )کڕیار و فرۆشیار( بە تەواوەتی متمانەو دڵنیایی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی نیشان بدات.


شێوە گڵێنەییەکان قەبارە و شێوەیان جیاوازبوو، بۆ ئەوەی هێما بۆ کاڵ و کەلوپەلی بازرگانی جۆراوجۆر بکەن. بەپێی یەکێک لە بیردۆزەکان کە دەربارەی سەرەتای داهێنانی نووسینە، لە دوای بە کارنەهێنانی شێوە گڵێنەییەکان و نەشاردنەوەیەیان لە ناو تۆپە قوڕینەکاندا، ئیتر شێوە گڵێنەییەکان لەبری ئەوەی بخرێنە ناو تۆپە گڵێنەییەکانەوە لەسەر ڕووی تابلێتێکی قوڕینی تەخت دانە پاڵیان پێودەندرا تا شێوەکەیان لەسەر ڕووی تابلێتە قوڕینەکە دەربچێت و چاپ ببێت، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی یەکەم تابلێتە قوڕینەکان کە نووسرابوون بە هێمای وێنەیی. جیاوازی شێوە و قەبارەی شێوە قوڕینەکان بوونە هۆی دروستبوونی چاپبوونی هێمای جۆراوجۆر لەسەر تابلێتە قوڕینەکە، بەم شێوەیە ڕووی تابلێتەکە بووە یەکەم ڕووی تۆمارکراو و تۆماری هەڵگرتن و ژمێریاری. ٥ ٦ سەرەتای نووسین نزیکەی شەش بۆ پێنج هەزار ٥٠٠٠-٦٠٠٠ساڵ لەمەوبەر، ژیانی بەشێک لە خەڵکی میسۆپۆتامیا گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک لە الدێ بچووکەکاندا لە ژیانی سادەی خۆیاندا بە شێوەی کۆمەڵگەی بچووک بچووک بەردەوام بوون، لەگەڵ کەمێک داهات و دەوڵەمەندی و جیاوازی باری کۆمەاڵیەتی لە نێوان دانیشتواندا، ژمارەیەکی کەم لە نشینگەکان، بە تایبەت لە باشوری میسۆپۆتامیادا وەک نشینگەی ئوروک )وەرکا( بوون بە شاری گەورە کە چەندین باڵەخانەی گەورە)پەرستگەکان(یان تێدا دروستکرا، و دەوڵەمەندییەکی زۆر و جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگە لە نێوان خەڵکی ئاسایی و چینە تازە پێگەیشتووە خانەدانەکەیدا. ئەندامانی ئەم چینە تازە پێگەیشتووە لە خانەدانەکان دواتر

توانییان هەموو پێگە گرنگەکانی شارەکان بەدەستەوەبگرن، وەک پلە باڵاکانی پیاوانی ئاینی و ژنانی ئاینی، ئەمانە سەرپەرشتی بنیاتنان و برەوپێدانی شێوازی نوێی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیان بەڕێوەبرد و سەرپەرشتی بنیاتنانی پەرستگە و کۆشکەکانیان کرد. لە یەکەم شارە کۆنەکانی میسۆپۆتامیادا، پەرستگەکان بەتەنها شوێنی پەرستن نەبوون، بەڵکو بنکەیەکی ژیانی ئابوری و سیاسی خەڵکیش بوون. پەرستگەکان ژمارەیەکی زۆر مەڕ و ماڵت و مانگا و سنورێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگەیان هەبوو. خەڵکێکی زۆر لە زەوی و زارەکانی پەرستگە کاری کشتوکاڵییان دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و مناڵن لە شوێنکاری کارەدەستییەکانی ناو پەرستگە کاریان دەکرد. جگە لەوەش پیشەوەرەکان کە لە کانزاکاریدا کاریاندەکرد و کەلوپەلی کانزایی و زێڕ و زیوو و جلوبەرگی جوان و کەلوپەلی ناوماڵ و تەالرەکان و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گۆزە و گڵێنەیان دروست دەکرد. )بڕوانە سندوقی گڵێنە(. نووسین لە میسۆپۆتامیادا بۆ ئەوە داهێندرا هەتا ئەم چاالکییە ئابورییانەی پەرستگە ڕێکبخرێن بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دام و دەزگاکان، تا دڵنیابن ئەوانەی کەبۆ پەرستگە کاریان دەکرد و پیشەوەرەکانی پەرستگە بڕی تەواوی خواردنیان وەرگرتووە و تا بڕی دیاریکراوی کەلوپەلی پێویست بۆ ئەوانەی کاری دەستییان دەکرد تۆماربکرێت . )بڕوانە سندوقی گڵێنە(. لەدەوروبەری ٥٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کارگێڕەکان لە پەرستگەی سەرەکی شاری ئوروک ) وەرکا( لە باشوری میسۆپۆتامیا، و دامەزراوەکانی پەرستگەکانی شارەکۆنەکانی تر شێوەیەک لە نووسینی وێنەیی سادەیان

بەرهەمهێنا، ئەم جۆرە نووسینە کە بریتیبوو لە کێشانی وێنەی شتەکان و ئاژەڵ و مرۆڤ پێی دەوترێت نووسین بەر لە نووسینی مێخی یان نووسینی هاوشێوەی نووسینی مێخی. ئەم جۆرە سادەیە لە نووسین شتەکان و کردارەکانی لەڕێگەی وێنەوە دەردەبڕی. بۆ نمونە فرمانی "دەخوات" بە دوو وێنەی لێکدراو نووسراوە: ئەوانیش هێمای سەری مرۆڤێکبوو کە دەمی کردووەتەوە لەگەڵ هێمای قاپێک. هەردووە هێما وێنەکە پێکەوە ئاماژەبوون بۆ خواردن یان پێدانی ژەمە خواردن بە کرێکارەکان. جیهانی ئەمڕۆمان هەتا ئێستا پڕە لە هێمای وێنەیی و زانیارییە سادەکان و ئاڕاستەکانی پێ دیاریکراوە. بیر لە هێماکانی هاتووچۆ بکەرەوە یان هێمای سەردەرگەی ئاودەستەکان کە بە پێی وێنەکانی دەزانین ئاودەستی ژنان یان پیاوانە.

https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fculturalheritageprotection.org%2Fwp-content%2Fuploads%2F20192%F082%FWriting-booklet-English.pdf%3Ffbclid%3DIwAR3b_mLhAW7uBk9OOVtjmozOBdr7EBZVsA9RqgykBN8Wp1wd7RBszyJUYTg&h=AT3B_kzuDeByfcZbnj-KtGFqwQNJtvCw7XV-qscKCp9hv650k8YRIYmCtae5f-CqRFdNtx7e3fxuiGfxdY-l8IdExCJtt8LIkP4sMVP4z0O3J8HaAJIMFuvVWgV7NCgjB1nocA

## داهێنانی مۆر لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا
## بەرنامەی دۆکۆمێنەری ئارکۆلۆجی لە یوتوب
## دکتۆر زامووا ٢٠٢٢




https://www.youtube.com/watch?v=Teeh3k52MFI




ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی


Assist. Prof. Dr. Dlshad A. Marf Zamua

2021, Status and Perplexion of Kurdish Translation in World Translation, Fourth Annual International Conference of Hendren Center for Language and Cultural study/ Soran University

Obstacles in translating the cuneiform texts into Kurdish Language Assist. Prof. Dr.DLshad A. Marf Zamua Archaeology Department, University of Sulaimani

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

پێگەو تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا

جوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران

٢٨- ٢٩ی ئاداری ٢٠٢١

پرۆسیدینگی کۆنفرانس

[پێگەو تێدامانی وەرگێڕانی کوردی لە وەرگێڕانی جیهانیدا]

# ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی

پ.ی.د. دڵشاد عەزیز مارف زاموا

بەشی شوێنەوارناسی-زانکۆی سلێمانی

dlshadazamua@gmail.com/dlshad.marf@univsul.edu.iq

**پوختە:**

وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کارێکی ئاسان نییە، بەهەمان شێوە ئەگەر وەرگێڕان لە زمانێکی مردووەوە بۆ زمانێکی زیندوو بێت ئەوە کارێکی سەختترە. ئەگەر لە ئێستا و داهاتوودا وەرگێڕان لە زمانێکی زیندوو بۆ زمانێکی زیندووی تر لە ڕێگەی ئامراز و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە بکرێت و پێویستیمان بە وەرگێڕ وەک پسپۆڕی و پیشە نەمێنێت، ئەوا هەر پێویستمان بە وەرگێڕ و پسپۆڕی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان و ئەو زمانە مردووە جیاوازانەی کە ئەم دەقانەی پێ تۆمارکراون دەبێت، ئەمە جگە لەوەی میراتێکی تۆمارکراوی هەزاران ساڵەی باپیرانی خەڵکی ئەم ناوچەیەن و زیاتر لە سێ هەزار ساڵ نووسینی سەرەکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە، بێگومان وەرگێڕی ئەم دەقە کۆنانە ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدایە، نەک تەنها بۆ زمانی کوردی بەڵکو بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان، چونکە

# ئاستەنگەکانی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان بۆ سەر زمانی کوردی

پ.ی.د. دلشاد عەزیز مارف زاموا

بەشی شوێنەوارناسی-زانکۆی سلێمانی

dlshadazamua@gmail.com/dlshad.marf@univsul.edu.iq /009647501111340

**پوخته:**


وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کارێکی ئاسان نییە، بەهەمان شێوە ئەگەر وەرگێران لە زمانێکی مردووەوە بۆ زمانێکی زیندوو بێت ئەوە کارێکی سەختترە. ئەگەر لە ئێستا و داهاتوودا وەرگێران لە زمانێکی زیندوو بۆ زمانێکی زیندووی تر لە ڕێگەی ئامراز و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە بکرێت و پێویستیمان بە وەرگێڕ وەک پسپۆڕی و پیشە نەمێنێت، ئەوا هەر پێویستمان بە وەرگێڕ و پسپۆڕی وەرگێڕانی دەقە مێخییەکان و ئەو زمانە مردووە جیاوازانەی کە ئەم دەقانەی پێ تۆمارکراون دەبێت، ئەمە جگە لەوەی میراتێکی تۆمارکراوی هەزاران ساڵەی باپیرانی خەڵکی ئەم ناوچەیەن و زیاتر لە سێ هەزار ساڵ نووسینی سەرەکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە، بێگومان وەرگێڕی ئەم دەقە کۆنانە ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدایە، نەک تەنها بۆ زمانی کوردی بەڵکو بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان، چونکە ئەو زمانانەی کە ئەو دەقە مێخییانەیان پێ تۆمارکراون ئێستا زمانی مردوون و هیچ کەسێک لە جیهاندا پێیان نادوێت.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە خستنەڕووی کورتە باسێکی چیرۆکی وەرگێران و خوێندنەوەی خەتی مێخی و ئەو زمانە کۆنانە، هەروەها باس لەو ئاستەنگانە دەکەین کە لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی ئەو دەقە کۆنانەدا دێنەڕێی توێژەران، دەکرێت دەربڕینەکان ڕێکبخرێنەوە؟ ناوی شوێن و کەسەکان و پاشگر و پێشگر لە زمانە کۆنەکاندا چۆن بۆ توێژینەوەی ناوە نوێیەکان سوودیان دەبێت؟ چۆن کار لەسەر وەرگێران و زاراوەسازیی ئەو زمانە مردووانە بکەین، چۆن ئەدەبیاتی کۆن وەربگێڕین و لە زمانی کوردیدا دایانبڕێژینەوە؟

**وشە کلیلەکان:** وەرگێڕان، نووسینە مێخییەکان، زمانی کوردی، زمانە مردووەکان.

## پێشەکی


نووسینی مێخی لە نووسینی وێنەییەوە گەشەی کردووە، شوێنەوارناسان ئەم نووسینەیان ناوناوە مێخی، چونکە گۆشەی هێماکانی وەک مێخ و بزمار دەردەکەون. ئەم نووسینە کۆنترین جۆری نووسینە




نەخشەی ژمارە 1: سنووری بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی دەقە مێخییەکان و ئەو زمانە جیاوازانەی پێیان نووسراوە. (ئامادەکردنی توێژەر).



وێنەی ژمارە 1: لەبەرگرتنەوەیەکی نوێی سەرەتای نامەیەکی کوواریێ فەرمانڕەوای شاری شوشەڕرا(گردی شمشارە لە دەشتی بتوێن)، کە لەلایەن ئەم فەرمانڕەوا خورریییەوە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە. لەم نموونەی نووسینەدا دەبینین چۆن هێماکان گۆشە تیژەکانی دەستپێکی نووسینیان مێخی دەرچووە. (لەبەرگرتنەوە و وێنەگرتنی ئەم دەقە مێخییە لەلایەن شوێنەوارناس زۆزک نوری ئەنجامدراوە).




**دەربارەی کتێبی:**

**<u>کارلێکی کلتوری نێوان ئاشور و زاگرۆس</u>**

**پ.ی.د. دڵشاد عزیز مارف زاموا / ٢٠٢١**

**دکتۆر زاموا:**

کتێبی (Cultural Interaction between Assyria and the Zagros) لە وڵاتی ئەڵمانیا بە زمانی ئینگلیزی، لە دەزگای (Ugarit-Verlag) کە یەکێکە لە باشترین دەزگای چاپ و پەخشی ئەکادیمییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و زمانە

دێرینەکانی خۆرهەڵاتی دێرین، لە دوو توێی ٦٠٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

جێی ئاماژەیە، ئەم کتێبە دەبێتە یەکەم بەرهەمی تایبەت بە کارلێکی کەلتوری و شارستانی دوو شارستانی هاوسنور و پڕکێشمەکێشمی هەزاران ساڵە، ئاشورییەکان لە دەشتەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسییە چیانشینەکان لە ناوچە سەختەکانی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتیانەوە، ئەگەر لەوەو پێش توێژەران تەنها باسی شەڕ و لەشکرکێشی نێوان ئەم دوو ناوچەیەیان کردبێت، ئەوا جیاواز لەوە، لەم بەرهەمەدا بۆ یەکەمجارە، قوڵایی ئەو کارلێکە شارستانییە دەخرێتەڕوو کە لەنێوان ئەم دوو ناوچە هاوسنور و دژبەیەکەدا هەبوون.

کتێبەکە دابەشکراوە بەسەر چواربەشی سەرەکیدا، لەبەشی یەکەمدا لە خوێندنەوەیەکی نوێ و مەیدانیدا باس لە خاک و بەرزی و نزمی و بەرهەمی کشتوکاڵی و ئابوری هەردوو ناوچەکە و کاریگەری لەسەر کارلێکی شارستانی ئەم دوو ناوچەیەکراوە، و پاشان باسی گەل و هۆز و تیرە جیاوازەکان و سنوری دابەشبوونیان کراوە، و بۆ ئەم مەبەستەش خوێندنەوەی نوێ و ڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکی دەقە مێخییەکانەوە ئەنجامدراون، هەروەها باس لە کۆچ بۆکردن و کۆچ لێکردن، ڕاگواستنی زۆرە ملێ و هەڵاتووان و کاریگەری ئەم جموجوڵە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییانە لەسەر هەردوو ناوچەکە کراوە، بۆیەکەمجارە لیستی تەواوی کۆچپێکردنی زۆرە ملێی زاگرۆسنیشینان بۆ ناوچە جیاوازەکانی خۆرهەڵاتی دێرین، و ڕاگواستنی خەڵکی ئەوناوچانەش بۆ زاگرۆس خراوەتەڕوو و

کاریگەری ئەم ڕاگواستنانە لە کارلێکی کەلتوری و شارەستانی و فرە کەلتوری ناوچەکەدا خراوەتەڕوو.

لە بەشی دووەمدا باس لە کەلتوری نامادی کراوە، باس لە ڕێنووس و زمانە جیاوازەکانی زاگرۆس و ئاشور، و تەنانەت ئەو زمانە دێرینانەی زاگرۆس کە تا ئێستا کەمترین زانیاری لەسەریانە، ئێمە توانیومانە ئەوە بخەینەڕوو کە شێوەزاری تایبەتیشیان هەبووە، نووسەرەکان، ڕۆڵی کەلتوری و سیاسییان، ناوە کەسییەکان، پاشگر و پێشگری ناوەکان، ناوی شار و شاخ و ڕووبارەکان و کاریگەری زمانەوانی میراتی زمانە دێرینەکان، داستان و ئەفسانەکانی هەردوو ناوچەکە و کاریگەری و مێتافۆڕ لای هەردووکیان، بۆ یەکەمجارە خوێندنەوەی جیاواز و نویێ بۆ پێکهاتە و مێتافۆڕی پاڵەوانەکان و ڕووداوەکانی داستان و ئەفسانەکان کراون. خواوەندەکان، کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی لەسەر یەکتر، جەنگی پیرۆز، فاڵگرتنەوە، ڕاگواستنی خواوەندەکانی یەکتر، ئەژدیها و خێوەکان، جەژن و فێستیڤاڵەکان، کاریگەری پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان، پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان لەسەر کارلێکی کەلتوری ئەم دوو ناوچەیە.

بەشی سێیەم و چوارەم بۆ کەلتور و ڕەگەزە شارستانییە مادییەکان تەرخانکراون. لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا تیشکدەخراوەتە سەر کارلێکی هونەری، هونەری نەحت و هەڵکۆڵین و پەیکەرسازی، نەخشی چیاکان، مۆرەکان، نیگاری سەر دیوار و خشتەڕووپۆش شوشەکان، هونەری کانزاکاری، هونەری هەڵکۆڵین لەسەر عاج، و جلوبەرگ و ڕستن و چنین و

بەڕە و مافور، و هونەری گڵێنەسازی، خوێندنەوەیەکی ورد بۆ مێژووی هونەر و کاریگەری و کارلێکی ڕەگەزە هونەرییەکان لەیەکتر کراون. لەم بەشەدا بەدواداچوونی ورد بۆ بنەچەی ڕەگـەزە هونەرییەکان کـراون، و کارلێک و کـاریگـەری و کاریگەربوون بەوردی خراوەتەڕوو.

بەشی چـوارەم: ئەم بەشە گەورەترین بەشی کتێبەکەیە، و تێیدا کار لەسەر خستنەڕووی کاریگەری تەلارسازی و کاریگەربوون لە کـردەی کارلێکی کەلتوری و شـارستانیدا دەکـات، بـاس لـە پلانسـازی شـار، شـورە و دەروازەکـان، پێکهاتەی شارەکان، و بەش و گەڕەکەکان، تەلارە فەرمی و نافەرمییەکان، و قەڵا و شورە و قایمکارییەکان، سەربازگە کاتی و بەردەوامەکان، لادێ و خانووەکان، ڕەگەزە تەلارسازییەکان، گۆڕە گومەزییەکان، ئەشکەوتە داتاشراوەکان، جۆگە و کارێز و ئاودێرییەکان، و کاریگەری و کاریگەربوونیان بەیەکتر بەوردی گفتوگۆکراون.

بۆ هەر بەشێک چەندین خشتە و هێڵکاری خراونەتەڕوو.


لە کۆتاییدا بـەوردی هۆکارەکانی کارلێکی کەلتوری و پەیوەندی شارستانی چیانشیان و دەشتنیشنان خراوەتەڕوو، هۆکارەکانی جەنگ و پێکدادانی سەربازی و کێشمکێشمی سیاسی ئەم دوو ناوچەیە و کاریگەرییەکانیان لەسەر کارلێکی کەلتوری و شارستانی خراونەتەڕوو.

کتێبەکە چەندین پاشکۆی جیاوازی هەیە، و لیستی گشت ناوی شوێن، شار و شاخ و ڕووبار و پاشا و کەسایەتی، و خواوەند و پاڵەوان و لادێ و ئاوەدانییەکان ڕیزبەندکراون و

بەئاسانی دەتواندرێت لەناو کتێبەکەدا بدۆزرێنەوە.

ڕێبازی توێژینەوە و کارکردن لەم بەرهەمەدا پێکهاتووە لە ڕێبازێکی تێکهەڵکێش لە پشت بەستن بە بەڵگە شوێنەوارییەکان، دەقە مێخییەکان و دەقە دێرینەکانی تر، دیمەنە هونەرییەکان، تۆمارە مێژووییەکان و مێژووی زارەکی و کاری مەیدانی و گەڕان بۆ بەراوردکاری و تێڕامان، خوێندنەوە بۆ سروشت و کاریگەرییەکانی، کردە سیاسی و سەربازییەکان، کۆمەڵگە و کۆمەڵناسی ئەو کۆمەڵگە دێرینانە، بەراوردیان بە ژیانی لادێ و شارەکانی چەند دەیە و سەدەیەک لەمەوبەر. ئەم ڕێبازە تێکهەڵکێشە، یەکەمجارە بەو وردییە کاری لەسەر دەکرێت و تێکهەڵکێشی چەند ڕێبازێکی نوێی توێژینەوەی شوێنەوارناسییە.

-کتێبەکە نرخی ١٣٢ یۆرۆیە، بەبەراورد بە قەبارە ٦٠٠ لاپەڕەییەکەی بۆ بازاڕی جیهانی کتێب، نرخێکی گونجاوە، بۆ من وەک توێژەر سوودێکی مادی نییە، جگە لە چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی کتێبەکە. بەڵام لەڕووی مەعنەوییەوە، بە دەستکەوتێکی گرنگی دەزانم، چونکە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب لەم دەزگا ئەکادیمیە بەناوبانگەدا، کە خاوەنی سەدانی کتێبی ئەکادیمی بواری شوێنەوار، و کتێبەکانی وەک بەشێک لە پڕۆگرامی خوێندن یان یاریدەدەری کۆرسە ئەکادیمییەکانی شوێنەوار و زمانە دێرینەکان لە زانکۆکاندا دەخوێندرێن، واتە کتێبەکە دەگاتە گشت بەشەکانی شوێنەوارناسی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان.





ووێنەی بەرگی کتێبەکە: کارلێکی کلتوری نێوان ئاشور و زاگرۆس

Cultural Interaction between Assyria and the Zagros)

**تووێژینەوەیەکی تری دکتۆر زامووا:**
**(ئابوری وڵاتی زاموا لەبەر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا)**

توێژینەوەیەکی تایبەت دەربارەی (ئابوری وڵاتی زاموا لەبەر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا) کە لە کۆنفرانسێکی تایبەتی زانکۆی سلێمانی پێشکەش کراوە و چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵە بۆ نووسینەوەی مێژووی دێرینی ئابوری ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری لەسەردەمی لوللوبییەکاندا سێ هەزارساڵێک لەمەوبەر، زۆر وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی ئەوکاتەی ناوچەکەی خستووەتەڕوو


گۆڤاری زانکۆی سلێمانی - (بەشی B - زانستە مرۆڤایەتییەکان)

109 |

ئابووری وڵاتی زاموا لە ژێر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا


د.دڵشاد عەزیز مارف (دڵشاد زاموا)



Journal of
Zankoy Sulaimani
Part (B - for Humanities)
An academic peer-reviewed periodic journal Issued by University of Sulaimani
21st Year
4th Scientific conference of the school of humanities at University of Suaimani,
Sulaimani An Authentic History and A bright Future.
At (12-13/11/2018)

مجلة
زانكۆی سلێمانی
القسم(B) للعلوم الانسانية
مجلة علمية فصلية محكمة
تصدرها جامعة السليمانية
السنة الحادية و العشرون
عدد خاص بوقائع المؤتمر العلمي الدولى الرابع
لكلية العلوم الانسانية ،
السليمانية تاريخ أصيل ومستقبل مشرق
المنعقد في (١٢-١٣/١١/٢٠١٨)

UNIVERSITY OF SULAIMANI
1968
زانكۆی سلێمانی



گۆڤاری

# زانکۆی سلێمانی

**بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتییەکان**

گۆڤارێکی زانستیی هەڵسەنگێندراوی وەرزییە

زانکۆی سلێمانی دەریدەکات

ساڵی بیستویەکەم

ژمارەیەکی تایبەتە بە چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،

لە ١٢-١٣/١١/٢٠١٨

سلێمانی

مێژوویەکی دێرین...

ئەمڕۆ و سبەی پرشنگدار

DOI: https://doi.org/10.17656/26173034
URL: https://jzsb.univsul.edu.iq/
ISSN: 2617-3034 (Online)
ISSN: 1813-0852 (Print)

# ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەوروبەری لە نووسینە مێخییەکاندا

## (٢٤٠٠-٥٤٨پ.ز.)

پ.ی.د.دڵشاد عەزیز مارف (dlshad.marf@univsul.edu.iq)

بەشی شوێنەوار-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەوروبەری لە سەردەمە دێرینەکاندا هەڵکەوتەیەکی زۆر گرنگی جوگرافییان هەبووە و، لە رووی شارستانیی و مێژووییەوە ئەم ناوچەیە خاڵی بەیەکگەیشتنی شارستانیی زاگرۆس و شارستانییەتی مێسۆپۆتامیا بووە. هەرچەندە خۆشناوەتی بە چەند زنجیرە چیایەک دەورەدراوە و لەناوەوەش دۆڵ و دەشتە تەسکەکانی بە زنجیرە چیای سەخت دەورەدراون، بەڵام بوونی دەربەندەکان رێخۆشکەربوون بۆ بەیەکگەیاندنی خۆشناوەتی بە دەشتی هەولێر و بتوێن و ڕواندز و دۆڵ و دەشتەکانی دەوروبەری تا دەشتەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ.

ئەم توێژنەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک خراوەتەسەر تۆماری نووسینە مێخییەکان لە هەزارەی سێیەم و دووەم و یەکەمی پ.ز.دا، و زیاتر باسی رووداوە مێژووییەکان کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە گەل و زمانە دێرینەکانی ناوچەی خۆشناوەتی و دەوروبەری کراوە، پاشان لەتەوەرەی سێیەمدا باس لە هەندێک لایەنی شارستانی تایبەت بە ئاین و خواوەند و کاهین و پەرستگە و ئابوری و کارگێڕی و رێگەوبانەکانی ناوچەکە کراوە. ئەم توێژینەوە بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە زانیاری ناو تۆمارە مێخییەکان بە زمانە دێرینەکانی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس. ئەو تۆمارە مێخێیانە ژمارەیەکیان هەر لە ناوچەکانی خۆشناوەتی، لە ناوچەی بێتواتە و دەوروبەریدا دۆزراونەتەوە، و تەمەنیان نزیکەی چوار هەزارساڵ لەمەوبەرە. ئەوانی تریش لە ناوچە تری زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە. ئەم تۆمارانە باس لە شانشین و شار و گەلانی ئەم ناوچەیە دەکەن، و تیشک دەخەنە سەر هەندێک لایەنی شارستانی ناوچەکەش. جگە لەوەی لە کاتی پێویستدا بەڵگە شوێنەوارییە بەرجەستەکانیش بۆ نووسینەوەی مێژوو و شارستانییەتی ناوچەکە پشتی پێ بەستراوە. لە رێگەی ئەم توێژینەوەیەوە توێژەر هەوڵدەدات مێژووی و

**بابەتی نووسینی لێکۆڵینەوەکە درێژە ئەکێشێ .........**

کۆنفرانسی سەنتەری هەندرێن-زانکۆی سۆران....رەسەنایەتیمان رەگی ناسنامەبوومانە |




# مێژووی بزری کورد
# یاخود بزرکردنی مێژووی کورد

**نووسینی دەشتی مەحمود ٢٠٢٣ / ٤**
**لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ژمارە: ٢٠١٥**

هاوڵاتی

# مێژووی بزری کورد یاخود بزرکردنی مێژووی کورد



## دەشتی مەحمود

بەدڵنیاییەوە، وەک هەر خوێنەرێکی مێژووی کورد و کەسێ کە ئارەزووی زانینی مێژووی گەلەکەیان دەکەن، هەرکاتێ کتێبێک دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان بڵاو دەبێتەوە، شادومان دەبم و بەدەر لە خوێندنەوە و سەرنجەکانمان لەسەر کتێبەکەی کاک سۆران، پێزانینی زۆرمان بۆ ئەو کات و هەوڵەی نووسەر پشان دەدەین کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە تەرخانی کردووە. ئومێدەوارم نموونەی کەسانی وەک کاک سۆران هەمیشە زۆر بێت.

بەرلەوەی بچمە سەر باسی کتێبەکە دەمەوێت تێگەیشتنێکی گشتی لەسەر مێژوو و چۆنییەتی مێژوونووسینەوە بخەمەڕوو. مێژوو بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییەکان بە تێپەڕبوونی کات، ئەمەیش هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەگرێتەوە، واتە، هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا وەکوو سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی، تەکنەلۆژی، پزیشکی، کەلتووری، هزری، ئایینی و سەربازی، بەشێکن لە مێژوو، بەمشێوەیە ئەگەر بێت و زۆرێک لەم لایەنانە ڕەچاو نەکرێت لە کاتی مێژوونووسیندا، ئەوا هەوڵەکە نەزۆک دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی مێژوونووسانی پیشەیی پسپۆڕن لە لایەنێکی دیاریکراوی مێژوو، واتە مێژوونووسێک پسپۆڕی قۆناغێکی کاتی دیاریکراو، سەردەمی فەرمانڕەواییەک یان ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراون، هتد. هەرشتێک پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە بە کاتێکی دیاریکراوی ڕابردووەوە هەبێت دەکرێت بە مێژوو ناو بنرێت، مێژوونووسان لەڕێگەی ڕیزکردن و

ڕاڤەکردنی ڕاستی و بەڵگە مێژووییەکان، دەخوازن لە ڕابردوو تێبگەن، واتە دەیانەوێت تێبگەن نەوەکانی پێش خۆیان پەیڕەوییان لە چی کردووە، جیهانبینییان چۆن بووە، بیروباوەڕیان چی بووە، بەهاکانیان چی بوون. بەمێشوەیە، دەکرێت مێژوو وەک یادەوەریی مرۆڤایەتی سەیر بکرێت. بەم پێیەش، مێژوو گەنجینەی ڕووداو و ئەزموونەکانی ڕابردووە. لەبەر ئەوە، بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و ڕووداوەکانی هەنووکە کە هەر کۆمەڵگایەک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، تێگەیشتن لە مێژوو شتێکی بنچینەییە. بەم شێوەیە، خوێندنەوەی مێژوو واتە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ڕابردوو بۆ هەڵسەنگاندنی پرسە گرنگەکانیی ئێستا و لە ڕێگەیەوە وەرگرتنی ئەزموون و بەرچاوڕوونی بۆ نەخشەڕێژی ئاڕاستە و ڕێڕەو بۆ داهاتوو.

لە نووسینەوەی مێژوودا، پێویستە مێژوونووس ڕەچاوی چەندین خاڵی گرنگ بکات، لەوانە: کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ بەڵگەنامەکان، ئەمانەش دەکرێت لە چەند شێوەیەکدا بن: پەیکەر، کاری گڵکاری، نووسین و هتد...، لە هەموویشی گرنگتر درک بە ئاگایی مێژووی ئەو سەردەمە بکات کە دەربارەی دەنووسێت، واتە دەبێت هەوڵی چوونە ناو ئاگایی ئەو مرۆڤانە بدات کە دەربارەیان دەنووسێت، ئەمەیش بەرلەوەی پرسێکی مێژوویی بێت، بابەتێکی مرۆڤناسییە، بۆ ئەوەی بە نزیک دروستی ئەو پارچە بەڵگانە ڕاڤە بکات کە لە ڕابردوودا ماونەتەوە. دواجار، پێویستە ئەو زانیاری و بەڵگەنامەی کۆکراونەتەوە، پوخت بکاتەوە و تێبینییەکانی بە زمانێکی ڕێک و لە تێگەیشتنهاتوو دابڕێژێتەوە و پێشکەشی

خوێنەری بکات، هەروەها بە ڕوونی باسی هۆکارەکانی پشت گۆڕانکارییەکان بکات. واتە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووەوە، پێویستە باسی چۆنیەتی گەشە و گۆڕانکارییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای بەرباس بکرێت.

مێژوونووسان بۆ نووسینەوەی ڕابردوو پشت بە دوو جۆر سەرچاوە (سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکی) و هەندێجاریش گێڕانەوەی زارەکی مێژوو دەبەستن، ئەمەش زیاتر دەچێتە ناو سەرچاوەی لاوەکییەوە نەک وەک سەرچاوەیەکی تری سەربەخۆی مێژوویی. سەرچاوەی سەرەکی، ئەم شتەیە کە کەسێک لە شێوەی نووسین تۆماری کردووە یاخود لە شێوەی وێنە یان نەخشێنراوی خودی ڕووداوە مێژووییەکە ماوەتەوە، نامە و ڕۆژنامە و وتار و وێنە نموونەی سەرچاوە سەرەکییەکانن. هەروەها دۆزراوە شوێنەوارناسییەکانیش، بۆ نموونە ئامرازە گڵکارییەکان وەک سەرچاوەی سەرەکی لەلایەن مێژوونووسانەوە تەماشا دەکرێن. ئامرازەکانی تر کە مێژوونووسان بەکاری دەهێنن، سەرچاوەی لاوەکین. سەرچاوە لاوەکییەکان ئەم بەڵگانەن دوای ڕووداوێکی مێژوویی لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە ڕووداوەکەیان نەبینیوە. کتێب و تابلۆکان کە لەسەر بنەمای سەرچاوەی سەرەکی نووسراون یان کێشراون لە دوای ڕووداوەکەوە، نموونەی سەرچاوەی لاوەکین. لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتا ئامرازێکی دیکە کە مێژوونووسان بەکاری دەهێنن، گێڕانەوەی زارەکیی مێژووییە. ئەمەش لە هەموو گێڕانەوەی زارەکیی نەنووسراوی ڕووداوەکان پێکهاتووە.

مێژوونووسان تەنها لە کاتی لێکۆڵینەوە لەو کەلتوورانەی کە هیچ تۆمارێکی نووسراوێکیان نییە، پشت بە مێژووی گێڕانەوەی زارەکی دەبەستن. ئەمەش خۆی لە گێڕانەوەی زارەکی ئەو چیرۆک و دابونەریت و گۆرانییانە دەگرێتەوە کە مرۆڤەکان لە کەلتوورێکدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر (سینگاوسینگ) دەیانگوازنەوە.

هەروەتر، مێژوونووسان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان و سەلماندنی تێز و تیۆرەکانیان، بەڵگەی سەرچاوە سەرەکی و لاوەکییەکان و مێژووی گێڕانەوەی زارەکی بەکاردەهێنن. دەبێت لە نێوان چەندین بەڵگەنامە و بەڵگەدا کامیان گرنگترین و متمانەپێکراوترینە وەک بەڵگە هەڵیبژێرن. هەمیشە هەڵبژاردنی بەڵگەی مێژوویی ئاسان و سادە نییە. هەندێک جار ئەوەی مێژوونووسان بە ڕاستییان دەزانی، دوای دۆزینەوەی هەندێ بەڵگە و شوێنەواری مێژوویی تازە نادروست دەردەچێت. بێگومان، نابێت ئەمەیش لەبیر بکەین کە هەندێکجار مێژوونووسان بە بەکارهێنانی هەمان بەڵگە بە دەرئەنجامی جیاواز دەگەن.

کەواتە، مێژوونووسان تەنها بەڵگەنامەی نووسراو بەکارناهێنن، بەڵکوو سەرچاوەی زارەکی و شتگەلێکی وەک باڵاخانە و شوێنەوار و وێنە و تابلۆکان بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. واتە، بەشێکی زۆری تێگەیشتن و تیۆرە مێژووییەکان پشتبەستوون بە دۆزراوە شوێنەوارناسییەکان، بەشێوەیەک زێدەڕەوی نابێت ئەگەر بگوترێت بەبێ شوێنەوارناسی نووسینەوەی مێژووی دێرین جگە لە کۆمەڵێک بانگەشەی بێبەڵگەی

داستانئامێز نەبێت، هیچی تر نییە. هەروەتر، ناتوانرێت مێژوو بەبێ تێگەیشتن لە بوارە مەعریفییەکانی دیکەی وەک ئابووری، کۆمەڵناسی، یەزدانناسی، مرۆڤناسی، جوگرافیا، شوێنەوارناسی و زمانەوانی بیری لێ بکرێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانرێت مێژوو بۆ تێگەیشتن لە بوارە مەعریفییەکانی تر بەکاربهێنرێت و بوارەکانی تریش یارمەتی مێژوو دەدەن بۆ تێگەیشتن لە ڕابــردوو و گۆڕانکارییەکان بە تێپەڕبوونی کات.

### مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد

کتێبی «مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد: سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانییەتی ڕۆژئاوا و بنەچەی زمانە هیندۆئەورووپییەکان (لە ١٠٠٠٠ پ.ز وە بۆ ١٣٠٠ ز)»، نووسەری کورد بەڕێز سۆران حەمەڕەشە و لە ساڵی ٢٠٢٢، چەند مانگێک لەمەوبەر بڵاو کرایەوە. بە گوتەی نووسەر خۆی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و لەلایەن برا گەورەی نووسەرەوە کاک کەمال حەمەڕەشەوە بە چاودێری نووسەر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

نووسەر لەم کتێبەدا ڕوونی دەکاتەوە کە بنچینە و ئامانجی مێژوونووسیی مۆدێرن بۆ تێگەیشتنمان لە مێژووی کۆن و ڕەگ و سەرچاوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕابردوو دانەنراوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ پرۆژەی خزمەتکردن بە دەوڵەت-نەتەوەکانی خۆرهەڵاتیی ناوەڕاست و ئەورووپا و مەرامی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ئایینی دامەزراوە. بێگومان،

ئەمەیش بە بڕوای نووسەر نابابەتی مێژوونووسانی مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتیی ناوەڕاست دەردەخـات. ئـەم تێگەیشتن و مەرامەیش لە ڕێگەی گولبژێرکردنی هەندێ ڕووداوی مێژوویی و گەل (فارس، عەرەب و تورک) و دەرکردنی هەندێ گەلی تر (کورد) ئەنجام دراوە. بەگوێرەی ئەمەیش، نووسەر بۆچوونی وایە کە مێژوونووسیی سەردەم ڕەنگدانەوەی هەقیقەتی مێژوویی بنچینەی شارستانییەت نییە و لە ئاکامدا ئەوەی لە ئێستادا هەیە، جگە لە هەڵەتێگەیشتنی مێژوویی هیچی تر نییە، هەر ئەم ڕێباز و تێگەیشتنە چەوتە مێژووییانە هۆکارن لەبەردەم ئەوەی کە گەلی کورد مێژوویەکی بزر و نەگێڕدراوی هەبێت.

یەکێک لە بانگەشە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە، پەیوەندی بە زمانی سۆمەری و کوردییەوە هەیە. نووسەر، پێچەوانەی شارەزایانی زمان و مێژووی دێرین، باوەڕی وایە زمانی سۆمەری (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەناونەچووە، بەڵکوو زمانەکە زیندووە و بە شێوەی تازەی زمانەکە لە لایەن کوردەوە قسەی پێ دەکرێت. نەک هەر ئەمەش، بەڵکوو باس لە پەیوەندی و نزیکی زمانی سۆمەر لەگەڵ زمانە مۆدێرنەکانی وەک ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی و هەندێ زمانی تریش دەکات.

نووسەر ئەم کتێبەی بە بڕوایەکەوە نووسیوە کە گوایە بە توندی دژایەتی تێگەیشتنە باوەکانی مێژوونووسان دەکات لەمەڕ مێژووی کۆنی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ. هەروەتر، ئاگاداری مێژوونووسانی کورد و خۆرهەڵاتیی ناوەڕاست و ئەوروپا دەکاتەوە کە «بەبێ تێگەیشتن لە مێژووی کورد، بنەچەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و زمانە هیندۆئەوروپییەکان بە نادیاری دەمێنێتەوە.»

ئەگەر لەسەر ناونیشان و پێشەکییەکەوە سەرنجێک بدەین، ئەوا بەپێی دەرئەنجامگیرییەکانی نووسەر، لەڕاستیدا مێژووی کورد «مێژووی بزر و نەگێڕدراوە» نییە، بەڵکوو «مێژووی شێواو و پشتگوێخراوە.» هەروەها پێشەکیی کتێبەکە، پێشەکییەکی دووبارەی ناپێویستی هەمان پێشەکییە کە نووسەر لە کتێبی پێشووتریدا بە ناونیشانی «کورد کێیە؟»[١] بۆ کتێبەکەی نووسیوە، تەنها چەند کۆدێڕیکی زیاد کردووە، وەک ئەوە وایە پێشەکی بۆ چاپێکی تری کتێبی «کورد کێیە؟» نووسیبێت نەک کتێبێکی دیکەی سەربەخۆ. هەروەتر، نووسەر لە پێشەکییەکەدا، ناکارایی و هەژاری زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیاییەکانی کوردستان و لێنەکۆڵینەوە لە کتێبەکەی پێشووتری «کورد کێیە؟» کە پێی وایە دەبووایە دەنگدانەوەی مەزنی هەبووایە، وەک هۆکارێک سەیر دەکات بۆ نووسینی کتێبەکەی بە زمانی ئینگلیزی. چونکە نووسەر باوەڕی وابووە کە نووسین بە ئینگلیزی «هۆکاری سەرەکی من ئەوە بوو کە ویستم بابەتە مێژووییەکان بکەوێتە بەردەم دەزگا ئەکادیمییە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی و جیهانییەکان بەگشتی، بە مەبەستی ئەوەی کە بتوانرێت ببێتە مایەی مشتومڕی جدیی و ئەو بابەتە [پرسی دێرینی مێژووی کورد] لە ئاستی جیهاندا یەکلا بکرێتەوە.»[٢] ئەمە سەرەڕای ئەوەی نووسەر لە چەندین شوێنی کتێبەکەدا، بە توندی ڕەخنەی دەزگا ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا دەگرێت و پێی وایە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان مێژووی خۆرهەڵاتیی ناوەڕاستیان بە سوودی گەلانی عەرەب، تورک و فارس نووسیوەتەوە و لەم نێوەندەدا مێژووی کوردیان «بزر»

کردووە. هەر لە پێشەکییەکەوە، نووسەر مژدە بە خوێنەرانی مێژووی کورد دەدات کە «کتێبی لەو جۆرە پێشتر بەرهەم نەهاتووە بەتایبەت لەلایەن کوردێکەوە.»[٣]

کاک سۆران، لەبەشی دووەمی کتێبەکەدا، ئاگادارمان دەکاتەوە کە بۆ پڕکردنەوەی «بۆشاییەکی گەورە» لەسەر تێگەیشتن دەربارەی بنەچە و مێژووی دێرینی کورد، هەوڵ دەدات «لە ڕێگای تەرکیزکردنی سەرەکی لەسەر شیکردنەوەی دوو جۆر بەڵگە، نووسین/زمان و کشتوکاڵ»[٤] ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێت و لەم ڕێگەیەیشەوە «هاوشێوەی زۆر توێژەری تر،» هیوا دەخوازێت ببێت بە «پێشڕەو لەو بوارەدا.»[٥]

بێگومان، «نووسین/زمان و کشتوکاڵ» یاخود ڕاستتر بڵێین دۆزراوە کشتوکاڵییەکان یاخود شوێنەوارە سەرەتاییە کشتوکاڵییەکان، دەکەونە چوارچێوەی سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەڵام لە تەواوی کتێبەکەدا هیچشتێک لەسەر دۆزراوە تاتەقوڕینەکانی میزۆپۆتامیا نابینین (جگە لە ئاماژەی بچووکی لاوەکی بە هەندێ دەقی وەک داستانی سۆمەری «ئێنمێرکار و گەورەی ئاراتە») و هیچشتێکیش لەسەر سەرهەڵدانی کشتوکاڵ ناخوێنینەوە، جگە لە ڕیزکردن و بەرانبەردانانی وشەگەلی سۆمەری و ئەکەدی بەرانبەر هاوتا کوردییەکانیان، ئەم وشە هاوتاییانەیش لە نێوان زمانەکاندا دەکرێت وەک «وشە قەرزکردن» تەماشا بکرێت نەک وەک بەڵگەی یەکزمانی کە نووسەر بانگەشەی دەکات. هەروەها، جگە لە ڕیزکردنی ناوی هەندێ شوێنەواری دێرین (ل٤-٥)، نووسەر هیچ شتێکمان لەسەریان پێ ناڵێت، کە دەبووایە

لانیکەم لە ڕوانگەی دابەشکاریی شوێنەوارناسییەوە، ئاماژەی بە قۆناغ و کەلتوورەکانیان کردبا. بێگومان دەربارەی «وشەی لێکچووی زمانی کوردی-سۆمەری»، ئەوەندەی من ئاگاداربم، پێشتر هەردوو نووسەر مامۆستا سەباح یاسین لە کتێبی «ئاو بە تاو و فەرهەنگۆکی کوردی – سۆمەری، ٢٠١٩» بە وردی و چڕی لەسەر پەیوەندی وشە و زمانی کوردی-سۆمەری نووسیوە، هەروەها، کاک شێرکۆ عادل دەباغ، لە هەردوو کتێبی «شارستانیەتی چیلکە: زمانی سۆمەری هاوتا لە تەک زمانی کوردیدا، ٢٠٢٠ و، دەربارەی ڕەچەڵەکی بەریتانیا و ئینگلیس، بنەچە و ئاخاوتن، ٢٠١٩» نەک هەر باس لە پەیوەندی وشەیی کوردی-سۆمەری دەکات بەڵکوو باس لە پەیوەندی هەردوو زمانەکە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیشدا دەکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە نووسەر وەک خۆی دەڵێت: «ئەو بەراورد و لێکچوونانەی سەرەوە لە نێوان زمانی سۆمەری و کوردیی نوێدا شتێکی ڕوونە و ئاشکرایە. بەڵام ئەم بەراوردە لەلایەن هیچ زمانەوانێک یان مێژوونووسێکەوە هەرگیز پێشتر ئەنجام نەدراوە»[٦]، یەکەم کەس نییە «دۆزینەوەی ئەرخەمێندسی»یەکەی بۆ هاتبێت، شایەنی ئاماژەپێکردنە، هەردوو کتێبی دوو نووسەری لە پێشئاماژەپێکراو بە چەندین ساڵ پێش کتێبەکەی کاک سۆران نووسراون.

نووسەر لە ڕێگەی ئەم وشە لێکچووانەی کوردی-سۆمەری، بەو دەرئەنجامە دەگات کە زمانی سۆمەری زمانی کوردی کۆنە، نووسەر دەنووسێت: «هەر وەک لە ڕێگای وشە، دەستەواژە و ڕستەوە ڕوونکرایەوە، زمانی کوردی نوێ زمانی سۆمەرییە لە

شێوە نوێکەیدا و خەڵکی کورد هێشتا بە کۆنترین زمانی نووسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، قسە دەکەن.»[٧] بێگومان نابێت بیرمان بچێت نووسەر لەمەڕ زمانی کوردی نوێ، واتە کوردی ناوەندی (زاری سۆرانی) بە تایبەت هی ناوچەی «گەرمیان» و لە دیاریکردنی «ئەو جێگایانەی کە ئەمڕۆ بە سۆمەری دەدوێن»، دەنووسێت: «لە ناو ناوچەی جوگرافیای ئاخێوانی ئەو زاراوەیەدا [مەبەست زاراوەی سۆرانییە]، ناوچەیەکی بنەڕەتی هەیە کە زمانەکەی زیاتر لە سۆمەری دەچێت وەک لە ناوچەکانی تر: ئەوەش ناوچەی گەرمیانە.»[٨] واتە بە تێگەیشتنی نووسەر ئەگەر کوردێکی ناوچەی گەرمیان گەشتەکات بکات و بچێتەوە هەزارەی چوارەمی پێش زایین و سەردانی ئوروک بکات ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا بکات، وەک ئەوە وایە لە چەمچەماڵەوە بچێت بۆ کەلار، بەڵام ئەگەر کوردێکی سۆرانی، زاری ناوچەیەکی تر، بۆ نموونە شەقڵاوە یاخود پێنجوێن، لەگەڵ گەرمیانییەکەدا گەشتەکاتەکە بکات، ئەوا سەختتر دەتوانێت لەگەڵ دانیشتوانی ئوروک بدوێت، گومانی «بێگانە» دەکەوێتە سەر شەقڵاوەیی و پێنجوێنییەکە.

بێگومان، سەرەڕای ئەوەی نووسەر هیچ شتێکمان نە لەسەر زمانی سۆمەری نە زمانی کوردی پێ ناڵێت، واتە نووسەر لە هیچ شوێنێکدا لەسەر دوو زمانەکە ناوەستێت و باسی ڕێزمان و ڕستەسازی و بونیادی زمانەکان ناکات. ئینجا کاتێ سۆمەرییەکان دەکات بە کورد، ئاماژە بە «پرسی سۆمەری[٩]» و تیۆرەکان لەسەر بنچینەی سۆمەرییەکان ناکات، کە پرسێکی زۆر گرنگ و مشتومڕهەڵگرە لەناو مێژوونووسانی میزۆپۆتامیادا.

هەروەتر، زمان یەکێکە لە لاوازترین ئەو بەڵگانەی کە دەکرێت بۆ پەیوەندیی نەژادی دوو گەلی سەردەمی جیاوازدا بەکار ببرێت. بە نموونە، ئەگەر زمان بکرێت بە بەڵگەی یەکنەژادی ئەو کەسانەی بە یەک زمان دەدوێن، ئەوا دەکرێت بڵێین، بە نەژاد ئەفریقاییەکانی ئەمریکا کە زمانیان ئینگلیزییە یاخود ئەمریکایی و ئوستڕالیاییەکان، سکۆتلەندی و وێڵزی و ئێرلەندییەکان هەموویان بە نەژاد ئینگلیزن چونکە هاوشێوەی دانیشتوانی ئینگلتەرا بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا، هەموومان دەزانین ئەوانەی لە ئێستادا بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن لە بنەڕەتدا سەر بە نەژادی جیاوازن کە دابەش دەبن بەسەر ئەفریقا و ئەوروپادا. هەروەها، بە پێی تێزەکەی نووسەر، ئەوانەی کە بە کوردی نادوێن یاخود زمانی کوردی فێر نەبوون بە هەرهۆکارێ بووبێت، ناتوانین بە کورد هەژماریان بکەین. ئەم تێگەیشتنەی نووسەر درزی گەورە دەخاتە ناو تێزەکەیەوە. لێرەدا بانگەشەی ئەوە ناکرێت کە تێزەکەی نووسەر هەڵەیە، بەڵکوو ئەوەی ئاماژەی پێ کراوە، چەوتی میتۆدۆلۆجی یاخود بێمیتۆدی نووسەر دەردەخات.

هەروەها، نووسەر جیاوازی لە نێوان سۆمەر و کورددا، تەنها بە هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەبەستێتەوە، واتە سۆمەرییەکان بە «کوردی دەشتەکان» و کوردی هاوچەرخ بە «کوردی نوێ» (ل٣٣)، ناوزەد دەکات. بێگومان ئەم دابەشکاری و جیاوازییە لە چەندین شوێنی کتێبەکەدا دووبارە دەبێتەوە. بۆ ئەمەیش پشت زیاتر بە گێڕانەوەی نووسەرانی کلدانی، ئیسلامی دەبەستێت لە هەندێ شوێنیشدا هەندێ نووسەری ڕۆمانی-یۆنانی و کوردیش

لە ناویاندا مەلا مەحموودی بایەزیدی. خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەم دابەشکاریی و جیاوازییەی نێوان «کوردی چیا و دەشت» بگەڕێتەوە بۆ کتێبی «کومەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ئاوێر (هەولێر، ٢٠١٤)»، نووسەر و مێژوونووس بەڕێز دکتۆر زرار سدیق تۆفیق. لەم کتێبەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان دانیشتوانی کوردستان خۆیەتی بە تایبەت لە نێوان کوردانی نیشتەجێی شارەکان و ئەو کوردانەی گەرمێن و کوێستانیان کردووە نەک خەڵکی دەرەوەی جوگرافیای کوردستانی مەزن، بە نموونە سۆمەر.

بێگومان، هەر خوێنەرێکی مێژوو و بەتایبەت مێژووی دێرین، دەزانێت بۆ ئەوەی مێژوونووسێک تێزێکی بەرهەم بهێنێت، چەندین بەڵگە بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندنی تێزەکەی. واتە ئەگەر مێژوونووسێک بانگەشەیەک بکات، دەبێت چەندین ڕووداو و بەڵگەی مێژوویی (سەرەکی و لاوەکی بەڵام کەمتر زارەکی) لە چەندین ڕوانگەوە بە پشتبەستن بە چەندین بواری مەعریفی شیکار و لێکبداتەوە تاوەکوو هەوڵ بدات خوێنەرانی قایل بکات بەوەی کە تێزەکەی نزیکە لە ڕاستی ئەم سەردەمەی باسی لێوە دەکات. بێگومان بۆ مێژووی دێرین ئەرکەکە زۆر سەختترە، چونکە ئەگەر سەیر بکەین، میزۆپۆتامیا زیاتر لە ژوورێکی تاریک دەچێت کە ناوبەناو ڕوناکییەک لە ژوورەکە دەدات و هەندێ بەشی ناو ژورەکە ڕۆشن دەکاتەوە و زوو ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت. ئەگەر وێنەی ئەم ژوورە تاریکە وەربگێڕینە سەر دۆزراوە شوێنەوارییەکان، ئەوا دەبینین لەناکاو ناوێک یاخود گەلێک دەردەکەوێت و ئیدی دوای ماوەیەک بۆ چەندین سەدە

ناوی بزر دەبێت و دواتر دەردەکەوێتەوە، زۆرجاریش هەیە گەلێک دەسەڵاتێکی زاڵ بەسەر تەواوی میزۆپۆتامیادا دەسەپێنێت بەبێ ئەوەی بۆ مێژوونووسان ڕوون بێت کە ئەو گەلە پێشتر لە میزۆپۆتامیادا ژیاون یاخود کۆچیان کردووە لە شوێنێکی دوورەوە. بە کورتی، کارکردن و نووسینەوەی مێژووی دێرین ئەرکێکی زۆر سەختە، چ بگا بەوەی کەسێ بتوانێت لە دوتوێی کەمتر لە ٤٠٠ لاپەڕەدا مێژووی ١١،٣٠٠ یازدە هەزار و سێ سەد ساڵی ناوچەکە بنووسێتەوە.

نووسەر کۆڕستەیەکی ئیبن وەحشییە کە دەنووسێت: «بە توانایی کورد لە کشتوکاڵ و ڕووەکناسیدا بوو. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە نەوەی بینوشادن و کتێبەکانی ئادەمیان هەیە لەسەر کشتوکاڵ.»[١٠]، دەکات بە بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت «کورد نەتەوەی پێشڕەو بووە لە زانستی کشتوکاڵ و ڕووەکناسیدا، کە بنەچە سۆمەرییبوونی ئەوان [کورد] دەسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی سۆمەرییەکان بە تواناترین نەتەوە بوون لە کشتوکاڵدا.»[١١] ئەم تێگەیشتنەی کە نووسەر لای وایە تەنها لەبەرئەوەی کوردەکان لە سەردەمی ئیبن وەحشییەدا لە بواری کشتوکاڵدا لە کلدانییەکان بە تواناتر بوون، سەلمێنەری «بنەچە سۆمەرییبوونی کوردانە» بەڵگەیەکی بەهێز نییە، چونکە دەکرێت بەم تێگەیشتنە بێت، کورد بچنەوە سەر دانیشتوانی میسر و ئیسرائیل و ئەردەنی ئێستایش، یاخود ئەو گەلانەیش لە بنچینەدا کورد بن، چونکە ئەوانیش لە هاوسەردەم و نزیک بە سەردەمی سۆمەرییەکان خەریکی کشتوکاڵ و ئاودێری بوون. هیچ کەس ناتوانێت گومان لەوە

بکات کە یەکەمجار کشتوکاڵ لە کوردستان سەری هەڵداوە و، بەڵگە شوێنەوارناسییە دۆزراوەکان (هەتاوەکوو ئێستا، کە دەکرێت دۆزینەوەی تر ئەم تێگەیشتنە هەم زیاتر بسەلمێنن هەمیش پیچەوانەی بکەنەوە)، یەکەمجار دانەوێڵە لە ناوچەی «قەرەجداغ»ی نێوان هەردوو گەورەشاری کوردی ئامەد و ئورفەماڵی کراوە[١٢]، بەڵام ناکرێت هاوتوانستی کشتوکاڵیی کورد و سۆمەر وەک بەڵگە بەکار بهێنرێت بۆ یەکنەتەوەبوونی ئەم دوو گەلە. ئەمە سەرەڕای ئەوەیش، ئەگەر گریمانەی یەکنەتەوەییبوونی کورد ڕێتێچوو بێت. ئەوا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر وردی شوێنەوارناسی و کەلتووری هەیە نەک وەرگرتنی کۆدێڕی نووسەرێکی کلدانی کە زیاتر قسەی سەرزارەکی خەڵکی تۆمار کردووە نەک خۆی لێکۆڵینەوەی کردبێت لەسەر پەیوەندی نێوان کورد و سۆمەر.

لەمەیش زیاتر، نووسەر زمانی گەلانی دێرینی تری کوردستان هەر وەک کوردی هەژمار دەکات، بە نموونە دەنووسێت: «زمانی هوری، هاوشێوەی کوردی نوێ، لە ژمارەیەک زاراوە پێکهاتووە کە لە چەند دەوڵەتە شارێکدا قسەی پێ دەکرا. زۆر لایەنی زمانەوانیان لە زمانەکانی مادی و کوردی نوێدا ماوەتەوە.»[١٣] ئەمە لەکاتێکدایە کە تاوەکوو ئێستا جگە لە چەند وشە و ناوی هۆری و دەقی کورتی پچڕاو، هیچ شتێک لە زمانی هۆریدا نەماوەتەوە، کەچی نووسەر نەک زمانەکە بە کوردی دەزانێت بەڵکوو دابەشکاری زاراوەیی زمانەکەش هاوشێوەی کوردی نوێ لێ دەکات. تەنها لە ڕێگەی دەقی نموونەی «ڕاهێنانی ئەسپی کیکوڵی» و نزیکی هەندێ وشەی زمانی

هۆری لە زمانی کوردی نوێ نووسەر دەخوازێت باوەڕمان پێ بهێنێت کە «زمانەکانی مادی، میتانی و کوردی نوێ هەمان زمانن کە لە سەردەم و ناوچەی جیاوازی کوردستاندا قسەیان پێکراوە.»[١٤] بێگومان، کەس مافی ئەوەی نییە و نایشزانرێت کە هۆرییە دێرینەکانی کوردستان -کە بێگومان هۆرییەکان باوانی کوردن-، بلێت بە هەمان زمانی کوردی نوێ قسەیان کردووە، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی بەڵگەی تەواوەتی و یەکلاکەرەوە بەردەست نییە بۆ سەلماندنی. تەنها شتێک لە ئێستادا بتوانین بیکەین، چاوەڕێی شوێنەوارناسان بین تاوەکوو کنەی تەواوی ناوچەی هۆری‌نیشتەجێکانی کوردستان بکەن و دەقی نوێمان بۆ بدۆزنەوە و دەقەکانیش وەربگێڕدرێن و ئەوکاتە دەتوانرێت بانگەشەی نزیکی زمانی هۆری و کوردی پشتڕاست بکرێتەوە.

پەیوەست بە پەیوەندی تێز و بەڵگەوە، نووسەر چەند بەڵگەیەکی دیاریکراو بۆ سەلماندنی چەند تێزێک بەکار دەهێنێت، واتە بە پێچەوانەی مێژوونووسانی تر لەبری ئەوەی چەندین بەڵگە بۆ سەلماندنی تێزێک بەکار ببات، ئەوا چەند بەڵگەیەک یاخود بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی چەندین تێز بەکار دەبات. من لێرەدا بەڵگەکان ڕیز ناکەم لەگەڵ تێزەکانی نووسەر و ناچمە ناو وردەکاری چۆنیەتی کارپێکردنی ئەم بەڵگانە لەلایەن نووسەرەوە، چونکە ئەگەر ئەمە بکەم ئەوا وتارەکە زۆر تاقەتپڕوکێن دەبێت چونکە دووبارەبوونەوەکان وەکوو نوکتەی کەسێکی قسەناخۆش وان کە بۆ ئەوەی هەزەلیبوونی خۆی بسەلمێنێت، چەندینجار نوکتەکەی لە چەندین دۆخ و خوانی جیاوازدا دووبارە دەکاتەوە. خوێنەر دەتوانێت سەیری کتێبەکە بکات بۆ ئەوەی بزانێت کە

نووسەر بۆ سەلماندنی «تێزەکانی»، لە چەندین شوێندا یەک بەڵگە بەکار دەبات.

نووسەر، ئەو دەقەکانەی کردوون بە بەڵگە کە زیاتر تۆماری گێڕانەوەی زارەکیی مێژوون نەک بەڵگەی کۆنی سۆمەری و ئەکەدی یاخود هەر گەلێکی مێخینووس. کاک سۆران، لە بەڵگەهێنانەوەکانی زیاتر پشتی بە نووسەرانی یۆنان-ڕۆمانی و ئیسلامی بەستووە بۆ سەلماندنی تێزەکانی. لە زۆرشوێندا هیرۆدۆتی وەک بەڵگە هێناوەتەوە، دروستە هێرۆدۆت لەلایەن سیسرۆی سیاسەتمەدار و فەیلەسوفی ڕۆمانی بە «باوکی مێژوو» ناوزەد کرا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە لایەن پلوتارک بە «باوکی درۆ» ناوی براوە[١٥]. دەکرێت پێش ئەوەی زانستی شوێنەوارناسی، ئەو کاتەی کە شوێنەوارناسی بەتەواوی شێوەی نەگرتبوو و دۆزراوەکان لەسەر خۆرهەڵاتیی ناوین بەربڵاو نەبوون، هیرۆدۆت یاخود هەر مێژووتۆمارکەرێکی کۆن گرنگی زۆری هەبووبێت بۆ مێژوونووسان، بەڵام دوای دۆزینەوە شوێنەوارناسییەکان و لێکۆڵینەوە لە دەقە مێخییەکان، هیرۆدۆت بە دەگمەن وەک سەرچاوە بەکار دەبرێت. بێگومان ناتوانین بڵێین تەواوی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت نادرووستن، ئەوەتا، دەکرێت ئەم تێگەیشتنەی هیرۆدۆت کە دەربارەی مەترسی هاوسەرگیری نێوان دوو کەسی سەر بە دوو گەلی جیاواز دەکات و وەچەکانیان بە مایەی سەرئێشە و کێشە دادەنێت وەک ڕاستی وەربگرین. بۆ نمونە هیرۆدۆت کوروشی دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشی وەک (ئێستر) دەناسێنێت، بەکارهێنانی ئەم سیمبوڵە کە لە چەندین شوێنی تری

کتێبەکەدا دوبارە دەبێتەوە. هیرۆدۆت بۆیە ئەم سیمبولێزمە بۆ کوروش بەکار دەهێنێت چونکە دایکی (ماندانای) کچی پاشا ئاستیاگی مادییە و باوکیشی (کەمبوجی یەکەم)، دایکی کوروش وەک (ماین) و باوکی وەک (کەر) وێنا دەکات و وەچەی ئەم دووانەش (ئێسترە)، وەک ئاشکرایە ئێستر وەچە ناخاتەوە و «بێ بەرهەمە»، ئەمەشی بۆیە بەکاربردووە کە باوەڕی وابووە فارسەکان ناتوانن هیچ شتێک دابهێنن و جگە لە هەڵگرتنەوەی کەلتور و تایبەتمەندی سەردارانیان.[١٦] هەروەها، زۆرجار نووسەر، تێگەیشتنی پەرتووکی پیرۆز (پەیمانی کۆنی) بەکار بردووە لە بەڵگەهێنانەوەکانی، ئەمە لەکاتێکدایە کە پەیمانی کۆن هەرگیز لەلایەن مێژوونووسانی پێش-مێژوو (بەر لە داهێنانی نووسین)، وەک سەرچاوە بەکار نابرێت. واتە، ئەگەر هاتبا و خودی پەیمانی کۆن و هەتا قورئانیش، باسی ڕیشەناسیی کوردیشیان کردبا، ئەوا لە مێژوونووسیدا نەدەتوانرا پشتی پێ ببەسترێت، چونکە هەردووکیان «ڕاستەقینەیی مێژووییان» یەکلایی نەبووەتەوە و بێگومان ئەگەر ئەم دەقانە بخرێنە ناو مەکینەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی، ئەوا وەک تۆزی سەر بانان بە با دەچن. واتە زۆرێک لەم سەرچاوانەی نووسەر بەکاری بردوون بە تێگەیشتنەکانی دەقە ئایینیە ئیبراهیمییەکانیشەوە، لەناو شوێنەوارناسی و بەدەست شوێنەوارناسانەوە چارەنووسی «گوڵ»ـەکەی نالی مەزن چاوەڕێیان دەکات بەدەست «باغەوانەوە»، ئەمانە کە «یاغی و دەم دڕاو... [کەوتوونەتە] لاف و ڕەنگ» بەدەست شوێنەوارناسییەوە دەنێردرێن بۆ»بازاڕی ڕیسوایی کە بیدا شوست و شۆی.»[١٧] بەکورتی، دروستە ئەم

دەقانەی کاک سۆران پشتی پێ بەستوون ڕاستیی مێژووییان هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی دەقەکان ڕاستیی مێژووییان نییە.

یەکێک لە تێگەیشتنە سەرنجکێشەکانی نووسەر، دەستەواژەی «سێگۆشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی»یە (ل٥١–٥٨). بە هەمان شێوەی بەڵگەهێنانەوەکانی تری نووسەر، لێرەیشدا جگە لە ئاماژەیەکی سەرپێی بە «گریێ مرازان» تەواوی بەڵگەهێنانەوەکانی تری دیسانەوە دەچێتەوە ناو هەندێ سەرچاوەی گێڕانەوەی زارەکیی مێژوو و دەقە ئایینییەکان. ئەمە لەکاتێکدایە کە نووسەر خۆیشی دان بەوەدا دەنێت کە «هەرچەندە زۆربەی ئەم ئەفسانە و چیرۆکانە ناتوانرێت وەکوو ڕوداوی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت» بەڵام تەنها لەبەرئەوەی نووسەر لای وایە ئەمانە «هەڕەمەکی نین» (ل٥٤)، ئەم گێڕانەوانە بەکار دەبات بۆ ئەوەی تێزەکەی لەسەر جوگرافیای نێوان شرناخ و ئورفە و شەنگار، بە دانانی سنوری ئەم ناوچانە وەک «سێگۆشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی» بسەلمێنێت.

هەروەها، نووسەر لە بەشێکدا لەسەر «کەسایەتیە ناودارەکانی کورد بە درێژایی مێژوو» دەوەستێت، لەم بەشەدا نووسەر باسی هەندێ کەسایەتی کردووە کە زۆربەیان نووسەر و زانان. واتە، تەنها ئەم چەند ناوانەی کە لەسەریان وەستاوە بە «کەسایەتی ناوداری کورد» هەژمار دەکات. بیریشمان نەچێت، بەپێی مێژووی ژیانی ئەم کەسایەتییانە، بۆ نووسەر «درێژایی مێژوو» واتە، سەدەی دووی هەزارەی زایینی هەتاوەکوو سەدەی چواردەی زایینی.

یەکێک لەو دیاردە سەیرەی کە نووسەر بە درێژایی کتێبەکە نیشانی دەدات، گەڕاندنەوەی مافی هەندێ لەم نەخشانەیە کە لە کتێبەکەیدا بەکاری بردوون. کەم مێژوونووس هەیە لە دونیادا ئەم کارەی کردبێت مەگەر مێژوونووسەکە خۆی پسپۆڕی بواری جوگرافیا و نەخشەکێشی بێت. کاک سۆران تەنها لەبەرئەوەی ئەم ناوچانەی کە پێشتر لەلایەن خەڵکی پسپۆڕەوە بە پشتبەستن بە شوێنەوار و تایبەتمەندی جوگرافیایی ناوچەکان، شوێنەکان یەکلایی کراونەتەوە، نووسەر بە ڕەنگتێرکردنی «ناوچەکە» و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی «کوردی» ئەوا مافی خودی نەخشەکە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە و دەیەوێت فریوی ئەوەمان بدات کە خۆی هەستاوە بە نەخشاندنی نەخشە جوگرافییەکە.

لەم بەڵگەهێنانەوەی نووسەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە لای نووسەر بەڵگە و سەرچاوە لەسەر کورد و ئەم ناوچەیەی کە پێی دەگوترێت «کوردستان» زۆر کەمە، جگە لەم سەرچاوە تۆمارە زارەکی و ئاینییانە نەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە مێژوونووسی مەزنی کورد، مێهرداد ئیزەدی دەنووسێت: «سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری لەسەر مێژووی کورد، لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخ، لە هەموو کتێبخانە گەورەکانی جیهاندا زۆرن و بە ئاسانی بەردەستن. ئەوەی کە ڕێگر بووە لە کۆکردنەوەی مێژووی کورد کەمیی توێژینەوە بووە نەک کەمیی سەرچاوەی توێژینەوە.»[١٨] ئەمەی نووسەر کردوویەتی ناکرێت وەک لێکۆڵینەوە-لە-سەرچاوە-دێرینەکان بێت لەسەر مێژووی کورد، وەکئەوەی گواستنەوەی تۆمارە زارەکییە مێژووییەکان بێت لەسەر کورد. بێگومان بۆ هەندێ سەردەمی مێژووی نووسەر

بەڵگەهێنانەوەکانی جوان پێکاویەتی، بەڵام پەیوەند بە «پێش-مێژوو» ئەو سەردەمەی نووسین دانەهاتووە و سەرەتاکانی داهێنانی نووسین، بە نموونە سەردەمەکانی هەلەف، ئوبەید، سۆمەر و ئەکەد هیچ باسێک نەکراوە و ئەگەریش باسکرا بن و ناویان بردرابێت، پشت بە بەڵگە شوێنەوارناسییەکان و نووسینە مێخییەکان نەبەستراوە.

وەک لەسەرەوەیش ئاماژەی پێ کرا، نووسەر بۆ سەلماندنی تێزەکانی لە هەربەشێکی کتێبەکەیدا، بەڵگەهێنانەوەکانی زۆر لاوازن و، دووبارەکردنەوەیەکی ناپێویست و هەندێجاریش بێزارکەری سەرچاوەکان، زیانی زۆری بە تێزەکانی نووسەر گەیاندووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ دەستەواژەی نادروست و ناپێویست بەکار دەبات، بە نموونە «ئیمپڕاتۆریەتی ئەیوبی» (ل٣٣٠) بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەیوبییەکان بەکار دەبات کە لایەن سەرکردەی کورد سەلاحەدینی مەزن دامەزراوە. ئەم دەسەڵاتەی سەلاحەدینی مەزن دایمەزراندووە، لەلایەن مێژوونووسان و لەنێو مێژوویشدا بە «ئیمپڕاتۆرییەت» ناو نەبراوە. هەروەتر، ڕیزکردنی ناوی «هەندێک کەسایەتی ژنی هەڵکەوتووی کورد» (ل١٠٠)، بە واتای بەرزی پێگەی ژن نایەت لەنێو گەلی کورددا بەراورد بە گەلانی تری ناوچەکە، چونکە لەناو تەواوی گەلانی دونیادا هەمیشە «کەسایەتی ژنی هەڵکەتوو» هەبووە. ناکرێت گومان لە تێگەیشتنەکەی نووسەر بکرێت، بێگومان پێگەی ژن لەناو کورددا زۆر جیاوازترە بەراورد بە پێگەی ژن لەناو گەلانی تری ناوچەکەدا بەتایبەت سامییەکان، بەڵام دیسانەوە میتۆدۆلۆجیی نووسەر کێشەدارە و ئەم سەرچاوانەی کە پشتی پێ بەستوون

دیسانەوە تۆماری زارەکین نەک لێکۆڵینەوەی وردی مرۆڤناسی و کەلتوورناسی لەسەر ژن و پەیوەندی ڕەگەزی لەناو گەلی کوردا. ئەگەر هاتبا و نووسەر ئەمەی کردبا، دڵنیام زۆر جێگای سەرنج و دەستخۆشی دەبوو.

بەدەر لەمانە، نووسەر «زەردەشتی پێغەمبەر» و «ژنانی ئەمازۆن» دەکات بە کورد. بێگومان تاوەکوو ئێستا کەس نازانێت و نەسەلمێندراوە کە «زەردەشت» هاوشێوەی «ئیبراهیم و موسا» بوونی هەبووبێت یاخود نا. واتە مێژوویبوونی ئەم کەسایەتییانە گومانیان لەسەرە و تاوەکوو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی هەبوونی ئەوانی نەسەلماندووە. هەتا گومان لە کوردبوونی ئایینەکەیش هەیە، بەدڵنیاییەوە زەردەشتییەت هاوشێوەی یەهوودییەت و مەسیحی (کە سەردەمێک هەندێ لە خەڵکی کورد باوەڕیان پێ بووە) و ئیسلامیش بەسەر کورددا بەزۆر سەپێندراون و دوورونزیک پەیوەندییان بە ئایینی کۆنی «مۆغە» کوردەکانەوە نییە، کە دوای فەرمیبوونی ئایینی زەردەشتی لەلایەن ئیمپراتۆرییە فارسەکانەوە لە سەدەی شەشەمی پێش‌زایینەوە، دەستدەکرێت بە کوشتاری «مۆغەکان» لەلایەن دەوڵەتەوە. سەبارەت بە ئەمازۆنییەکان، نووسەر پشت بە وتەی سەرزار یاخود میناک[١٩] دەبەستێت تاوەکوو ئەمازۆنەکان بە کورد دابنێت. گوایە لەبەرئەوەی هەندێ نووسەر ژنانی جەنگاوەری کوردیان بە ئەمازۆنی ناو بردووە ئەوا دەکرێت ئەمازۆنییەکان کورد بووبن. نەک هەر ئەمەیش، وشەی ئەمازۆن کە وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای «بێمەمک» یاخود «مەمکبڕاو» دێت، نووسەر لای وایە یۆنانییەکان هەڵەیان

لە ناوەکەدا کردووە و لەڕاستیدا ناوەکە «هەمووژن»ـە نەک ئەمازۆن. ئەم جۆرە لە گرێدانەوە و دەستکاریکردنی وشە بەپێی هیچ بوارێکی زانستیی سەردەم مایەی قەبوڵ نییە بەڵکوو مایەی «ئەها»یەکی گاڵتەئامێزە.

هەروەها، بێگومان مێژووی کورد هەرگیز ئەوە نییە کە «خەڵکانی بێگانە و ناکورد» زۆرجار بە ڕەچەڵەک کوردیش تۆماریان کردووە، بۆ نموونە هەندێ کەس کە سیخناخن بە نەریتی ئیسلامی، دەیانەوێت کورد بگەڕێننەوە بۆ یەکێ لە کوڕەکانی «نوح،» باوەڕیان وایە لەم ڕێگەیەوە «شانازی» بۆ کورد دەگێڕنەوە، وەک ئەوەی کەسێ هەبووبێت لە مێژوودا ناوی «نوح» بووبێت! وەک ئەوەی ئەگەر کورد بچێتەوە سەر یەکێ لەم «پێغەمبەرانەی» نێو دەقە ئیبراهیمییەکان ئەوا دێرینبوونی کورد یەکلایی دەبێتەوە، بێئاگا لەوەی کە بەپێی پەیمانی کۆن، کە دەقێکی کۆنترە لە قورئان، «تەمەنی زەوی ٦ هەزار ساڵە.» ئەم نوکتە مێژوویی و جوگرافییە، ئەوەندە سواوە مرۆڤ زۆریش لە خۆی بکات ناتوانێت پێبکەنیت. بە تایبەت عەرەب، فارس و تورک، چونکە لەڕاستیدا، گێڕانەوە و تۆمارە مێژووییەکانی ئەوان نەک شایەنی ئەوە نییە بەرپەرچ بدرێنەوە، بەڵکوو کلۆڵی و هەژاریی بێ بنەچەیی کەلتوریی ئەم گەلانە دەردەخات کە ئەوان مێژوویان لەسەر بنەمای کۆمەڵێ ‹چیرۆکی بەرئاگردان› بونیادناوە کە بە هێزی باڵی تەپۆیەک ڕادەماڵرێت.

بۆیە، لەسەر مێژوونووسانی کورد پێویستە بە وردی و ماندوونەناسانە لە ڕێگەی دەزگای نیشتیمانییەوە، دەست بکەن بە کنەکردنی دەقە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتیی

نزیک و دۆزراوە شوێنەوارییەکان بەکاربهێنن، دەکرێت زۆر پشت بە کارەکانی هەردوو دکتۆری پسپۆڕ و شارەزای بواری شوێنەوارناسی و مێژووی دێرینی کورد دکتۆر کۆزاد محەمەد ئەحمەد و دڵشاد عەزیز مارف (دڵشاد زاموا) لەگەڵ چەندین کەسانی پسپۆڕ و شارەزای تری کورد ببەستن بۆ یەکلاکردنەوە و نووسینەوەی مێژووی دێرین و ڕاستەقینەی کورد.

بێگومان، هەڵە میتۆدۆلۆجی و بەڵگەهێنانەوە-دووبارەکانی نووسەر ئەوەندە زۆرن، لە وزەی وتارێکی کورتدا نییە دیارییان بکات، بێگومان ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە وەک لە پێشەکیەکەی کتێبەکەدا دەردەکەوێت، ئەم کتێبە ئەوەندەی تێگەیشتنی دەروون-کۆمەڵایەتی بەسەر نوسەردا زاڵە، تێگەیشتنی مێژوویی تێدا نییە. بەکورتی، بە دڵتەنگییەوە ئەم دێڕانە دەنووسم، چونکە لەڕاستیدا وەک هەر خوێنەرێکی مێژووی کورد و خەمخۆری مێژووی کۆنی گەلەکەمان شادومان بووم بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بەڵام نەک لە پای چاوەڕوانییەکانمدا نەبوو، بەڵکوو نائومێدیشی کردم کە «مێژوونووسانمان» لەم ئاستە سەرەتاییەی مێژوونووسیدان. ئەگەر بە وشەیەک پێناسەی ئەم کتێبە بکەم، ئەوا ئەم کتێبە جگە لە کتێبێکی زڕەمێژوو هیچی تر نییە و نووسەر بەم بانگەشە زۆرانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کردی دەخوازێت خوێنەری کورد فریو بدات کە تەنها ئەو مێژووی «بزری» کوردی دۆزیوەتەوە. ئەم کتێبە لە باشترین باردا، کتێبێکی کاریکاتێری دزێوی مێژووناسییە، بەشێوەیەک دەکەوێتە نێوانی گاڵتەجاری و بەزمەساتی مێژوویی،

که بەهیچ شێوەیەک نابێت بخرێتە ناو ڕەفەی مێژوونووسی کوردییەوە. لە خراپترین باریشدا، «جوتکردنە لەناو ئاودا»، چونکە «مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد» وەک جۆگەلەیەکی وشک لەبری ئەوەی تینوێتی مێژوویی خوێنەرانی مێژووی کورد بشکێنێت، ئەوا خواستی خوێندنەوەشیان دەربارەی مێژووی کورد وشک دەکات. بێگومان، ئەم کتێبە بۆ ئەو خوێنەرانەی ئاگایی مێژوویان نییە و هەگبەی مێژووییان هاوشێوەی دەستەواژەی باوەڕدارانی «زەوی تەختە» بەتاڵە، ئەمە کتێبێکی سەرنجکێش و گرنگە لەسەر کورد و مێژووەکەی، بەڵام بەداخەوە، ئەم کتێبە ئەوەندەی زیان بە مێژوونووسی کورد دەگەیەنێت، سوود بە مێژووی کورد ناگەیەنێت.

تەنها سوودێک ئەم کتێبە بە ئەوانەی بگەیەنێت کە سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژووی کوردن، ئەوەیە کە ناکرێ جارێکی تر کتێبی وەها بخوێنینەوە یاخود مێژوو بەم شێوەیە بنووسینەوە.

[١] کورد کێیە؟ (مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زاینی)، سۆران حەمەڕەش

[٢] مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد: سەرلەنوێ دۆزینەوەی سەرەتای شارستانییەتی ڕۆژئاوا و بنەچەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان (لە ١٠٠٠٠ پ.ز وە بۆ ١٣٠٠ ز)، لXI

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لXX

[٤] هـ س، ل٧

[٥] هـ س، لXI
[٦] هـ س، ل٢٤
[٧] هـ س، ل٢٥
[٨] هـ س، ل٣٤
[9] The Sumerian Problem
[١٠] مێژووی بزر و نەگێڕدراوی کورد، ل٣٥-٣٦
[١١] هـ س، ل٣٥
[12] Pourkheirandish M, Dai F, Sakuma S, Kanamori H, Distelfeld A, Willcox G, Kawahara T, Matsumoto T, Kilian B, Komatsuda T. On the Origin of the Non-brittle Rachis Trait of Domesticated Einkorn Wheat. Front Plant Sci. 2018 Jan 4;8:2031. doi: 10.3389/fpls.2017.02031. PMID: 29354137; PMCID: PMC5758593.
[١٣] مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، ل٣٩٢
[١٤] هـ س، ل٢٣
[15] https://history.howstuffworks.com/historical-figures/herodotus.htm
[١٦] خوێنەر دەتوانێت بۆ زیاتر ئاگاداری دەربارەی چەمکی (ئێستر لای هیرۆدۆت، بۆ ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە بگەڕێتەوە: Strong AK. Mules in Herodotus: the destiny of half-breeds. Class World. ٢٠١٠;١٠٣(٤) و Roy, Cornelia. (٢٠١٠). Cyrus the Mule or Cyrus the Persian? SSRN Electronic Journal.
[17] https://books.vejin.net/ck/text/610
[١٨] https://www.nawext.com/ku/post/view/گەڕان-بە-دوای-بنەچەی-کورددا
[19] byword

# سەرنجی زۆرکورت دەربارەی کتێبی:
# کورد کێیە! مێژوی بزرونەگێڕدراوەی کورد
# لە نوسینی: سۆرانی حەمەڕەش

**دکتۆر زەکەریا (شۆڕش) قادر:**

کتێبەکەی کاک سۆران، کلاسیکە و توانای دۆزینەوەی ئاسۆی نوێی نەبووە. .بەداخەوە کورد لە بواری زانستی مێژوویی و ئاستی فەلسەفییەوە ئەوەندە دواکەوتووە کە سەدساڵ لەدوای ئێران و دوسەدساڵ لەدوای ئوروپاوەیە و نەیتوانیوە شتێکی ئەوتو و نوێ دابڕژێێت هەر کتێب دەنووسن رەگەز و زمانی کورد لەکوێوە هاتووە و، فلان نووسەر چی گوت و ...، و ئەم شتە بەڕاستی بێ بایەخ وزۆرپاتە. خۆ هیچ شرۆڤەی کولتووریی کوردیینیە، هیچ روانگەیەکی کوردی لەناو ئەو کتێبەدا نییە.

**دکتۆر زامووا لە زانکۆی سلێمانی:**

زۆر گەل و وڵات نووسەری لەو جۆرەی هەن، وەک (خەزعەل ماجدی) و (فیراس سەواح) و (ئەنیس مەنسور) و ئێران و تورک و ئەرمەنیش چەندانیان هەن، ئەم نووسەرانە کتێبەکانیان پڕ فرۆشترینن، و هەندێکیان زۆرترین نووسینیشیان هەن، بەڵام هیچ کات ناتوانن جێگەی خۆیان لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بکەنەوە، و تەنها تینوێتی خوێنەری ئاسایی و نەشارەزا یان هەندێک خاوەن بڕوانامەی کتێب نەخوێن دەشکێنن، بەڵام هیچ نووسەرێکیان هێندە خۆبەشتزان و مەغرور نەبوون کە کۆی سەرچاوە مێژووییەکانی وڵات و زمانی خۆیان ڕەتبکەنەوە، و چاویان بنوقێنن بەرامبەر زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان

**دەشتی محمود:**

تەنها سوودێک ئەم کتێبە بە ئەوانەی بگەیەنێت کە سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسینەوەی مێژووی کوردن، ئەوەیە کە ناکرێ جارێکی تر کتێبی وەها بخوێنینەوە یاخود مێژوو بەم شێوەیە بنووسینەوە.

**شاسوار هەرشەمێیی:**

(زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی زمان) و لێکدانەوەی (ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە زمانەکان)، کە کاک سۆران (هیچیان لەسەر نازانێت)، بۆیەشە بەراوردکردنەکانی تەنیا بە (لێکچوونی ڕواڵەتی) وەرگرتووە. ئەمڕۆ ئێمە کێشەمان لەگەڵ دەقی کوردیی مەلایەکی سەد ساڵ پێش ئەمڕۆ هەیە و کەسانی زۆر شارەزا بە چەندان شێوە خوێندوویانەتەوە و تۆماریان کردووە، جا وەرە زمانێکی سێ تا چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بێنە و نە زەمەن و نە جوگرافیا لەبەرچاو بگرە و ڕێک بە وشەیەکی (زاری سۆرانی ئێستای کوردیی) بچوێنە! بێگومان لێکچوونەکان دەبنە لێکچوونی ڕواڵەتیی و داتاشراو و ڕێکەوت! ئەگەر ئەم پێکچوواندنە ناڕاستانە لە سەرجەم کتێبەکەی کاک سۆران لابدەین، ئیدی بابەتەکانی ناوی وەک ئاردی ناو دڕکیان لێدێت و ناچنەوە سەریەک.

**شێرکۆ عادل دەباغ:**

چ نووسەرێکە ئەوکەسەی سۆمەری نەزانێ و بەناوی سۆمەریەکانەوە قسەبکات

**جوتیار ئەحمەد:**

هەرکەسێک خوێندەواربێت شوێن ئەمجۆرە نووسەرە پۆپۆلیزمانە ناکەوێت، ئەم کاک سۆران حەمە ڕەشە ئەوەندە بە تاسەوە لە ڕقی ناسیۆنالیزمەکانی وڵاتانی سەردەست کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە خەریکی جۆرێک لە نووسینی مێژووە کە ئەگەر وریا نەبێت پێش پانتورک و پانئێرانی هەموو پانەکانیتر دەداتەوە، تەواو خۆی گۆڕیوە بۆ ئەو دڕندەیەی کە نیتچە باسی دەکات

**شێرکۆعادل دەباغ**
لە دایک بووی ١٩٦٨، سلێمانی – قەزازەکان، دانیشتوی شاری لەندەن
پەیوەندی: sherkoedel@hotmail.co.uk ,

**بەرهەمە بڵاوکراوەکان:**

دەربارەی ڕەچەڵەکی بەری تەنیا و ئینگلیس، بنەچەو زمانیان ٢٠١٩ بە کوردی و بە ئینگلیسی .

شارستانیەتی چیلکە، زمانی سۆمەری و هاوتایی لەتەک زمانی کوردی دا ٢٠٢٠

کوردا، کورتەی قۆناغەکانی مێژووی کورد ٢٠٢٢

**بەرهەمە بڵاونەکراوەکان:**

لاولاویەکان، یەکەمین مرۆفی ژێری سەرەتایی ٢٠٢٤

ساڵنامەی کوردی و ساڵە داگیرکاریەکانی کوردستانی کۆن

لێکۆڵینەوە مێژوویەکان دەربارەی مێژووی دێرین

دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی، چەند ووتارێکی ڕەخنەی مێژوویی، ئامادەکردن ٢٠٢٣

شارستانیەتی چیلکە بەرگی دووەم